# راپۆرتی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان




خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان
ساڵی چوارەم _ خولی گرێدانی بەهارە
(1 ی ئازاری 2022 بۆ 31 ی ئابی 2022)

راپۆرتی دەیەم
خولی پێنجەم

2022

له بڵاوكراوەكانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان ژمارە (٨٢)

# راپۆرتی چاودێریی و
# هەڵسەنگاندنی كارەكانی پـەرلەمانی كـــوردستان

## راپۆرتی دەیەم

خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان

ساڵی چوارەم _ خولی گرێدانی بەهارە

(١ی ئازاری ٢٠٢٢ بۆ ٣١ ی ئابی ٢٠٢٢)

٢٠٢٢

## ستافی کار

سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

ڕێکخەری پرۆژە:

**محەممەد کەریم ئەحمەد**

بەرپرسی بەشی کوردی ڕوانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

بەرپرسی بەشی عەرەبی ڕوانگەی پەی:

**میران حسین حەسەن**

ژمێریاری پرۆژە:

**ڕوانگە فایەق عەلی**

چاودێری پرۆژە:

**ڤیان محەممەد قەرەنی**

چاودێری پرۆژە:

**شۆخان مەحمود عەبدولەجید**

تۆماری داتا:

**تروسکە سەروەر عەبدوڵلا**

دیزاینەر:

**باڤین سەروەر**


★- ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان **(PAY):**

-لە (٢٠١٣/١١/٢٦) بە فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (١٤٠٦) تۆمارکراوە.

-لە (٢٠٢٢/٢/٢٠) بە فەرمی لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عیراق لە بەغدا بە ژمارە (٥١٨٦) تۆمارکراوە.

★- پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (**NED**)ی ئەمریکی دەستی پێ کردووە،



**ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم- تەلاری شامیر

تەلەفۆن: 0096453320502 - 07701564576

ئیمەیل: payinstitute@gmail.com /sarwary74@yahoo.com

فەیسبوك: facebook.com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www.payinstitute.org



**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠٢٢**

# ناوەرۆك


پێشەکی ..................... ٥
پوختەی خولی بەهارە ..................... ٧
١- دانیشتنەکانی پەرلەمان ..................... ٨
٢-دۆخی یاسادانان ..................... ١٠
٣- دۆخی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ..................... ١١
٣- دۆخی چاودێری دامەزراوەکان ..................... ١١
٤- پرسی بودجە و ژمێرەی کۆتایی ..................... ١١
٥- بودجەی پەرلەمان ..................... ١١
هەڵسەنگاندنی پەرلەمانی کوردستان بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان ..................... ١٢
١- دانیشتنەکانی پەرلەمان ..................... ٢١
خشتەی ( ١ ) دانیشتنەکانی پەرلەمان لە خولی بەهارە ..................... ٢١
خشتەی ( ٢ ) خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە و پێشنیازە یاساکان و بڕیارەکان لە خولی بەهارە ..................... ٢٢
خشتەی ( ٣ ) خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە و پێشنیازە یاساکان و بڕیارەکان لە خولی بەهارە ..................... ٢٤
خشتەی ( ٤ ) یاسا و بڕیارە پەسەندکراوەکان لە خولی بەهارە ..................... ٢٥
خشتەی ( ٥ ) مۆڵەت و ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە دانیشتنەکانی خولی بەهارە ..................... ٢٦
خشتەی ( ٦ ) وتەی سەرۆکی فراکسیۆنەکان لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا کە وەك سەرۆکی فراکسیۆن قسەیان کردووە ..................... ٢٩
خشتەی ( ٧ ) وتەی سەرۆك یاخود ئەندامانی لیژنەکان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان کە لەسەر سەکۆ قسەیان کردووە یاخود وتاری لیژنەیان خوێندۆتەوە ..................... ٣٠
خشتەی ( ٨ ) وتەی ئەندامان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان ..................... ٣٣
خشتەی ( ٩ ) وتەی ئەندامان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان وەك خاڵی پەیڕەو کە قسە دەکەن ..................... ٣٦
خشتەی ( ١٠ ) سەرجەم ئاخاوتنی ئەندامان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان ..................... ٣٩
خشتەی ( ١١ ) پوختەی کاری لیژنەکانی پەرلەمان لە خولی بەهارە ..................... ٤٢
بیرۆکەی ئەندامان ..................... ٤٢
ئەرکەکانی پەرلەمان ..................... ٤٣
یەکەم- ئەرکی یاسادانان ..................... ٤٣
١-دانیشتنەکانی پەرلەمان ..................... ٤٣
٢-لیژنە هەمیشەییەکان : ..................... ٥٥
خشتەی ( ١٢ ) ئامادەنەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەی لیژنەکان ..................... ٥٦
دووەم- ئەرکی چاودێری ..................... ٥٧
سێیەم: ئەرکی پەسەندکردنی بودجە ..................... ٥٩
سەرۆکی پەرلەمان لەنێوان وتەو کرداردا ..................... ٦٠
چالاکییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی ..................... ٦٨
خشتەی ( ١٣ ) دانیشتنەکانی پەرلەمان لە خولی بەهارە ( ٢٠٢٢/٣/١ – ٢٠٢٢/٨/٣١ ) ..................... ٦٨
خشتەی ( ١٤ ) پەیامەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان ..................... ٦٩
خشتەی ( ١٥ ) پەیامەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ..................... ٧٠
خشتەی ( ١٦ ) ئەو پەیامانەی ئاراستەی دەستەی سەرۆکایی پەرلەمان کراون ..................... ٧١
خشتەی ( ١٧ ) پێشوازییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پێی مانگ و ساڵ ..................... ٧٢
خشتەی ( ١٨ ) سەردانەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پێی مانگ و ساڵ ..................... ٧٣
خشتەی ( ١٩ ) چالاکییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پێی مانگ و ساڵ ..................... ٧٤
ئەنجام ..................... ٧٥
راسپاردەکان ..................... ٧٩
خشتەی ( ٢٠ ) پوختەی ژمارەی خولی لەهارە ..................... ٨٠

خشتەی ( ٢١ ) پوختەی ژمارەی کارەکانی پەرلەمان لە ماوەی ( ٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٢/٨/٣١ ) ........ ٨١

کار و چالاکی لیژنە هەمیشەییەکان لە خولی بەهارە ........ ٨٢

خشتەی ( ٢٢ ) لیژنەی کاروباری یاسایی لە خولی بەهارە ........ ٨٢

خشتەی ( ٢٣ ) لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری لە خولی بەهارە ........ ٨٣

خشتەی ( ٢٤ ) لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە خولی بەهارە ........ ٨٤

خشتەی ( ٢٥ ) لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئە نجومەنە خۆجییەکان لە خولی بەهارە ........ ٨٥

خشتەی ( ٢٦ ) لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە خولی بەهارە ........ ٨٦

خشتەی ( ٢٧ ) لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە خولی بەهارە ........ ٨٧

خشتەی ( ٢٨ ) لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر لە خولی بەهارە ........ ٨٨

خشتەی ( ٢٩ ) لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە خولی بەهارە ........ ٨٩

خشتەی ( ٣٠ ) لیژنەی پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی لە خولی بەهارە ........ ٩٠

خشتەی ( ٣١ ) لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە خولی بەهارە ........ ٩١

خشتەی ( ٣٢ ) لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە خولی بەهارە ........ ٩٢

خشتەی ( ٣٣ ) لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار لە خولی بەهارە ........ ٩٣

خشتەی ( ٣٤ ) لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان لە خولی بەهارە ........ ٩٤

خشتەی ( ٣٥ ) لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان لە خولی بەهارە ........ ٩٥

خشتەی ( ٣٦ ) لیژنەی دەستپاکی لە خولی بەهارە ........ ٩٦

خشتەی ( ٣٧ ) لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا لە خولی بەهارە ........ ٩٧

خشتەی ( ٣٨ ) لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە خولی بەهارە ........ ٩٨

خشتەی ( ٣٩ ) لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ لە خولی بەهارە ........ ٩٩

خشتەی ( ٤٠ ) لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرت لە خولی بەهارە ........ ١٠٠

پاشکۆی ( ١ ) یادداشتی پرساندنی ئەندامان لە وەزیری دارایی و ئابوری ........ ١٠١

پاشکۆی ( ٢ ) پەیامەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان ........ ١٠٣

پاشکۆی ( ٣ ) پەیامەکانی سەرۆکی پەرلەمان ........ ١٠٤

پاشکۆی ( ٤ ) پەیامەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان ........ ١٠٥

پاشکۆی ( ٥ ) پەیامەکانی سکرتێری پەرلەمان ........ ١٠٥

پاشکۆی ( ٦ ) ئەو پەیامانەی ئاراستەی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ........ ١٠٥

پاشکۆی ( ٧ ) پێشوازییەکانی سەرۆکی پەرلەمان ........ ١٠٦

پاشکۆی ( ٨ ) پێشوازییەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان ........ ١٠٧

پاشکۆی ( ٩ ) پێشوازییەکانی سکرتێری پەرلەمان ........ ١٠٨

پاشکۆی ( ١٠ ) سەردانەکانی سەرۆکی پەرلەمان ........ ١٠٨

پاشکۆی ( ١١ ) سەردانەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان ........ ١٠٩

پاشکۆی ( ١٢ ) سەردانەکانی سکرتێری پەرلەمان ........ ١٠٩

پاشکۆی ( ١٣ ) چالاکییەکانی سەرۆکی پەرلەمان ........ ١١٠

پاشکۆی ( ١٤ ) چالاکییەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان ........ ١١٢

پاشکۆی ( ١٥ ) چالاکییەکانی سکرتێری پەرلەمان ........ ١١٣

پاشکۆی ( ١٦ ) پەیامی ئینستتیوتی پەی سەبارەت بە داخستنی پەرلەمانی کوردستان ........ ١١٤

پاشکۆی ( ١٧ ) پەیامی ئینستتیوتی پەی لە ساڵیادی یەکەم هەڵبژاردندا ........ ١١٧

پاشکۆی ( ١٨ ) یادداشتی ئینستتیوتی پەی بۆ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان ........ ١٢١

لە بڵاوکراوەکامی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان ........ ١٢٣

## پێشەکی

بەپشت بەستن بە یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان، ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)، یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣) و بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە (پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان)، **ئینیستتیوتی پەی** بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە **روانگەی پەی** (مرصد پەی) دامەزراند، یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە کارکردنە بۆ دروستکردنی شەفافیەت لە کاری پەرلەمانی و گەیاندنی زانیاری بەڕای گشتی، لەپاڵ ئەم ئامانجە، دروستکردنی فشار لەسەر پارتە سیاسییەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، یەکێکی ترە لەو ئامانجانەی کە پەی بەهاوکاری هاوبەشەکانی لە کۆمەڵی مەدەنی کاری بۆ دەکات.

ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی، (١٣) راپۆرتی بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی) لەسەر خولی چوار و (١٠) راپۆرتیشی لەسەر خولی پێنج بڵاوکردۆتەوە، لەپاڵ کاری بەردەوامی ماڵپەڕی فەرمی روانگەی پەی، بڵاوکردنەوەی راپۆرتی وەرزی، بەیاننامەی رۆژانە لەسەر کارەکانی پەرلەمان، ژمارەیەك رێکخراو و کەسانی پسپۆڕ و چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنیە لە دەوری تۆڕێك کۆبوونەتەوە، بە ئامانجی کار و فشاری زیاتر لە پێناو پەرلەمانێکی بەهێز.

> **"ئێمە لە پەی، هەموو هەوڵێک دەخەینە گەڕ لە پێناو هاتنە کایەی پەرلەمانێک، کە بتوانێت یاسای باش دابڕێژێت و چاودێرێکی بەهێز بێت"**

بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەڵبژاردنی پەرلەمان و پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمان لە هەرێم "باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە، ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەکات کە لە پەیڕەو یاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدراوە".

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، رۆژ لەدوای رۆژ پەرلەمان وەك دامەزراوەیەك رۆڵی پشتگوێ دەخرێت، لە وادەی خۆیدا هەڵبژاردنەکانی ئەنجامنادرێت و هەموو خولەکان تەمەنی خۆیان درێژکردۆتەوە، لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە گوێ لە بڕیارەکانی ناگیرێت، کۆبوونەوەکانی بەپێی خواستی حکومەت بەڕێوە دەچێت، لەهەمبەر ئەو هەموو پێشێلکارییە یاساییەی لەلایەن دەسەلاتی جێبەجێکردنەوە دەکرێت دەنگ و رەنگی نیەو بەدواداچوون ناکات، نەك هەر ئەمە بەڵکو بۆخۆیشی بەشێکە لە پێشێلکاری یاسا، لەم بارەیەوە نمونەگەلێك لەبەردەستن. جگە

لەمانە ئەو یاسایانەی دەریان دەکات یا کرچوکاڵن و یان ناچنە بواری جێبەجێکردنەوە. زۆرترین پێشێلکاری پەیرەوی لەساتی دانیشتنەکاندا روودەدات، زۆرترین گلەیی و گازاندە لەلایەن ئەندامانەوە لەدەستەی سەرۆکایەتی دەکرێت، ئەمانەو چەندین گرفتی کر رووبەرووی پەرلەمان بوونەتەوە.

بۆیە ئێمە لە **ئینستیوتی پەی**، سەرباری ئەوەی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رێگری لە کارەکانمان کراوە کە بەپێشێلی یاسای دەبینین لەلایەن ئەو دامەزراوەی خۆی یاساکانی دەرکردووە، دوا لێدوانی سەرۆکی پەرلەمان لەسەر پرۆژەکە لە رۆژی (٢٠٢٢/٩/٣) لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ژمارەیەك لە رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەبەردەم (٢٥) کەناڵی راگەیاندندا نەیشاردەوەو بەئاشکرا رایگەیاند کە رێگری لە ئینستیوتی پەی دەکات بچنە ناو پەرلەمانەوەو کاری پرۆژەی چاودێری ئەنجامبدەن، ئەمە لەکاتێکدایە بەبێ ئەوەی هیچ بیانوێکی یاسایی بەدەستەوە بێت و ئەمەش پێشێلی یاسایە لەلایەن سەرۆکی دەسەڵاتی یاسادانانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەردەوام دەبین لەسەر پرۆژەکەو هەموو هەوڵێك دەخەینە گەڕ لە پێناو هاتنە کایەی پەرلەمانێك کە بتوانێت یاسای باش دابڕێژێت و چاودێرێکی بەهێز بێت لەسەر دامەزراوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن. پەرلەمانێك کە بتوانێت رۆڵی خۆی بگێڕێت لەدیموکراتیزەکردن و بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵدا.

**ئینستیوتی پەی** خوازیارە بەم پرۆژەیە، ئەو نامەیە بە نوخبەی دەسەڵات بگەیەنێت، کە هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ بەهێزکردنی بەرزترین دامەزراوەی هەرێم، هەر هەوڵێکی زیاتر بۆ پەراوێزخستنی پەرلەمان، کاریگەریی خراپی دەبێت لە سەر شێوازی حوکمکردن و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵك.

**ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان**
**ئەیلولی ٢٠٢٢**

## پوختەی خولی بەهارە

( ٢٠٢٢/٣/١ ) تا ( ٢٠٢٢/٨/٣١ )

### ١- دانیشتنەکانی پەرلەمان:

سەرۆکی پەرلەمان لە دانیشتنی کردنەوەی خولی بەهارەدا بەپێی خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە لە (٢٠٢٢/٣/١) دا وتەیەکی پێشکەش کرد و سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: "سەرجەم هێزە سیاسییەکان و فراکسیۆنەکانی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردن لە وادەی یاسایی خۆیدا ئەنجام بدرێت و پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێت، بۆیە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە کە کاری لێبڕاوانە بۆ ئەنجامگەیاندنی ئەم هەڵبژاردنە لە کاتی خۆیدا بکات، لە ڕێی نەهێشتن و چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو ئاستەنگانەی دەبنە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەکە و بە دیاریکراوی ئاستەنگە یاسایی و تەکنیکییەکان."

بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە فراکسیۆنەکان و ئەندامانی پەرلەمان کرد کە پێکەوە کار بکەن و هاوکاری یەکتر بن لە لێکنزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان لایەنەکاندا و گەیشتن بە سازانی نیشتیمانی لەو پێناوەدا بە ئاراستەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێك کە متمانە و زەمینەی گیانی پێکەوە کارکردنی ئایندەیی برەخسێنێت.

بەڵام ئەوە جێگەی سەرنجە سەرۆکی پەرلەمان نەك هەر ئەو ئەرکەی بەجێنەگەیاند و کاری بۆ نەکرد بەڵکو بەپێچەوانەوە هەڵسوکەوتی کرد و بەشێك بوو لەو سیناریۆیەی هەوڵی بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەماندا، ئەوەتا لە دانیشتنی کردنەوەی خولی پاییزەدا لە (٢٠٢٢/٩/١) ڕاشکاوانە وتی: " لە ٢٠٢٢/١١/٦ خولی شەشەم دەسبەکار نابێت و بۆ ئەم مەبەستەش هەموو هێزە سیاسییەکان ئەرکی هاوبەشمان دەکەوێتە ئەستۆ"، کە مەبەست لەم دەستەواژەیەی سەرۆکی پەرلەمان ڕێگە خۆشکردن و داننان بوو بە ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن و درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان.

لەهەمان دانیشتندا سەرۆکی پەرلەمان گوتیشی: "ئەرکی پەرلەمانتاران و لیژنەکانە کە کاری چاودێریی جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکان چڕ بکەنەوە و چاوپۆشی لە کەموکورییەکان نەکەن و کاری تەواوکاری لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەت بکەن بە ئاراستەی خزمەتی زیاتر و بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان و دابینکردن و ڕەخساندنی دەرفەتی ژیان و گوزەرانی باشتر بۆ هاوڵاتییان." بەلام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەسەرجەم دانیشتنەکانی کردنەوەی خولەکانی چوار ساڵی رابردوودا سەرۆکی پەرلەمان لە وتەکانیدا ئەم جەختکردنەوانەی دووپات کردۆتەوە بەبێ ئەوەی لەمەیدانی پراکتیکدا نە خۆی زەمینەی ڕەخساندووە بۆ لیژنەکان و نە ئەندامان تا وەك پێویست کاری پێ بکەن و جێبەجێی بکەن.

هەروەك لەکۆبوونەوەی دەستپێکی خولی گرێدانی پێشوودا سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاندبوو و بەڵێنی دابوو لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر پرۆژەیان لەسەر کەڵەکە بووە و پێویستی یاساییش هەیە و دەبێت

دەربچـوێنرێن، هـەر بۆیـە بـەپێی مـادەی (٥١)ی پـەیڕەو کـە هـاتووە هـەموو ڕۆژانـی (سێشـەممە و چـوار شـەممە) پەرلـەمان کۆدەبێتـەوە بـۆ دەرچـواندنی یاسـا و ڕۆژانـی (پێـنج شـەممە)ش بـۆ کۆبوونـەوە لەگـەڵ حکومـەت، ناچـارین ماددەکـە جێبـەجێ بکـەین! بـەپێی قسـەکانی سـەرۆکی پەرلـەمان دەبوایـە لـە خـولی گرێـدانی بـەهارەدا پەرلـەمان (٥٣) دانیشـتنی بکردایـە، واتـە لـە مـانگی (٣) پێویسـت بـوو (١٤) دانیشـتن بکرێـت، بـەڵام پەرلـەمان تـەنها (٢) جار کۆبوویـەوە، لـە مـانگی (٤) پێویسـت بـوو (١٥) دانیشـتن بکرێـت، بـەڵام پەرلـەمان هـیچ کۆبوویـەوەکی نـەکردووە، لـە مـانگی (٥) پێویسـت بـوو (١٣) دانیشـتن بکرێـت، بـەڵام پەرلـەمان هـیچ کۆبوویـەوەکی نـەکردووە، لـە مـانگی (٦) پێویسـت بـوو (١٣) دانیشـتن بکرێـت، بـەڵام پەرلـەمان تـەنها (٨) جـار کۆبوویـەوە، بـەپێی ئەمـە پەرلـەمان و سـەرۆکایەتییەکەی ئـەو بەڵێنـەیان بـەجێ نـەهێناو تـەنها (١٠) جار کۆبوونەوە.

بەپێی ئەمە لە وەرزی بەهارەدا، کە ماوەکەی (٦) مانگ بوو، کە (١٠) دانیشتنی پەرلەمان کراوە، بڕگەکانی بەرنامەی کار (٣١) بڕگە بووە، (٢٤) بڕگەی جێبەجێ کراوە، کۆی کاتی کۆبوونەوەکان نزیکەی (74:56) حەفتا و چوار کاتژمێر و پەنجا و شەش خولەك بووە، لە سەرجەم کۆبوونەوەکانی خولی بەهارەدا تەنها (٦) وەزیر ئامادەی دانیشتنەکانی بوون، ئەوانیش (وەزیری تەندروستی ١ جار)، (وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ٤ جار)، (وەزیری بازرگانی و پیشەسازی ١ جار)، (وەزیری پەروەردە ١ جار)، (وەزیری شارەوانی ١ جار)، (وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن ١ جار)، ئەو ئامادەبوونانەش بۆ گفتوگۆی پڕۆژەیاساکان بووە نەك بۆ لێپرسینەوەو بەدواداچوون، واتە ئەرکە چاودێرییەکەی پشتگوێ خستووە.

لـە مـاددەی (٥١) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆ، هـاتووە ڕۆژانـی (سێشـەممە و چـوار شـەممە)ی هـەموو هەفتەیـەك بـۆ دانیشـتنی پەرلـەمان تـەرخانکراوە، واتـە دەبێـت پەرلـەمان هـەموو خـولێکی گرێـدان نزیکـەی (٤٠) دانیشـتن ئـەنجام بـدات، ئەمـە جگـە لـە بەڵێنەکـەی سـەرۆکی پەرلـەمان کـە ڕایگەیانـد ڕۆژانـی پێـنج شـەممەش لەگـەل حکومـەت کۆدەبنـەوە کـە سـەرجەم کۆبوونـەوەکانی خولەکـە ئەگـەر بـەپێی پـەیرەو و بـەڵێنی سـەرۆك بووایـە دەبـوو (٥٢) کۆبوونـەوە بکرایـە، کەچـی تـەنها (١٠) دانیشـتن ئەنجامـدراوە، واتـە نـە لـەم خـولی بـەهارەدا و نـە لـە هـیچ کـام خولـەکانی تـردا دانیشـتنەکان نەگەیشـتونەتە ئـەو ئاسـتەی پـەیرەو دیـاریکردووە. کـۆی دانیشـتنەکانی پەرلـەمان لـە (٢٠١٨/١١/٦ تـا ٢٠٢٢/٨/٣١) واتـە بـە (سـێ سـاڵ و نـۆ مـانگ و بیسـت و چـوار ڕۆژ)، تـەنها (٩٩) دانیشـتن کـراوە، کـۆی کـاتی کۆبوونـەوەکانیش نزیکـەی (345:14) سـێ سـەد و چـل و پێـنج کاتـژمێر و چـواردە خولـەك کۆبوونەتـەوە. ئەمـە لەکاتێکـدا بـەپێی پـەیڕەو دەبوایـە بـەلای کەمـەوە (٢٨٠) کۆبوونەوەی ئەنجامبدایە.

**٢-دۆخی یاسادانان:**

لـە خـولی بـەهارەدا، خوێندنـەوەی یەکـەم بـۆ (٩) پێشـنیاز و پرۆژەیاسـا کـراوە، خوێندنـەوەی دووەمـی بـۆ (١٠) پێشـنیازە و پرۆژەیاسـا کـراون، (١١) یاسـا پەسـەندکراون، لـە کاتێکـدا لـەم خـولی پێنجـدا خوێندنـەوەی یەکەم بۆ (٧٥) پێشنیازە و پرۆژەیاسا و بڕیار کراون، (٤١) یاسا و (٨) بڕیار پەسەندکراون.

لــە کردنـــەوەی خـــولی پـــاییزەدا لـــە (٢٠٢٢/٩/١) ســـەرۆکی پەرلـــەمان، کـــە ســـەرۆکایەتی دانیشـــتنەکەی دەکـرد رایگەیانـد کـە (١٣٢) پـرۆژەو پێشـنیازە یاسـا پێشـکەش بـە سـەرۆکایەتی پەرلـەمان کـراون، لەوانـە: (٤٥)ی گفتوگـۆ کـراوە کــە لــە ئەنجامــدا (٤١) یاســای لــێ بەرهــەمهاتووە کــە لەوانــە (٢٥)ی پێشــنیازە یاسـابوونە و لەلایـەن ئەندامانـەوە پێشکەشـکراون و (٢٠)یـش لەلایـەن دەسـەڵاتی جێبەجێکردنـەوە ناردراون، (١٢)ی ئاراستەی حکومـەت کـراوە بەمەبەسـتی وەرگرتنـی رایـان سـەبارەت بـە بـارگرانی لایـەنی دارایـی کەچـی هێشــتا وەڵام نەدراوەتــەوە، (٥٤)ی لەلایــەن لیژنــە پەیوەندیــدارەکان و حکومەتــەوە بــەبیانوی مــەرجی رواڵــەتی و نــەبوونی بۆشــایی یاســایی و بــارگرانی داراییــەوە رەتکراونەتــەوە، (٧) یــان ئاراســتەی لیژنــەی یاسـایی کـراوە بـۆ بڕیـاردان لەسـەری بـەڵام هێشـتا وەڵام نەدراونەتـەوەو (١٤)یـش خوێندنـەوەی یەکـەمیان بـۆ کراوەو لەژێر پرۆسەی یاساکاریدان.

هـەروەها سـەرۆکی پەرلـەمان لـە کۆبوونـەوەی کردنـەوەی خـولی بـەهارەدا لـە (٢٠٢٢/٣/١) رایگەیانـد کـە دۆخـی هـەرێم لەمەترسـیدایەو پێویسـتە لایەنـەکان یـەکڕیزی بپـارێزن لـەپێناو رێکـەوتن و لێـك تێگەیشـتن لەگـەڵ بەغـدا و پەرلـەمان ڕۆڵـی گـرنگ بگێڕێـت، بـەڵام لـەم لایەنەشـەوە زۆرتـرین گرفـت لـەنێوان هـەولێر و بەغـدا دروسـت بـووەو کاریگـەری لەسـەر رەوشـی سیاسـی و گـوزەرانی هاوڵاتیـان هەیـە بەلایـەنی نەرێنییـەوە، کەچـی پەرلـەمان نـە هـیچ رۆڵێکـی بینـی و نـە کاریگـەریی هـەبوو و نـە هەڵوێسـتێکی نوانـد و نـە هـیچ کۆبوونەوەیەکیشی بۆ ئەم ئامانجە رێکخست.

هەرچــەندە پێشــتریش ســەرۆکی پەرلــەمان لــە دانیشــتنی کردنــەوەی خــولی گرێدانــەکانی پێشــووتردا کۆمەڵێك بەڵێنی دابوو کە کاریان لەسەر بکات، وەك:

١- چــڕکردنەوەی ئــەرکی لیژنــەکان و پەرلــەمانتاران لەچــاودێریی جێبــەجێکردنی یاســاکان و ئــەو بڕیارانــەی کەژمارەیــەیان زۆرو زەوەنــدەو تــەنها بەجێبــەجێکردنیان داهــاتی نــەوت، داهــاتی دەروازە و خاڵــە سـنوورییەکان، داهـاتی وەدەسـتهاتووی وەرگـرتنی بـاج لەگـەورە باجـدەران و کۆمپانیاکـانی بەرهـەمهێنان و خزمــەتگوزاریی بــواری پیشەســازیی نــەوتی و رێکخســتنەوەی تــەواوی داهاتــە ناوخۆییــەکان، زۆر لەئێســتا زیاتر دەبێت و دۆخ و گوزەرانی خەڵك و هەرێمەکەشمان دەباتە قۆناغێکی تر.

٢- هـیچ خەرجییـەك لـەدەرەوەی یاسـای بودجـە بەشـێوەی زانسـتی و پشتبەسـت بەسـەنەدی قـانوونی خـەرج ناکرێـت، بۆیـە جگـە لـەوەی ئـەرکی حکومەتـە دوای (٩) نـۆ سـاڵ، پرۆژەیاسـای بودجـە بنێرێتـە پەرلـەمان، ئـەرکی پەرلـەمانتاران و لیژنەکانیشـە بەدواداچـوون و لێپێچـینەوە بـۆ نـاردنی پرۆژەیاسـای بودجـە بکــەن، لەبەرئــەوەی ئــەوە (٩) نــۆ ســاڵە پەرلــەمان نــەیتوانیوە یــەکێك لەئەرکــە ســەرەکییەکانی کەپەسەندکردنی بودجەیە جێبەجێ بکات.

٣- هەمواری یاسای وەبەرهێنان.

٤- بەدواداچوون بۆ گرفتی دەروازە سنورییەکان.

٥- پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی.

٦- ئەنجومەنی دەرمان و خۆراك.

٧- ڕێکخستن و فرۆشتنی هاوردەکردنی لێدەرهێندراوەکانی نەوت.

٨- کاراکردنەوەی لیژنەی دەستوور.

٩- هێنانی بودجەی (٢٠٢٠، ٢٠٢١، ٢٠٢٢) بۆ پەرلەمان.

١٠- گەڕانەوەی پاشەکەوتی مووچە بە یاسا.

١١- فرەکردنی سەرچاوەکانی داهات.

١٢- دڵنیایی کۆمەڵایەتی و تەندروستی.

١٣- چارەنوسی فەرمانبەرانی گرێبەست.

١٤- دامەزراندنی یەکەمەکانی زانکۆکان.

١٥- یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

١٦-یاسای پەروەردە.

بەڵام نە لە خولی گرێدانەکانی پێشوو و نە لە خولی بەهارەشدا هیچکام لەو بەڵێن و داواکارییانە جێبەجێ نەکران و کاریان لەسەر نەکرا. ئێستا ئەگەر پرسیار لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان بکرێت، کە ئایا چەند لە ئەرکەکانی ئەو قۆناغەیان لە ماوەی رابردوو جێبەجێکردووە، دەبێت وەڵامیان چی بێت! ؟ بە تایبەت کە ناڕەزایەتی پەرلەمانتار لە ئەدای سەرۆکایەتی و بێدەسەڵات کردنی پەرلەمان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پشتگوێخستنی لە لایەن حزبە سیاسیەکانەوە وەرز لە دوای وەرز لە هەڵکشاندایە. بۆیە نەك کارەکانی خولی بەهارە جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو ئەرکەکانی خولەکانی پێشووتریش جێبەجێ نەکران.

## ٣- دۆخی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان:

لە خولی بەهارەدا، خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٩) پێشنیاز و پرۆژەیاسا و بڕیار کراوە، بەڵام لیژنەکان وەك پێویست کاریان لەسەر پرۆژەکان نەکردووە کە راپۆرتیان لەسەر بنوسن و بیخەنە بەردەم سەرۆکایەتی پەرلەمان تا بخرێنە بەرنامەی کارەوە بەمەبەستی پەسەندکردن.

دۆخی لیژنە هەمیشەییەکان لە سەرەتای خولی پێنجەوە خراپە، لە (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٢/٨/٣١) واتە بە سێ ساڵ و (٩) مانگ و (٢٤) رۆژ، خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٧٥) پێشنیاز و پرۆژەیاسا و بڕیار کراوە و ئاراستەی لیژنە هەمیشەییەکان کراوە، دەبوو لەو ماوەیەدا لەلایەن لیژنە هەمیشەییەکانەوە سەرجەم پرۆژەو پێشنیازە یاساکان راپۆرتیان لەسەر بنوسرایە، بەلام لیژنەکان لەکاتی خۆیدا و بەپێی پەیرەو بەو ئەرکە هەڵنەستاون.

ئەرکێکی تری لیژنە، بەپێی ماددەی (٤١)ی پەیرەو، بەدواداچوونە لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی یاساکان، بەڵام بە وەرگرتنی چەند نموونە لە خولی بەهارە بۆمان دەردەکەوێت لیژنەکان ئەو ئەرکەیان جێ بەجێ نەکردووە، لەباشترین حاڵەتدا بەیاننامەیەکیان دەرکردووە، کە هیچ کاریگەریەکی نەبووە لەسەر دۆخەکە.

### ٣- دۆخی چاودێری دامەزراوەکان:

سەبارەت بە ئەرکی چاودێری لەسەر دامەزراوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، پەرلەمانتاران دەتوانێت پشت بەست بە ماددەکانی (٥٨ تا ٧٦)، ئەدای ئەو ئەرکە بکەن، بۆ ئەم خولە بەردەست نییە پەرلەمانتاران چەند پرسیاریان ئاڕاستە کردووە، بەڵام وەڵام نەدانەوەی پرسیار بۆتە عورف و ئەندامان بەردەوام نارەزایەتی دەردەبڕن.

لە (١٠) دانیشتنی پەرلەماندا (٦) ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران چوونەتە پەرلەمان، وەزیرانی: (تەندروستی، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بازرگانی و پیشەسازی، پەروەردە، شارەوانی، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن)، ئەوانیش لەکاتی پەسەند کردنی یاساکاندا ئامادە بوون بەمەبەستی وەرگرتنی راو سەرنجیان، نەك لێپێچینەوەو بەدواداچوون.

### ٤- پرسی بودجە و ژمێرەی کۆتایی:

ماوەی (٩) ساڵە (٢٠١٤–٢٠٢٢) حکومەتی هەرێم، بودجەی نەناردۆتە پەرلەمان، ماوەی (١١) ساڵە (٢٠١١–٢٠٢١) ژمێرەی کۆتایی نەنێردراوەو بەیانی دارایی نەبووە و نەخراوەتە بەردەم پەرلەمان.

### ٥- بودجەی پەرلەمان:

لە ماددەکانی (١٦، ١٠٧، ١٠٨) پەیڕەودا باس لە بودجەی پەرلەمان دەکات و ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە لەگەڵ دیوانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان بودجەی ساڵانە و ژمێرەی کۆتایی پەرلەمان، ڕێکبخەن و بیخەن بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی، بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری پەرلەمان، لە کۆتایی هەر ساڵێکی داراییدا هەڵدەستێت بە دانانی ژمێرەی کۆتایی و ڕێکارە کارگێڕییەکان دەخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ڕازیبوون لەسەری و رەوانەکردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، بە مەبەستی پێداچوونەوە و بەرزکردنەوەی راپۆرتێك لەوبارەیەوە، بۆ پەرلەمان.

پرسیار ئەوەیە پەرلەمان بۆچی بودجەی خۆی دانانێت؟! بۆچی ژمێرەی کۆتایی ساڵی (٢٠٢١)ی خۆی ناخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و ئاگاداربوونی پەرلەمانتاران و رای گشتی. لە کاتێکدا داوای بودجە و ژمێرەی کۆتایی لە حکومەت دەکەن؟!.

**تێبینی:** لەسەر پرسەکانی (دانیشتنەکانی پەرلەمان، دۆخی یاسادانان، دۆخی چاودێری دامەزراوەکان) لە ناوەرۆکی راپۆرتەکەدا بە (٤٠) خشتە زانیاری و شیکردنەوە دانراوە. لەسەر پرسی (لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان) لە ناوەرۆکی راپۆرتەکەدا لە ژێر ئەو ناونیشانە بە (١٩) خشتە، زانیارییەکان و شیکردنەوە دانراوە.

## هەڵسەنگاندنی پەرلەمانی کوردستان بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان

یەکێتی پەرلەمانەکانی جیهان (IPU) پێوەرێکی پێنج پلەیی داناوە بۆ پێوانەکردنی ئاستی چالاکی پەرلەمانەکان، و هەڵسەنگاندنی خودی ئەندام پەرلەمانەکان.

### یەکەم: ئاستی کارەکانی دامەزراوەیی پەرلەمان:-

پێوەری کارەکانی پەرلەمان لە ماوەی خولێکی گرێدراندا بریتین لە:-

**١- ئاستی چالاکی پەرلەمان:**

ڕێژەی ماوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە خولی پەرلەمان: ١٠٠ دانیشتن (لە ماوەی ١٠ مانگ بەلانی کەمەوە، دوو هەفتە لە مانگێکدا بەلانی کەمەوە، سێ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا بەلانی کەمەوە، پێنج دانیشتن لەهەفتەیەکدا بەلانی کەمەوە، و دوو کاتژمێر بۆ هەر دانیشتنێك بەلانی کەمەوە):

أ- لاواز (کەمتر لە ١٠٠ کاتژمێر)

ب- مامناوەند (١٠٠-٢٠٠ کاتژمێر)

ت- چالاك (٢٠٠-٢٥٠ کاتژمێر)

پ- زۆر چالاك (زیاتر لە ٢٥٠ کاتژمێر)

پەرلەمان کوردستان لە خولی بەهارەدا (74:56) حەفتا و چوار کاتژمێر و پەنجا و شەش خولەك لە (١٠) دانیشتندا کۆبۆتەوە، کەواتە ئاستی پەرلەمان لە دانیشتنەکاندا لاوازە.

**٢- ڕێژەی ئامادەبوون لە پەرلەمان:**

**یەك:** کۆی ئامادەنەبوون لە پەرلەمان (نەهاتن و مۆڵەت) لە هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان لەو خولەدا، دابەش بکرێت بەسەر ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان و کەرەتی ژمارەی دانیشتنەکان دەکرێت، و یەکسان دەبێت بە ئاستی چالاکی پەرلەمانی لەو خولەدا:

أ-چالاك (کەمتر لە پێنج لەسەد)

ب- پچرپچر (لەنێوان ٥-١٠٪)

ت- کۆنترۆڵنەکراو (لە نێوان ١٠-٢٥٪)

پ- لە کۆنترۆڵ دەرچوو (لە نێوان ٢٥-٥٠٪)

ئامادەنەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکاندا بەردەست نییە، چونکە لە کۆی (١٠) کۆبوونەوەدا تەنها لە (٦) کۆبوونەوە ئامادەنەبوون خوێندرایەوە، ئامادەنەبوونی کۆبوونەوەکانی ژمارە (١)، (٣)، (٧) و (١٠) تۆمار نەکراوە، ئەمەش ئەمەش پێچەوانەی خاڵی (١) ی برگەی (سێیەم)ی مادەی (٥٢) ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانە کە تیایدا هاتووە لەدەستپێکی دانیشتنی پەرلەماندا سکرتێری پەرلەمان ناوی ئامادەبووانی دانیشتنی پەرلەمان و لیژنەکان، بە مۆڵەت و بێمۆڵەت دەخوێنێتەوە و لەماڵپەری فەرمی پەرلەمان بلاو دەکرێتەوە.

کۆی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران (بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت) لەو دانیشتنانەی تۆمار کراوە، کە (١٠٨) ئامادەنەبوون هەبوو. بەمەش چونکە پەرلەمان ئامادەنەبوونی بەتەواوی ئاشکرا نەکردووە هیچ پێوەرێك دەستنیشان ناکرێت و دەکرێت بلێین دۆخی ئامادەنەبوون لەم خولەدا کۆنترۆڵنەکراوە.

**دوو**: ژمارەی ناڕازیبوون لەسەر نیسابی دەنگدان دابەشی ژمارەی دانیشتنەکان:-

أ- ڕێکخراو (کەمتر لەیەك جار)

ب- پچڕپچڕ (لە نێوان ١-٢ جار)

ت- کۆنترۆڵ نەکراو (لەدوو جار زیاتر)

**<u>لەم پێوەرەدا پەرلەمانی کوردستان ئاستەکەی ڕێکخراوە</u>.**

**سێ**: ژمارەی ناڕازی بوون لەسەر بڕیاری سەرۆکی دانیشتنەکان دابەشی ژمارەی دانیشتنەکان:-

أ- ڕێکخراو (کەمتر لەیەك جار)

ب- پچڕپچڕ (لە نێوان ١-٢ جار)

ت- کۆنترۆڵ نەکراو( لەدوو جار زیاتر)

**<u>لەم پێوەرەدا ئاستی پەرلەمان کۆنترۆڵنەکراوە</u>**، چونکە لەم وەرزەدا ئەندامان دەیان جار لەڕێگەی خاڵی پەیڕەوییەوە ناڕەزایەتیان نیشانداوە لەسەر وەرنەگرتنی خاڵی پەیڕەوی ئەندامان و دانەنانی یاداشتی ئەندامان لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکان.

**چوار**: ژمارەی دانیشتنەکان کە هەڵپەسێردراون بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی دانیشتنەکە:

أ- ڕێکخراو (کەمتر لەیەك جار)

ب- پچڕپچڕ (لە نێوان ١-٢ جار)

ت- کۆنترۆڵ نەکراو (لەدوو جار زیاتر)

دانیشتنەکانی ژمارە (٢، ٤) بەهۆی پەشێویەوەپەخشی دانیشتنەکان راگیراو لە دانیشتنەکانی (١، ٣، ٤، ٧)ش پەشێوی دروستبوو. بەو پێیە پەرلەمان <u>لەم پێوەرەدا لە پلەی کۆنترۆل نەکراودایە</u>.

### ٣- ئاستی باڵانس لە بەشداری ئەندامان

**یەك**: رێژەی بەشداری ئەندامەکان لە خولی گرێدان هەژمار دەکرێت، لە رێگای ژمارەی وشەکانی لەهەموو دانیشتنەکان و دابەشی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت.

**دوو**: رێژەی بەشداری هەر ئەندامێك، لە رێگای ژمارەی وشەکانی لەهەموو دانیشتنەکان دابەشی ئەنجامی دابەشکردنی رابردوو.

أ- لاواز (لە نێوە کەمتری ئەو رێژەیە).

ب- سنوردار (لە نێوان ٥٠-٧٥٪)

ت- مامناوەند (٥٪ زیاتر یان کەمتر)

پ- چالاك (لە نێوان ١٠٠-١٥٠٪ رێژەی)

ج- زۆر باش (لە نێوان زیاتر لە ١٥٠٪ رێژەی)

ئەم پێوەرە ناچەسپێت ئەگەر پرۆتۆکۆلی پەرلەمان لەبەردەست نەبێت بۆ زانینی ژمارەی وشەکانی پەرلەمانتاران.

### ٤- کاری یاسادانان

**یەك**: ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە خراونەتە بەردەم پەرلەمان دابەشی ژمارەی ئەو یاسایانەی کە پەسەندی کردووە:

أ- کەمتر لە چارەك، (ئاستی چالاکی سنوردارە).

ب- لە نێوان چارەك تا نیو، (چالاکی مامناوەندە).

ت- زیاتر لە نیو، (چالاکە).

لەم خولەدا (٩) پێنشنیاز و پرۆژە یاسا لە لایەن ئەندامان و حکومەتەوە پێشکەش کراون، لەو (٩) پێشنیاز و پرۆژە یاسایەدا تەنها (٤) دانەیان کراوە بە یاسا، بەڵام هەر لەم خولەدا (٧) یاسای تر پەسەند کراوە کە لە خولەکانی پێشووتردا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کرابوو، کەواتە (٢٣÷١١=٢,٠٩)، **کەواتە ئاستی چالاکی مامناوەندە**، خۆ ئەگەر چوار خولی گرێدانی پێشوو وەرگرین، لە (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٢/٨/٣١) خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٧٥) پێشنیاز و پرۆژەیاسا و بریار کراوە، بەڵام تەنها(٤١) یاسا و (١٠)بریار پەسەندکراوە، (76÷41=1.85٪)، **کەواتە لێرەدا ئاستی چالاکی یاسادانان سنوردارە.**

**دوو**: دەستپێشخەری پرۆژە یاساکان لە لایەن ئەندامەکانەوە:

ژمارەی پرۆژە یاساکان کە لە لایەن ئەندامانی و لیستەکان دابەشی ژمارەی یاساکان کە پەسەندکراون

أ- (کەمتر لە ١٠٪) دەستپێشخەری لاوازە.

ب- (لە نێوان ١٠-٢٥٪)دەستپێشخەری سنووردارە.

ت- (لە نێوان ٢٥-٥٠٪)دەستپێشخەرە.

پ- (لە نێوان ٥٠-٧٥٪) فەرماندەی یاسادانانە.

ج- (زیاتر لە ٧٥٪) خاوەن بریاری سیاسیە.

(٢) پێشنیازە یاسا و بڕیار لەلایەن ئەندامانەوە پێشکەشکراون، هیچیان نەکراون بە یاسا ، **کەواتە ئاستی دەستپێشخەری لەم خولەدا لاوازە.**

### ٥- چالاکی چاودێری

**یەك: گشتگیری چالاکی چاودێری:** ژمارەی ئەنجامدانی کاری چاودێری وەکو ئیمزا کۆکردنەوە[1] یان دروستکردنی لیژنەی بەدواداچوون، دابەشی ژمارەی ئەنجامدانی کاری چاودێری لە ماوەی خولەکەدا، یەکسانە بەڕێژەی ئەنجامدانی کاری چاودێری. هیچ یاداشتێك بۆ پرساندنی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران نەنوسراوە.

**دوو: بەشداری کردن لە کاری چاودێری:** ژمارەی ئەنجامدانی کاری چاودێری، دابەشی ژمارەی ئەندامان، یەکسانە بە ڕێژەی گشتی بەشداری لە ئەنجامدانی کاری چاودێری.

أ- لاواز (کەمتر لە نیوەی ڕێژەی گشتی)

ب- سنوردار (لە نێوان ٥٠-٧٥٪ لە ڕێژەی گشتی)

ت- مامناوەند(٥٪ زیاتر یان کەمتر لە ئەنجامی ڕابردوو)

پ- چالاك (لە نێوان١٠٠-١٥٠٪ ڕێژەی ڕابردوو)

ج- زۆر باش (لە نێوان زیاتر لە ١٥٠٪ ڕێژەی ڕابردوو).

لەم خولەدا هیچ کارێکی لەم جۆرە نەکراوە، کەواتە بە پێی ئەم پێوەرە **بەشداری ئەندامان لەکاری چاودێری لە ئاستێکی لاوازدایە.**

### ٦- ئاستی دەستپاکی

**یەك:** دروستی کارەکان یەکسانە بە ژمارەی داواکارییەکانی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی دابەشی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان.

أ- (کەمتر لە ٥٪) پەرلەمانێکی دەستپاك

ب- (لە نێوان ٥-١٠٪) دەستپاکی سنوردارە

ت- (لە نێوان ١٠-٢٥٪)دەستپاکی کەمە

پ- لە نێوان ٢٥-٥٠٪ دەستپاك نییە

ج- (لە ٥٠٪ زیاتر) پەرلەمانێکی گەندەڵە

لەم خولەدا هیچ داواکارییەکی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی جێبەجێنەکراوە.

---

[1] لە کاتی جێبەجێ کردنی ئامرازی چاودێری کە پێویستی بە زیاتر لە یەك واژۆ هەیە وەکو پێکهێنانی لیژنەی بەدواداچوون کە پێویستی بە زیاتر لە یەك ئەندام هەیە ئەندامێك واژۆی کردبێت لەسەر ئەو داواکاریە، بە یەك جار هەژمار دەکرێت.

**دوو**: پاکی هەنگاوەکان یەکسانە بە ژمارەی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی دابەشی ژمارەی داواکاری وەرگرتنەوەی متمانە.

أ- (کەمتر لە ٥٪)پەرلەمانێکی دەستپاك

ب- (لە نێوان ٥-١٠٪) دەستپاکی سنوردارە

ت- (لە نێوان ١٠-٢٥٪)دەستپاکی کەمە

پ- (لە نێوان ٢٥-٥٠٪) دەستپاك نییە

ج- (لە ٥٠٪ زیاتر)پەرلەمانیکی گەندەڵە

لەم خولەدا هیچ داواکارییەکی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی جێبەجێنەکراوە.

**سێ**: دروستی ڕێوشوێنەکان یەکسانە بە ژمارەی تۆمەتبارکردن لە ڕووی دادگاکانەوە، دابەشی ژمارەی بڕیارەکانی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی.

أ- (کەمتر لە ٥٪) پەرلەمانێکی دەستپاك

ب- (لە نێوان ٥-١٠٪) دەستپاکی سنوردارە

ت- (لە نێوان ١٠-٢٥٪) دەستپاکی کەمە

پ- (لە نێوان ٢٥-٥٠٪) دەستپاك نییە

ج- (لە ٥٠٪ زیاتر) پەرلەمانیکی گەندەڵە

لەم خولەدا هیچ داواکارییەکی وەرگرتنەوەی پارێزبەندی جێبەجێنەکراوە.

**چوار**: دروستی هەڵسوکەوتەکان یەکسانە بە ژمارەی سەلماندنی تۆمەتەکە لەسەر ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان.

أ- (کەمتر لە ٥٪) پەرلەمانیکی دەستپاکە

ب- لە نێوان ٥-١٠٪ دەستپاکی سنوردارە

ت- (لە نێوان ١٠-٢٥٪)دەستپاکی کەمە

پ- (لە نێوان ٢٥-٥٠٪) دەستپاك نییە

ج- (لە ٥٠٪ زیاتر) پەرلەمانیکی گەندەڵە

لە خولی گرێدانی بەهارەدا لە ڕۆژی ٢٠٢١/٦/٢٢ سەرۆکی پەرلەمان بە بڕیارێك ئەندامانی پەرلەمانی قەدەغەکرد کە سەردانی پرۆژەکان بکەن بەمەبەستی چاودێری، هۆکارەکەیش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە گوایە چەند ئەندامێك لەبەرامبەر دەستهەلگرتن لە کاری چاودێریی پرۆژەکان داوای ڕەشوەیان لە خاوەنی پرۆژەکان کردبێت. تا ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەم بڕیارەی سەرۆکی پەرلەمان گۆڕانکاری تیادا نەکراوە. ئەمەش گومان دەخاتە سەر پرۆسەی چاودێریی ئەندامان و کاری پەرلەمانی.

ئەمەش دەری دەخات کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە گومان لەسەر ئەندامانی پەرلەمان هەیە.

## دووەم: چاودێری لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن

### ١- چاودێری لەسەر دەسەڵاتی جێبەجی کردن

أ- ژمارەی داواکاری ئامرازەکانی لێپرسینەوە (پرسیار و لێپرسینەوە) کە ئاراستەی حکومەت کراوە.

(ژمارەی پرسیار بەردەست نیە، هیچ پرسانەنێکیش نەکراوە)

ب- ژمارەی وەڵامی فەرمی حکومەت کە قەناعەتپێکراوە سەبارەت بە لێپرسینەوە. (هیچ پرسانەنێکیش نەکراوە)

ت- ژمارەی لێپرسینەوە تایبەت بە بودجەی گشتی دەوڵەت. (هیچ لێپرسینەوەیەك نەکراوە).

پ- ژمارەی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە کە پێکهێنراون. (هیچ لیژنەیەکی لێکۆلینەوە پێك نەهێنراوە).

ج- ژمارەی لێپرسینەوەکان کە بوون بە داواکاری لێسەندنەوەی متمانە. (هیچ داوایەکی لێپرسینەوە نەبووە).

ح- ژمارەی دەنگدان لەسەر متمانەی وەزیر. (هیچ دەنگدانێك بەمەبەستی وەرگرتنەوەی متمانە لە وەزیر نەکراوە).

خ- ژمارەی دەنگدانی لەسەر لێسەندنەوەی متمانە لە حکومەت. (هیچ دەنگدانێك بەمەبەستی وەرگرتنەوەی متمانە لە وەزیر نەکراوە).

### ٢- رۆڵی یاسادانانی پەرلەمان

أ- ژمارەی پرۆژە یاساکان کەتاوتویٚ کراون لە خولی پەرلەمانیدا. (٩) پێشنیاز و پرۆژە یاسا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە.

ب- ژمارەی یاساکان کە پەسەند کراون لە میانی خولی پەرلەمانیدا. (١١) یاسا پەسەندکراوە.

ت- رێژەی دەستپێشخەری ئەندامانی پەرلەمان. لەم خولی گرێدانەدا هیچ بیرۆکەیەك لەلایەن ئەندامانەوە پێشکەش نەکراوە.

پ- ژمارەی ئەو یاسایانەی کە پەرلەمان چەند جارێك هەمواری کردۆتەوە پاش پەسەندکردنی. لەم خولە (٤) یاسایە، (یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٢١). (یاسای (هەمواری جێبەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانانی ژمارە ٧٦ی ساڵی ١٩٨٣). (یاسای (هەمواری یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ لە هەرێمی کوردستان-عێراق). (یاسای (هەمواری یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە ژمارە (٨) ساڵی ٢٠٠٨ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق).

أ- ژمارەی ئەو یاسایانەی کە پەرلەمان پەسەندی کردوون لە بنچینەدا یاسای عێراقی فیدراڵن و بەرکار کراون. لەم خولەدا (٢) یاسایە، (یاسای (هەمواری جێبەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانانی ژمارە ٧٦ی ساڵی ١٩٨٣)، (یاسای یاسای بەرکارکردنی یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراوی ئالۆگۆرکردن لە بازارە نێوخۆییەکانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراوی عێراقی فیدراڵ.)

ب- ژمارەی ئەو یاسایانەی کە سەرۆکی هەرێم رەتیکردۆتەوە. (هیچ یاسایەك رەتنەکراوەتەوە).

ت- ژمارەی ئەو یاسایانەی کە لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند کراون، بەڵام دادگا هەڵپەساردوون بەمەبەستی زانینی ئەوەی تا چەند دەستورین. (نییە، چونکە لە هەرێمدا نە دەستور هەیە و نە دادگای فیدراڵی).

پ- ژمارەی پێشنیاری هاووڵاتیان و کۆمەڵگای مەدەنی کە لە لایەن پەرلەمانەوە تەبەنی کراون. (٣).

## ٣- پەیوەندی پەرلەمان لەگەڵ هاووڵاتیان

أ- ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان؟ (١٠ دانیشتن).

ب- ڕێژەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە لە لایەن تەلەفزیۆنەوە پەخش کراون؟ (٩ دانیشتن).

ت- ڕێژەی دانیشتنەکانی پەرلەمانی کە بەشێوەیەکی کورت پەخش کراون لە تەلەفزیۆن؟ (لە کۆی ١٠ دانیشتندا، ٢ دانیشتن پەخشی پچڕا).

پ- ئایا پەرلەمانی ماڵپەری ئەلکترۆنی هەیە؟ (بەڵێ).

ج- ئایا ئەو ماڵپەڕە ئەکتیڤە و بەشێوەیەکی بەردەوام ئەبدەیت دەکرێتەوە؟ (بەڵێ ئەبدەیت دەکرێتەوە، بەڵام زۆری زانیاری گرنگ هەیە لەسەر کاری پەرلەمانی تیایدا نییە، هەروەها، چەندین یاسا و بڕیاری پەرلەمانی کە پەسەندکراوە لە ماڵپەڕ بڵاوناکرێتەوە).

ح- ژمارەی یاداشتی دانیشتنەکان کە بەردەستە لەو سایتە؟ (نییە).

خ- ژمارەی بەیاننامەی دەرچوو لە لایەن پەرلەمانەوە لە ماوەی ئەو خولە؟ (١٤) بەیانی ڕاگەیاندووە، کە پێکهاتووە لە: (٥) پەیامی هاوخەمی بەبۆنەی پرسەوە، (٤) پەیامی ئیدانە، (٣) پەیامی پیرۆزبایی، (١) پەیامی هاوخەمی و (١) سوپاس و پێزانین و هیچ بەیاننامەیەکیشی نەبووە.

د- ئایا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی داهاتوو بڵاودەکرێتەوە پێش سازکردنی؟ بەڵێ.

ژ- ئایا هاووڵاتی دەتوانن سەردانی پەرلەمانی بکەن وئامادەی دانیشتەکان بکەن؟ هاووڵاتیان بە ئاسانی ناتوانن بەشداریی دانیشتنەکان بن و ڕێگرییان لێ دەکرێت. گوایە ڕێکاریی پەیڕەوی هەیە بۆ ئامادەبوونی ڕێکخراوەکان و هاووڵاتیان، بەڵام دیار نییە بە چ میکانیزمێك ڕێگە بە ڕێکخراوەکان دەدرێت، ئێمە لە ئینیستیتیوتی پەی کە ماوەی (٩) ساڵە چاودێری پەرلەمان دەکەین، ڕێگە بە تیمەکانی ئێمە نادرێت نەك بەشداری دانیشتنەکان بکەن، بەڵکو ڕێگە نادرێت راپۆرتەکانی پرۆژەکەش بخرێنە ناو سندوقی ئەندامانی پەرلەمان. لە کۆبوونەوەی سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٩/٣ لە سلێمانی ئەنجامدرا سەرۆکی پەرلەمان لەبەردەم میدیاکان و ڕێکخراوەکاندا جەختی لەوە کردەوە کە ڕێگە بە ئینستتیوتی پەی نادات بچنە ناو پەرلەمانەوەو کارەکانیان ئەنجامبدەن.

## سێیەم: پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی ئاستی چالاکی ئەندامەکان

### ١- پابەندبوونی پەرلەمان

أ- ڕێژەی ئەو دانیشتنانەی کە ئەندام پەرلەمان ئامادەی دەبێت لە کۆی ژمارەی دانیشتنەکان لە خولی گرێدان.

*لە خشتەی ژمارە (٥) تایبەتە بە ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان.

ب- ژمارەی ناردنی پەرلەمانتاران بۆ نوسینگەی پەرلەمان بەمەبەستی گرتنی ڕێوشوێن دژی. (نییە)

ت- ژمارەی ناردنی پەرلەمانتارەکانی بۆ لیژنەی بەهاکان. (نییە)

پ- ژمارەی دەرکردنی سزا دژی ئەندام پەرلەمان. (نییە)

ج- ژمارەی ئەندامەکان کە پارێزبەندیان لەسەر هەڵگیراوە. (نییە)

ح- ڕێژەی ئەو پەرلەمانتارانەی کە لەسەرجەم دانیشتنەکان ئامادەبوون. (لەم خولەدا بەردەست نییە، چونکە لە کۆی (١٠) دانیشتندا سەرۆکایەتی ناوی ئامادەبوانی لە (٤) کۆبوونەوەدا ڕاناگەیاندووە).

خ- ژمارەی ئەو پەرلەمانتارانەی کە هەرگیز قسەیان نەکردووە لەماوەی خولی پەرلەمانی. ( ٤ پەرلەمانتار).

### ٢-یاسادانان لە لایەن پەرلەمانتارانەوە

أ- ژمارەی پێشنیاری پرۆژە یاساکان کە پەرلەمانتار پێشنیاری کردووە لە ماوەی خولەکەدا؟ (٥ پێشنیان).

ب- ژمارەی پێشنیاری هەمووارکردنی یاساکان کەلەلایەن پەرلەمانتارانەوە پێشکەش کراوە لەخولەکەدا؟ ( ٣ پێشنیان).

ت- ژمارەی ئاراستەکردنی پرۆژەی هەموارکردنی پێشکەشکراو لە لایەن پەرلەمانتارەوە بۆ لیژنەکان؟ (نییە).

پ- ژمارەی پێشنیازە خودییەکان (خوازراوەکان) کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە؟ (نییە).

ج- ژمارەی بەشداریکردنی پەرلەمانتار لە وتوێژەکان لە دانیشتنەکان؟ (١٠٤ پەرلەمانتار).

ح- ژمارەی وتوێژەکان کە پەرلەمانتار بەشداری تیادا کردووە لە لیژنە؟ (بەردەست نییە).

### ٣- ڕۆڵی چاودێری پەرلەمانتار

**أ-** ژمارەی بەیاننامە بەپەلە کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لەماوەی خولەکەدا؟ (بەردەست نییە).

ب- ژمارەی داواکاری کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لە ماوەی خولەکەدا؟ (بەردەست نییە).

ت- ژمارەی پرسیارەکان کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لە ماوەی خولەکەدا؟ (بە تەواوی بەردەست نییە، بەڵام بەپێی وتەی سەرۆکی پەرلەمان ٤٥٢ پرسیا وەڵامنەدراوەتەوە).

پ- ژمارەی پرساندنەکان کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لە ماوەی خولەکەدا؟ (نییە).

ج- ژمارەی پێشنیار کە پەرلەمانتار پێشکەشی کردووە لە ماوەی خولەکەدا و ئایا باس کراوە لە دانیشتنەکان؟ (٥) داوکاری بەژمارەی یاسایی ئەندامان پێشکەشکراوە، (بەڵام تەنها یەك دانەیان خرایە بەرنامەی کارەوە).

ح- ئایا پەرلەمانتار بەشداری کردووە لە داواکردنی لێسەندنەوەی متمانە لە حکومەت؟ (نەخێر).

خ- ئایا پەرلەمانتار بەشداری کردووە لە تۆمەتبارکردنی وەزیر؟ (نەخێر).

د- ژمارەی سەردانەکان کە پەرلەمانتار ئەنجامی داوە لە چوارچێوەی کارەکانی لیژنە؟ (٢٧ سەردان).

## ٤- چالاکی پەرلەمانتار لە لیژنە پەرلەمانییەکان

أ- رێژەی بەشداری کردنی پەرلەمانتار لە لیژنەی هەمیشەیی و کاتییەکان؟ (رێژەی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە کۆبوونەوەی لیژنەکاندا بەردەست نییە، چونکە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو رێژەیە ئاشکرا ناکات).

ب- ژمارەی بەشداری کردنی پەرلەمانتار لە لیژنەکانی دیکە؟ (بەردەست نییە، چونکە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو رێژەیە ئاشکرا ناکات).

ت- ژمارە پێشنیار و بیرۆکە کە پەرلەمانتار پێشکەشی لیژنەکەی کردووە وتەبەنی کراوە لە راپۆرتەکاندا؟ (بەردەست نییە).

## ٥- هەماهەنگی پەرلەمانتار لەگەڵ هاووڵاتیان

أ- ئایا پەرلەمانتار نوسینگەی هەیە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هاووڵاتیان؟ نەخێر، تەنها نوسینگەی پەرلەمان هەیە لە چەند شارێکی هەرێمی کوردستان، لە نوسینگەکانیشدا تەواجدی پەرلەمانتار وەك پێویست نیە.

ب- ئایا پەرلەمانتار پێگەی ئەلکترۆنی هەیە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ هاووڵاتیان؟ (نەخێر)، بەشی زۆر ئەندامان تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکی و بیروڕاکانیان.

## ١- دانیشتنەکانی پەرلەمان:

لە ماددەی (٥١) لە پەیڕەوی ناوخۆ، هاتووە ڕۆژانی (سێ شەممە، چوار شەممە)ی هەموو هەفتەیەك بۆ دانیشتنی پەرلەمان تەرخانکراوە، واتە دەبێت پەرلەمان هەموو خولێکی گرێدان نزیکەی (٤٠) دانیشتن ئەنجام بدات، بەڵام نە لە خولی بەهارە و نە لە هیچ خولێکی تردا دانیشتنەکان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە، لە خولی بەهارەدا تەنها (١٠) دانیشتن کراوە، کە (74:56) حەفتا و چوار کاتژمێر و پەنجا وشەش خولەکی خایاندووە (١ی ئازاری ٢٠٢٢ بۆ ٣١ی ئابی ٢٠٢٢)، واتە بە (سێ ساڵ و نۆ مانگ و بیست و چوار ڕۆژ)، تەنها (٩٩) دانیشتن کراوە، کۆی کاتی کۆبوونەوەکانیش نزیکەی (345:14) سێ سەد و چل و پێنج کاتژمێر و چواردە خولەك کۆبوونەتەوە، لەکاتێکدا لەو ماوەیە پێویست بوو بەلای کەمەوە (٢٨٠) دانیشتن ئەنجام بدرابووایە.

### خشتەی (١)

### دانیشتنەکانی پەرلەمان لە خولی بەهارە (٢٠٢٢/٣/١ – ٢٠٢٢/٨/٣١)

| ژ | ڕۆژی بانگهێشت | ڕۆژی دانیشتن | ژمارەی دانیشتن | ژمارەی برگەکانی کار | ژ. برگەی جێبەجێکراو | ماوەی دانیشتنەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٢٢/٢/٢٧ | ٢٠٢٢/٣/١ | ١ | 6 | 5 | 3:08 |
| ٢ | ٢٠٢٢/٣/١ | ٢٠٢٢/٣/٢ | ٢ | 1 | 1 | 5:06 |
| ٣ | ٢٠٢٢/٥/٣١ | ٢٠٢٢/٦/٢ | ٣ | 4 | 3 | 6:45 |
| ٤ | ٢٠٢٢/٦/٥ | ٢٠٢٢/٦/٧ | ٤ | 2 | 2 | 4:47 |
| ٥ | ٢٠٢٢/٦/١٠ | ٢٠٢٢/٦/١٢ | ٥ | 2 | 1 | 0:20[٢] |
| ٦ | ٢٠٢٢/٦/١٣ | ٢٠٢٢/٦/١٥ | ٦ | 3 | 2 | 5:49 |
| ٧ | ٢٠٢٢/٦/٢٠ | ٢٠٢٢/٦/٢٢ | ٧ | 6 | 4 | 5:25 |
| ٨ | ٢٠٢٢/٦/٢٢ | ٢٠٢٢/٦/٢٣ | ٨ | 2 | 1 | 5:23 |
| ٩ | ٢٠٢٢/٦/٢٥ | ٢٠٢٢/٦/٢٧ | ٩ | 3 | 3[٣] | 1:53 |
| ١٠ | ٢٠٢٢/٦/٢٧ | ٢٠٢٢/٦/٢٩ | ١٠ | 2 | 2 | 36.20 |
| سەرجەم | | | 10 | 31 | 24 | 74:56 |

[٢] بە کۆی دەنگی (٦٠) پەرلەمانتار کۆبونەوەکە بەداخراوی ئەنجامدراوە.

[٣] تەنها برگەی سێیەم خاڵی یەکەم جێبەجێ نەکرا.

## خشتەی (٢)

## خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە و پێشنیازە یاساکان و بڕیارەکان لە خولی بەهارە

| ژ | ناوی پرۆژە یاسا | خوێندنەوەی یەکەم | پێشکەشکراوە لەلایەن | ئاراستەی ئەم لیژنانە کرا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پێشنیازەیاسای ئەرك و مافەکانی هێزکاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان–عێراق | دانیشتنی ژمارە (٣) لە (٢٠٢٢/٦/٢) | ئەندامانی پەرلەمان[٤] | – یاسایی<br>– تەندروستی |
| ٢ | پرۆژەیاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان–عێراق | دانیشتنی ژمارە (٣) لە (٢٠٢٢/٦/٢) | ئەنجومەنی وەزیران | – یاسایی<br>– شارەوانی |
| ٣ | پرۆژەیاسای دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان–عێراق | دانیشتنی ژمارە (٣) لە (٢٠٢٢/٦/٢) | ئەنجومەنی وەزیران | – یاسایی<br>– پەروەردە |
| ٤ | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠٢٢/٦/٢٢) | ئەنجوومەنی وەزیران | – یاسایی<br>– تەندروستی |
| ٥ | پرۆژە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠٢٢/٦/٢٢) | ئەنجومەنی وەزیران | – یاسایی<br>– وزە و سامانە سروشتیەکان |
| ٦ | پێشنیازەیاسای سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستان–عێراق[٥] | دانیشتنی ژمارە (٩) لە (٢٠٢٢/٦/٢٧) | ئەندامانی پەرلەمان[٦] | – یاسایی<br>– تەندروستی |

---

[٤] پێشنیازەیاسای (ئەرك و مافەکانی هێزکاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان–عێراق)، لەلایەن ئەم ئەندامانەوە واژۆ کراوە: (سەباح مەحمود محەمەد، شایان کاکە ساڵح، شنۆ ئەشقی عەبدوڵڵا، زانا خالید سمایل، ڕۆژان ئیبراهیم عەلی، گەلاوێژ عوبێد عوسمان، بەختیار شوکری سلێمان، لوقمان حەمەد حاجی، موسلیم عەبدوڵڵا ڕەسوڵ، جەلال محەمەد ئەمین، نەجات شەعبان عەبدوڵڵا ، خەدیجە عومەر تەها، گوڵیزار ڕەشید حاجی، جیهاد حەسەن ئیبراهیم، بژار خالید عەبدوڵڵا، عەباس فەتاح ساڵح).

[٥] ئەم پرۆژەیە لەراستیدا هەموارە، چونکە یاساکە هەیە کە (یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٩ی یاسای سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستیەکانی هەرێمی کوردستان–عێراق)، هەر هەمان یاسا پێشتر هەموارێکیشی کراوە بە ناوی (یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٠٠ی یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٩٩ی سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستیەکان)، کەچی لە پرۆژەیاساکە و خوێندنەوەیدا وەك یاسایەکی سەربەخۆی تازە هاتووە.

[٦] پێشنیازە یاسای (سەندیکای خاوەن پیشە تەندروستییەکانی هەرێمی کوردستان–عێراق)، لەلایەن ئەم ئەندامانەوە واژۆ کراوە: (سەباح مەحمود محەمەد، زانا خالید سمایل، زیاد جەبار محەمەد، لوقمان حەمەد حاجی، نەجات شەعبان عەبدوڵڵا، ڕیڤینگ محەمەد محەمەد، زاهیر محەمەد عەلی، شنۆ ئەشقی عەبدوڵڵا، ڕۆژان ئیبراهیم عەلی، شیرین یونس عەبدوڵڵا، بەختیار شوکری سلێمان، عوسمان کەریم سوارە، گەلاوێژ عوبێد عوسمان، جەلال محەمەد عەبدوڵڵا، ئیدریس ئیسماعیل عەبوش، سەروان محەمەد عەلی، ئیحسان محەمەد سەلیم، زیکری ئەحمەد ئیسماعیل، سەلمە فاتیح تۆفیق، هێرش حەسەن حەمەد، سەرکۆ ئازاد حوسێن، هەژان حەسەن ئەحمەد، ڕۆژان محەمەد کەریم، ڕۆبینە ئۆمیلك عەزیز، چیا حەمید شەریف، فاهیك کەمال سوغون، سارا دڵشاد بەکر، بەهجەت عەلی ئیبراهیم، جیهاد حەسەن ئیبراهیم، موحسین حوسێن مستەفا، بەهمەن کاك عەبدوڵڵا ئەحمەد، جنان جەبار بویا، سەعید مستەفا تەترخان، لیزا فەلەکەدین کاکەیی، سەوسەن محەمەد میرخان، لەیلا عەبدولجەبار حەدۆ، گولستان باقی سلێمان، زێدان ڕەشیدخان ئاودەل، ژیان تاهیر ئەحمەد، کلارا عودیشۆ یەعقوب، هەدیە موراد حەیدەر، سەلام عەبدوڵڵا حەسەن، حەسیبە سەعید ئیبراهیم، حیکمەت محەمەد عبوزێد،

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧ | پێشنیازەیاساکانی پاراستنی ئاژەڵان لە هەرێمی کوردستان–عێراق) و پاراستنی مافی ئاژەڵان | دانیشتنی ژمارە (٩) لە (٢٠٢٢/٦/٢٧) | ئەندامانی پەرلەمان[٧] | – یاسایی<br>– کشتوکاڵ |
| ٨ | پێشنیازەیاسای لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە (٢٠٢٢/٦/٢٩) | ئەندامانی پەرلەمان[٨] | – یاسایی<br>– رۆشنبیری |
| ٩ | پێشنیازەیاسای سەندیکای بایۆلۆجیانی هەرێمی کوردستان | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە (٢٠٢٢/٦/٢٩) | ئەندامانی پەرلەمان[٩] | – یاسایی<br>– تەندروستی<br>– رۆشنبیری |

جوان یونس محەمەد، رێبوار عەبدولرەحیم عەبدوڵلا، لەنجە ئیبراهیم عەبدولرەحمان، نزار عەبدولغەفار عەزیز، وەیسی سەعید وەیسی، هەڵکەوت ئەنوەر خەلیفە، بژار خالید عەبدوڵلا).

[٧] پێشنیازەیاسای (پاراستنی ئاژەڵان لە هەرێمی کوردستان–عێراق) و پاراستنی مافی ئاژەڵان)، بە دوو پێشنیازە یاسا بە یەك ناونیشان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان (شێرکۆ جەودەت مستەفا، ئەبوبەکر عومەر عەبدوڵلا، سەرچنار ئەحمەد مەحمود، ئیسماعیل عەلی تەها، هەلز ئەحمەد محەمەد، هەورامان حەمە شەریف، روپاك ئەحمەد ڕەحمان، گۆران عومەر عەلی، بەدریە ئیسماعیل مەحمود، موسلیم عەبدوڵلا ڕەسوڵ، روپاك ئەحمەد ڕەحمان) و (گولستان سەعید محەمەد، بەڵێن ئیسماعیل حاجی، شایان کاکە ساڵح، عەلی حەمە ساڵح، دابان محەمەد حوسێن، گۆران عومەر عەلی، یاسین خزر تەها، ئاشنا عەبدوڵلا قادر، جەلال محەمەد ئەمین، رزگار محەمەد مەحمود، شاخەوان رەئوف مستەفا و شیرین ئەمین عەبدولعزیز) واژۆ کراوە.

[٨] پێشنیازەیاسای (لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان)، لەلایەن ئەم ئەندامانەوە واژۆ کراوە: (سەلمە فاتیح توفیق، ئازاد ئەکرەم بەهرام، لوقمان حەمەد حاجی، رۆژان محەمەد کەریم، شنۆ ئەشقی عەبدوڵلا، فەیسەڵ عەباس عەولا، شادی نەوزاد وەهاب، سارا دڵشاد بەکر، عومەر عەبدوڵلا فەتاح، بەدریە ئیسماعیل مەحمود، موسلیم عەبدوڵلا ڕەسوڵ و روپاك ئەحمەد ڕەحمان).

[٩] پێشنیازەیاسای (سەندیکای بایلۆجی هەرێمی کوردستان)، لەلایەن ئەم ئەندامانەوە واژۆ کراوە: (زانا خالید سمایل، سەباح مەحمود محەمەد، زاهیر محەمەد عەلی، نەجات شەعبان عەبدوڵلا، چیا حەمید شەریف، وەیسی سەعید وەیسی، رۆژان ئیبراهیم عەلی، بەهجەت عەلی ئیبراهیم، بەختیار شوکری سلێمان، گەلاوێژ عوبێد عوسمان، رێبوار عەبدولرەحیم عەبدوڵلا، سەعید مستەفا تەتەرخان، نزار عەبدولغەفار عەزیز، خەدیجە عومەر تەها، لەیلا عەبدولجەبار حەدۆ، هەدیە موراد حەیدەر، گولستان باقی سلێمان، هێڤیدار ئەحمەد سەلمان، هەڵکەوت ئەنوەر خەلیفە، لەنجە ئیبراهیم عەبدولرەحمان، حیکمەت محەمەد عبوزێد، جوان یونس محەمەد، گوڵیزار رەشید حاجی، بەهمەن کاك عەبدوڵلا ئەحمەد، زێدان ڕەشیدخان ئەودەل، ئەرشەد حوسێن محەمەد، حەسیبە سەعید ئیبراهیم، لیزا فەلەکەدین کاکەیی، مەم ئەسکەندەر مەم، موحسین حوسێن مستەفا، پێشەوا تاهیر مستەفا، رزگار عیسا سوار، بژار خالید عەبدوڵلا، عەبدولسەلام عەبدوڵلا حەسەن، سەوسەن محەمەد میرخان، ریڤینگ محەمەد محەمەد، ئیدریس ئیسماعیل عەبوش، ژیان تاهیر ئەحمەد، شوان کەریم محەمەد صادق، جەلال محەمەد عەبدوڵلا، ئیحسان محەمەد سەلیم، جیهاد حەسەن ئیبراهیم، سەفین ئاغا عومەر و سەروان محەمەد عەلی).

## خشتەی ( ٣ )

## خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە و پێشنیازە یاساکان و بڕیارەکان لە خولی بەهارە

| ژ | ناوی پرۆژە یاسا | خوێندنەوەی دووەم | پێشکەشکراوە لەلایەن | ئاراستەی ئەم لیژنانە کرا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان - عێراق) بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان. | دانیشتنی ژمارە (٢) لە (٢٠٢٢/٣/٢) | ئەنجومەنی وەزیران | - یاسایی<br>- کشتوکاڵ و ئاودێری |
| ٢ | پێشنیازەیاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراو بۆ ئاڵوگۆڕکردن لە بازاڕە نێوخۆییەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو | دانیشتنی ژمارە (٤) لە (٢٠٢٢/٦/٧) | ئەندامانی پەرلەمان | - یاسایی |
| ٣ | پێشنیازەیاسای هەمواری جێبەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانان، ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣. | دانیشتنی ژمارە (٤) لە (٢٠٢٢/٦/٧) | ئەندامانی پەرلەمان | - یاسایی<br>- کۆمەلایەتی |
| ٤ | پرۆژە یاسای (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان - عێراق). | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٢/٦/١٥) | ئەنجومەنی وەزیران | - یاسایی<br>- شارەوانی |
| ٥ | پرۆژە یاسای (دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان - عێراق | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٢/٦/١٥) | ئەنجومەنی وەزیران | - یاسایی<br>- پەروەردە و خوێندنی باڵا |
| ٦ | پێشنیازە یاسای (گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان - عێراق)، | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠٢٢/٦/٢٢) | ئەندامانی پەرلەمان | - یاسایی<br>- شارەوانی |
| ٧ | پێشنیازە یاسای (بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی واژۆی ئەلکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنیەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان-عێراق). | دانیشتنی ژمارە (٨) لە (٢٠٢٢/٦/٢٣) | ئەندامانی پەرلەمان | - یاسایی |
| ٨ | پرۆژەیاسای (هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عێراق | دانیشتنی ژمارە (٩) لە (٢٠٢٢/٦/٢٧) | ئەنجومەنی وەزیران | - یاسایی<br>- وزەو سامانە سروشتیەکان |
| ٩ | پرۆژەیاسای (هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ | دانیشتنی ژمارە (٩) لە (٢٠٢٢/٦/٢٧) | ئەنجومەنی وەزیران | - یاسایی<br>- تەندروستی و ژینگە |

## خشتەی (٤)

## یاسا و بڕیارە پەسەندکراوەکان لە خولی بەهارە

| ژ | ناوی یاسا | خوێندنەوەی سێیەم و پەسەندکردن | ئاستی جێبەجێکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| (٧٠ | ئەرشەد حوسێن محەمەد | پارتی | 0 | 4 | 1 | - | 5 |
| (٧١ | جەمال حەوێز مستەفا | یەکێتی | 0 | 5 | 0 | - | 5 |
| (٧٢ | رزگار عیسا سوار | پارتی | 2 | 1 | 1 | - | 4 |
| (٧٣ | موحسین حوسێن مستەفا | پارتی | 0 | 3 | 1 | - | 4 |
| (٧٤ | بەختیار شوكری سلێمان | پارتی | 1 | 3 | 0 | - | 4 |
| (٧٥ | لەنجە ئیبراهیم عەبدولرەحمان | پارتی | 0 | 4 | 0 | - | 4 |
| (٧٦ | زیكری ئەحمەد ئیسماعیل | یەکێتی | 0 | 1 | 3 | - | 4 |
| (٧٧ | شیرین یونس عەبدوڵلا | یەکێتی | 0 | 2 | 2 | - | 4 |
| (٧٨ | هەورامان حەمە شەریف | کۆمەڵ | 0 | 4 | 0 | - | 4 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (٧٩ | شوان کەریم محەمەد صادق | پارتی | 0 | 3 | 0 | - | 3 |
| (٨٠ | شنۆ ئەشقی عەبدوڵلا | یەکێتی | 0 | 1 | 2 | - | 3 |
| (٨١ | هەژان حەسەن ئەحمەد | یەکێتی | 0 | 3 | 0 | - | 3 |
| (٨٢ | فەیسەڵ عەباس عەولا | یەکێتی | 0 | 2 | 1 | - | 3 |
| (٨٣ | هێرش حەسەن حەمەد | یەکێتی | 0 | 3 | 0 | - | 3 |
| (٨٤ | شادی نەوزاد وەهاب | سەربەخۆ | 1 | 1 | 1 | - | 3 |
| (٨٥ | باپیر کامەلا سەلمان | هاوپەیمانی سەردەم | 0 | 1 | 1 | 1 | 3 |
| (٨٦ | هیمداد سەباح بیلال | بەرەی تورکمان | 0 | 1 | 1 | 1 | 3 |
| (٨٧ | ئازاد ئەکرەم بەهرام | میللەت | 0 | 1 | 1 | 1 | 3 |
| (٨٨ | کلارا عودیشۆ یەعقوب | گەلی ك.س.ئ سریانی | 0 | 1 | 1 | 1 | 3 |
| (٨٩ | عەبدولسەلام عەبدوڵلا حەسەن | پارتی | 1 | 1 | 0 | - | 2 |
| (٩٠ | زانا خالید سمایل | پارتی | 0 | 1 | 0 | 1 | 2 |
| (٩١ | هەدیە مراد حەیدەر | پارتی | 0 | 1 | 1 | - | 2 |
| (٩٢ | جوان یونس محەمەد | پارتی | 0 | 1 | 1 | - | 2 |
| (٩٣ | ژیان تاهیر ئەحمەد | پارتی | 0 | 2 | 0 | - | 2 |
| (٩٤ | محەمەد سەعدەدین ئەنوەر | گەشەپێدانی تورکمان | 0 | 1 | 0 | 1 | 2 |
| (٩٥ | سەباح مەحمود محەمەد | پارتی | 0 | 1 | 0 | - | 1 |
| (٩٦ | ریڤینگ محەمەد محەمەد | پارتی | 0 | 0 | 1 | - | 1 |
| (٩٧ | ئیحسان محەمەد سەلیم | پارتی | 0 | 1 | 0 | - | 1 |
| (٩٨ | جیهاد حەسەن ئیبراهیم | پارتی | 0 | 1 | 0 | - | 1 |
| (٩٩ | سەعید مستەفا تەتەرخان | پارتی | 0 | 1 | 0 | - | 1 |
| (١٠٠ | سەلمە فاتیح توفیق | یەکێتی | 0 | 1 | 0 | - | 1 |
| (١٠١ | کازم فاروق نامیق | نەوەی نوێ | - | - | - | - | - |
| (١٠٢ | جنان جەبار بویا | هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | 0 | 1 | 0 | - | 1 |
| (١٠٣ | فەرید یەعقوب ئیلیا | رافیدەین | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |
| (١٠٤ | فاهیك کەمال سوغون | ئەرمەن | 0 | 0 | 0 | 1 | 1 |
| (١٠٥ | لەیلا عەبدولجەبار حەدۆ | پارتی | 0 | 0 | 0 | - | 0 |
| (١٠٦ | ڕاهی ڕەهبەر سەیدبرایم | یەکێتی | 0 | 0 | 0 | - | 0 |
| (١٠٧ | رۆبینە ئۆمیلك عەزیز | هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | 0 | 0 | 0 | - | 0 |
| (١٠٨ | سارا دلشاد بەکر | گەشەپێدانی تورکمان | 0 | 0 | 0 | - | 0 |
| | **کۆی گشتی** | | 45 | 926 | 215 | 16 | 1202 |

## خشتەی (١١)
## پوختەی کاری لیژنەکانی پەرلەمان لە خولی بەهارە

| ژ | ناوی لیژنە | ژ. پرۆژەیاسا و بڕیارکە ئاراستەکراوە | ژ.ڕاپۆرتی نوسراو لەسەر پرۆژە یاساکان | ژ.کۆبوونەوە | دانیشتنی گوێ لە یەکگرتن | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە سەردانی مەیدانی | بەشداری دەستەی سەرۆکایەتی لە دانیشتنەکان | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کاروباری یاسایی | 9 | 4 | 7 | 0 | 0 | 1 | 0 | 0 |
| ٢ | دارایی و کاروباری ئابووری | 0 | 0 | 8 | 2 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ٣ | کاروباری پێشمەرگە | 0 | 1 | 7 | 1 | 2 | 0 | 0 | 1 |
| ٤ | ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان | 0 | 0 | 3 | 0 | 0 | | 0 | 0 |
| ٥ | کشتوکاڵ و ئاودێری | 1 | 0 | 4 | 1 | 1 | 1 | 0 | 0 |
| ٦ | پەروەردە و خوێندنی باڵا | 1 | 1 | 4 | 2 | 0 | 0 | 2 | 0 |
| ٧ | کاروباری تەندروستی و ژینگە | 4 | 2 | 10 | 2 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ٨ | کاروباری شەهیدان و جینۆساید | 0 | 0 | 10 | 7 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ٩ | پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی | 0 | 0 | 7 | 0 | 5 | 0 | 0 | 0 |
| ١٠ | ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم | 0 | 0 | 4 | 1 | 1 | 0 | 0 | 0 |
| ١١ | وزەو سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی | 1 | 1 | 6 | 0 | 2 | 0 | 0 | 0 |
| ١٢ | شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن | 1 | 2 | 8 | 0 | 3 | 5 | 2 | 0 |
| ١٣ | ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان | 0 | 0 | 7 | 0 | 1 | 0 | 0 | 0 |
| ١٤ | ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی | 2 | 0 | 2 | 2 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ١٥ | دەستپاکی | 0 | 0 | 7 | 1 | 4 | 0 | 1 | 0 |
| ١٦ | کاروباری پەرلەمان و سکاڵا | 0 | 0 | 3 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| ١٧ | ئەوقاف و کاروباری ئایینی | 0 | 1 | 6 | 0 | 4 | 0 | 0 | 0 |
| ١٨ | کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ | 0 | 1 | 10 | 3 | 4 | 3 | 1 | 1 |
| ١٩ | داکۆکی کردن لە مافی ئافرت | 0 | 1 | 7 | 2 | 0 | 3 | 0 | 0 |
| | **سەرجەم** | 19 | 14 | 120 | 24 | 27 | 12 | 6 | 2 |

## بیرۆکەی ئەندامان

لەم خولی گرێدانی بەهارەدا (١ی ئازاری ٢٠٢٢ بۆ ٣١ی ئابی ٢٠٢٢) هیچ بیرۆکەیەك لەلایەن ئەندامانەوە پێشکەش نەکراوە.

# ئەركەكانی پەرلەمان

## یەكەم- ئەركی یاسادانان:

### ١- دانیشتنەكانی پەرلەمان:

لە ماددەی (٥١) لە پەیڕەوی ناوخۆ، هاتووە ڕۆژانی (سێ شەممە، چوار شەممە)ی هەموو هەفتەیەك بۆ دانیشتنی پەرلەمان تەرخانكراوە، واتە دەبێت پەرلەمان هەموو خولێكی گرێدان نزیكەی (٤٠) دانیشتن ئەنجام بدات، بەڵام لەم خولەدا (١٠) دانیشتنی پەرلەمان سازكراوە، بڕگەكانی بەرنامەی كار (٣١) بڕگە بووە و (٢٤) بڕگەی جێبەجێ كراوە، كۆی كاتی كۆبوونەوەكان نزیكەی (74:56) حەفتا و چوار كاتژمێر و پەنجا و شەش خولەك بووە، خوێندنەوەی یەكەم بۆ (٩) (پێشنیاز و پرۆژە یاسا و بڕیار) و خوێندنەوەی دووەم بۆ (١٠) (پێشنیاز و پرۆژە یاسا و بڕیار) كراون، تەنها (١١) یاسا پەسەندكراون.

*** دانیشتنی ژمارە (١)ی ئاسایی خولی بەهارە لە (٢٠٢٢/٣/١).**

**بەرنامەی كاری دانیشتنەكە:**

یەكەم: یەك دەقیقە بێدەنگ وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی كوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی..

دووەم: كردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن لەلایەن سەرۆكی پەرلەمان، بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم) لە ماددەی (٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

سێیەم: وتەی بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بەبۆنەی كردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان-عێراق

چوارەم: وتەی بەڕێزان سەرۆك فراكسیۆنەكانی پەرلەمان بەبۆنەی كردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی چوارەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان-عێراق، لە (٥) خولەك كەمتر بێت.

پێنجەم: دەنگدان لەسەر ئەم پرۆژە و پێشنیازەیاسایانەی خوارەوە، بەپێی حوكمی ماددەكانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦، ٩٧)، لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

١- پێشنیازەیاسای (پاراستنی ئەرشیف) لە هەرێمی كوردستان-عێراق.

٢- پرۆژەیاسای (چەك) لە هەرێمی كوردستان-عێراق.

٣- پرۆژەیاسای (هەمواری یەكەمی یاسای وەزارەتی كارەبا لە هەرێمی كوردستان-عێراق، ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١.

شەشەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی كوردستان-عێراق)، بەپێی حوكمی ماددەكانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەكە:**

- كۆبوونەوەكە لەلایەن بەڕێز (د. ڕێواز فایق) سەرۆكی پەرلەمانەوە سەرۆكایەتی كرا.
- كۆبوونەوەكە لەكاتی خۆیدا ئەنجامنەدرا، وا بڕیاربوو كاتژمێر (١٢) بەڕێوەبچێت، كەچی (٤٥) خولەك دواكەوت و (١٢:٤٥) خولەك كۆبونەوەكە دەستی پێكرد.
- ئامادەبوون و نەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی پێشوو نەخوێندرایەوە.
- ناوی ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە كۆبونەوەكانی لیژنەكانی پەرلەمان نەخوێندرایەوە.

– بەپێی خاڵی سێیەمی بەرنامەی کاری دانیشتنەکەش، سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کردنەوەی خولی بەهارە، وتەیەکی پێشکەش کرد.

– سەبارەت بە پرۆسەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند: "سەرجەم هێزە سیاسییەکان و فراکسیۆنەکانی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە هەڵبژاردن لە وادەی یاسایی خۆیدا ئەنجام بدرێت و پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی وەربگرێت، بۆیە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە کە کاری لێبڕاوانە بۆ ئەنجامگەیاندنی ئەم هەڵبژاردنە لە کاتی خۆیدا بکات، لە ڕێی نەهێشتن و چارەسەرکردنی سەرجەم ئەو ئاستەنگانەی دەبنە لەمپەر لەبەردەم پرۆسەکە و بە دیاریکراوی ئاستەنگە یاسایی و تەکنیکییەکان."

– سەرۆکی پەرلەمان داوای لە فراکسیۆنەکان و ئەندامانی پەرلەمان کرد کە پێکەوە کار بکەن و هاوکاری یەکتر بن لە لێککنزیکبوونەوە و لێکتێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان لایەنەکاندا و گەیشتن بە سازانی نیشتیمانی لەو پێناوەدا بە ئاراستەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێك کە متمانە و زەمینەی گیانی پێکەوە کارکردنی ئایندەیی برەخسێنێت.

– لە کۆتایی وتارەکەشیدا، وتی: "دوا وەرزی ئەم خولەی پەرلەمانە بەجۆرێك دابەش بکەن کە ببێتە مایەی جێبەجێکردنی پلانی یاساکاری و ئەو پێشنیاز و پرۆژانەی کە پەیوەستن بە کەرتە خزمەتگوزای و ئابوورییەکان بکەینە کاری لە پێشینەمان و پەسەندیان بکەین."

– وتاری فراکسیۆنەکان بەبۆنەی دەستپێکردنی خول خوێندرایەوە، کە لە خشتەی (٦) ئاماژەی پێکراوە.

– لەکاتی قسەکانی (ئازاد ئەکرم) پشێوی دروست بوو، چونکە بە زمانی تورکمانی قسەی کرد.

– لەلایەن عەلی حەمە ساڵح و چەند ئەندامێکی تر دەنگە دەنگ درووست بووە، بۆیە سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی نەدان خالی پەیرەو بڵێن.

– خاڵی شەشەمی بەرنامەی کار جێبەجێ نەکرا دواخرا.

– هیچ وەزیریك ئامادەی کۆبونەوەکە نەبوو.

– پێشنیازەیاسای (پاراستنی بەڵگەنامەی نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان–عێراق)، بەدەنگی (٨٤) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا.

– پێشنیازەیاسای (چەك) لە هەرێمی کوردستان–عێراق، بەدەنگی (٦٨) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا.

– پێشنیازەیاسای (هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی کارەبا لە هەرێمی کوردستان–عێراق، ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١)، بەدەنگی (٦٥) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا.

– کۆبونەوەکە لە دوو کاتی جیاواز ئەنجامدرا، جاری یەکەمیان (٢:٠٧) خایاند و جاری دووەمیش (١:٠١).

– کۆبوونەوەکە ماوەی (٣) کاتژمێر و (٨) خولەکی خایاند.

* **دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی بەهارە لە (٢٠٢٢/٣/٢).**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژە یاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق) بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

– کۆبوونەوەکە لەلایەن بەڕێز (د. هێمن هەورامی) جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە سەرۆکایەتی کرا.

– کۆبوونەوەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدرا، وا بڕیاربوو کاتژمێر (١١) بەڕێوەبچێت، کەچی (٤٣) خولەك دواکەوت و (١١:٤٣) خولەك کۆبونەوەکە دەستی پێکرد.

– ئامادەبوون و نەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی پێشوو خوێندرایەوە.

– ناوی ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە کۆبونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان نەخوێندرایەوە.

– لە کاتی قسەکردنی (ڕۆمیۆ حوزەیران)، (د. هێمن هەورامی) کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی دەکرد (سەروان هەرکی) ئاگادار کردەوە لە شوێنی خۆی قسە نەکات.

– دوای ئەوەی (د.هێمن هەورامی) کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی دەکرد مایکی لەسەر (شیرین ئەمین کوژاندەوە، بەڵام ئەو بەردەوام بوو لە قسەکردن.

– (کاروان عەبدولڕەحمان) بایکۆتی دانیشتنی کرد.

– قسەکانی (مەم بورهان قانیع) کە وتی: خەڵك لە پەرلەمان بێهیوابووە " لە پرۆتۆکۆڵ سڕایەوە بە پێی ماددەی ٥٧.

– گرژی دروست بوو لە نێوان (د. هێمن هەورامی) کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی دەکرد و (مژدە مەحمود) لە کاتی قسەکردنی (بدریە ئیسماعیل)، بەڵام لە یوتوب چەنێڵی پەرلەمان لابردراوە، بەڵام لە پەرەی تایبەتی (مژدە محمود) لە فەیسبووك بڵاوکراوەتەوە.

– بەکۆی دەنگ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کرا بە بنەمای گفتوگۆ.

– (د. هێمن هەورامی) کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی دەکرد وتی پشوویێك وەردەگرین و دواتر دانیشتنەکە تەواو دەکەین.

– لە بەشی دووەمی دانیشتنەکە لە کاتی قسەکردنی (سیپان سالم) دەنگ نەما، بەڵام توانیمان کاتی قسەکردنەکەی دیاری بکەین بە هۆی ئەوەی کامێراکە پیشانی دەدات کە قسە دەکات.

– لە کاتی قسەکردنی (ئیدریس ئیسماعیل)، (د. هێمن هەورامی) کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی دەکر د (جەلال پەرێشان) ی ئاگادارکردەوە بگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

– لەکاتی قسەکردنی (یاسین خزر) ڕوونکردنەوەیدا لەسەر پرۆژە یاساکە، ئەندامانی پەرلەمان وەڵامیان دایەوە، لەبەرامبەردا ئەویش وتی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان نابێت ئەندام وەڵامی ئەندام بداتەوە.

– کۆبونەوەکە لە دوو کاتی جیاواز ئەنجامدرا، جاری یەکەمیان (٢:١٩) خایاند و جاری دووەمیش (٢:٤٧).

– کۆبونەوەکە ماوەی (٥) کاتژمێر و (٦) خولەکی خایاند.

## * دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی بەهارە لە (٢٠٢٢/٦/٢).

## بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:

یەکەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازەیاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان–عێراق)، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە و پێشنیازەیاسایانەی خوارەوە، پشت بەستن بە حوکمی برگەی (دووەم)ی ماددەی (٧٨) و ماددەی (٧٩، ٨٠) و برگەی (یەکەم)ی ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١– پێشنیازەیاسای (ئەرك و مافەکانی هێزکاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان–عێراق)).

٢– پرۆژەیاسای (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان–عێراق.

٣– پرۆژەیاسای (دەستەی متمانەبەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی بالآ لە هەرێمی کوردستان–عێراق).

سێیەم: خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی (لێژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و ماف بەکاربەر) سەبارەت بە (دەرمانی بێ کوالیتی و ماوەبەسەرچوو و قاچاغ) و (نرخی نەخۆشخانە تایبەتەکان)، بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری تەندروستی، بەپێی حوکمی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

چوارەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیازەیاسایانەی خوارەوە، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١– پێشنیازەیاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراو بۆ ئالوگۆڕکردن لە بازارە نێوخۆییەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو.

٢– پێشنیازەیاسای هەمواری جێبەجێکردنی یاسای چاودێریی نەوجەوانان، ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣.

## چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:

– کۆبونەوەکە لەلایەن بەڕێز (د. ڕێواز فایق) سەرۆکی پەرلەمانەوە سەرۆکایەتی کرا.

– کۆبونەوەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدرا، وا بڕیاربوو کاتژمێر (١٢) بەڕێوەبچێت، کەچی (٤٥) خولەك دواکەوت و (١٢:٤٥) خولەك کۆبونەوەکە دەستی پێکرد.

– ئامادەبوون و نەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی پێشوو نەخوێندرایەوە.

– ناوی ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە کۆبونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان نەخوێندرایەوە.

– هەر لە سەرەتای دانیشتنەوە کێشەی مایك هەبوو لەکاتی قسەی ئەندامان دەکوژایەوە.

– لەکاتی قسەکانی (هاوڕێ مەلا ستار) لە خالّی پەیرەو توشی کیشەی مایك دەبیتەوە سەرۆکی پەرلەمان داوای لێدەکات جیگای بگۆڕی و قسەکانی بکاتەوە.

– لە کاتی قسەکانی کاوە عەبدولقادر و مژدە مەحمود دەنگە دەنگ دروست بوو، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان مایکی لەسەریان کوژاندەوە.

– برگەی چوارەمی بەرنامەی کار جێبەجی نەکرا دواخرا.

– پێشنیازەیاسای (بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاو لە هەرێمی کوردستان)، بەدەنگی (٨٥) ئەندامی پەرلەمان پەسندکرا.

– دوو وەزیر ئامادەی دانیشتنەکە بوون ئەوانیش (د.سامان بەرزنجی) وەزیری تەندروستی و (د.ڤالا فەرید) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

– کۆبونەوەکە لە دوو کاتی جیاواز ئەنجامدرا، جاری یەکەمیان (٤:١٤) خایاند و جاری دووەمیش (٢:٣١).

– کۆبونەوەکە ماوەی (٦) کاتژمێر و (٤٥) خولەکی خایاند.

* **دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی بەهارە لە (٢٠٢٢/٧/٦).**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

* خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیازەیاسایانەی خوارەوە، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١- پێشنیازەیاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراو بۆ ئاڵوگۆرکردن لە بازاڕە نێوخۆییەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو.

٢- پێشنیازەیاسای هەمواری جێبەجێکردنی یاسای چاودێریی نەوجەوانان، ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣.

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

- کۆبوونەوەکە لەلایەن بەرێز (د. ڕێواز فایق) سەرۆکی پەرلەمانەوە سەرۆکایەتی کرا.
- کۆبوونەوەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدرا، وا بڕیاربوو کاتژمێژ (١١) بەڕێوەبچێت، کەچی (٢٣) خولەك دواکەوت و (١١:٢٣) خولەك کۆبونەوەکە دەستی پێکرد.
- ئامادەبوون و نەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی پێشوو خوێندرایەوە.
- ناوی ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە کۆبونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان خوێندرایەوە.
- لەکاتی قسەکردنی (گوڵیستان سەعید) کاتێك وتی حزبی سەوز مۆژدەی چاندنی نەمامی داوە، سەرۆکی پەرلەمان مایکەکەی کوژاندەوە لەسەری.
- سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی نەدا (عوسمان کەریم سوارە) قسەکانی تەواو بکات و وتی دووبارەیە.
- سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی نەدا (یاسین خزر) قسەکانی تەواوبکات لە کاتێکدا بە پێی پەیڕەو دەیتوانی خولەکێك قسە بکات.
- سەرۆکی پەرلەمان وتی کە سیستەمی مایك تێکچووە وە تاوەکو وەرزی تەشریعی تەواو نەبێت ناتوانرێت دەستکاری بکرێت.
- (عوسمان علی سمایل) بایکۆتی دانیشتنی کرد لەسەر ئەوەی وتی نابێت پێشنیازەیاسای هەمواری جێبەجێکردنی یاسای چاودێریی نەوجەوانان، ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ بەردەوام بێت و پێویستە دوابخرێت.
- لەکاتی قسەکردنی (لیزا فەلەکەدین) لەسەر ماددەی سێیەمی پێشنیازەیاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراو بۆ ئاڵوگۆرکردن لە بازاڕە نێوخۆییەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو پەشێوی دروست بوو و پەخش پچڕا.
- کۆبوونەوەکە ماوەی (٤) کاتژمێر و (٤٧) خولەکی خایاند.

*** دانیشتنی ژمارە ( ٥ )ی ئاسایی خولی بەهارە لە ( ٢٠٢٢/٦/١٢ ).**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە :**

یەکەم :خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی (وزە و سامانەسرووشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی) سەبارەت بە (گرانیی بازاڕ و بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیی ڕۆژانەی هاوولاتییان)، بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری بازرگانی و پیشەسازی، بەپێی حوکمی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازەیاسای (بەرکارکردن و هەموارکردنی یاسای فیدراڵی و واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان، ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧،٨٨،٨٩،٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە :**

– کۆبوونەوەکە لەلایەن بەڕێز (د. ڕێواز فایق) سەرۆکی پەرلەمانەوە سەرۆکایەتی کرا.

– کۆبونەوەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدرا، وا بڕیاربوو کاتژمێژ (١٠) بەڕێوەبچێت، کەچی (٣٠) خولەك دواکەوت و (١٠:٣٠) خولەك کۆبونەوەکە دەستی پێکرد.

– ئامادەبوون و نەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی پێشوو خوێندرایەوە.

– ناوی ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە کۆبونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان خوێندرایەوە.

– لەکاتی خوێندنەوەی ناوی ئامادەنەبون هەندێ لە ئەندامان گلەیی ئەوەیان کرد ناویان بە ئامادەنەبوو خوێندراوەتەوە لەکاتیکدا ئامادەی کۆبوونەوەکەش بوونە، سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بەوەدا کە بەدواداچوون دەکەن بۆ راستی و دروستی بابەتەکە.

– دوو وەزیر ئامادەی دانیشتنەکە بوون ئەوانیش (کەمال موسلیم) وەزیری بازرگانی و پیشەسازی و (ڤالا فەرید) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

– سەرۆکی پەرلەمان بەئاماژەدان بە ماددەی (٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ڕاگرتنی پەخشی ڕاستەوخۆی گفتوگۆکردنی ئەو خاڵەی بەرنامەی کاری دانیشتنەکەی خستە دەنگدانەوە و بە دەنگی (٦٠) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا، بەمەش کۆبونەوەکە پەخشی راستەوخۆ ڕاگیرا و دانیشتنەکە بە داخراوەیی ئەنجامدرا، تەنها ماوەی (٢٢) خولەك بلاوکرایەوە.

– بەپێی ڕاگەیەندراوێکی پەرلەمان، لە کۆبونەوە داخراوەکەدا ئەندامانی پەرلەمان سەرنج و تێبینی خۆیان لەسەر ئەو ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش خستەڕوو و چەندین پرسیاریشیان ئاراستەی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی کردوە و لە بەرامبەردا وەزیری بازرگانی و پیشەسازی وەلامی پرسیارەکانی داوەتەوە و سەرۆکی پەرلەمان سوپاسی کردوە بۆ ڕوونکردنەوەکانی و وەلامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان.

– برگەی دووەمی بەرنامەی کار لەم کۆبوونەوەیە جێبەجێنەکرا.

* **دانیشتنی ژمارە ( ٦ )ی ئاسایی خولی بەهارە لە ( ٢٠٢٢/٦/١٥ ).**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیاز و پرۆژە یاسایانەی خوارەوە، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١- پێشنیازە یاسای بەرکارکردن و هەموارکردنی یاسای فیدراڵی واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنیەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢.

٢- پرۆژە یاسای (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ـ عێراق).

٣- پرۆژە یاسای (دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

- کۆبوونەوەکە لەلایەن بەرێز (د. هێمن هەورامی) جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە سەرۆکایەتی کرا.
- کۆبوونەوەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدرا، وا بڕیاربوو کاتژمێر (١٠) بەڕێوەبچێت، کەچی (١) کاتژمێر و (٣٠) خولەك دواکەوت و (١١:٣٠) خولەك کۆبونەوەکە دەستی پێکرد.
- ئامادەبوون و نەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی پێشوو خوێندرایەوە.
- ناوی ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە کۆبونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان خوێندرایەوە.
- بەپێی حکومی یەکی ماددەی (٤٨) خاڵەکانی بەرنامەی کار بە دەنگی (٥٨) ئەندام شوێنیان ئاڵوگۆڕکرا.
- (د. هێمن هەورامی) کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی دەکرد ئەو ماددەیەی خوێندەوە کە پەیوەندی بە خاڵی پەیڕەو هەیە بۆ وەبیر هێنانێك بۆ ئەندامان.
- (د. هێمن هەورامی) کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی دەکرد ڕێگەی نەدا (ئاشنا عەبدوڵڵا) قسەکانی تەواو بکات و وتی (١) خولەك تەواو بووە.
- دوایین ئاماری ئەو پرسیارانەی کە لەلایەن ئەندامانەوە ئاڕاستە کرابوون لە (هێمن هەورامی) کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی دەکرد خوێنرایەوە:

*ژمارەی پرسیاری ئاڕاستەکراو (٣٩١٣) پرسیار.

*ژمارەی ئەو وەڵامانەی هاتونەتەوە (٣٣١٨) وەڵام.

*ژمارەی ئەو پرسیارانەی وەڵامیان بۆ نەهاتوەتەوە (٥٩٥) پرسیار.

*ژمارەی ئەو پرسیار و نوسراوانەی جەختکردنەوەیان بۆکراوە (٤٥) پرسیار.

- (هێمن هەورامی) کە سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکەی دەکرد وتی: هەر ئەندامێك وەڵامی پرسیارەکەی نەهاتوەتەوە دەتوانێت داوا بکات بۆ ئەوەی جەخت بکرێتەوە لە سەریان.
- ئەو کاتەی (دیاری ئەنوەر) قسەدەکات لە یوتوبی پەرلەمان قسەکانی لادراو، لە ڕێگای پەیوەندی تەلەفونی (دیاری ئەنوەر) وتی کاتێك لەسەر مافی خەڵك قسەم دەکرد قسەکانیان پێناخۆش بوو لایانداوە، کە ئەمەش پێشێلکردنی ئازادی ڕادەربڕینە لە نێو پەرلەمان بەڵام هیچ پشێویەك ڕووینەداوە.

– به كۆی دەنگی ئەندامان ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی كوردستان ـ عێراق) كرا بە بنەمای گفتوگۆ.

– لە دوای تێپەڕبوونی (54:39) دانیشتنەكە سەرۆكی پەلەمان ئامادەی كۆبونەوەكە بوو.

– لەكاتی خوێندنەوەی ماددەی چوارەمی پڕۆژە یاسای (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی كوردستان ـ عێراق) دووبارە دانیشتنەكە لە لایەن جێگری سەرۆكی پەرلەمان سەرۆكایەتی كراو لەكاتی دەستكردن بە خوێندنەوەی دوەم بۆ پڕۆژە یاسای (دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەكان و پڕۆگرامەكانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق سەرۆكی پەرلەمان گەڕایەوە نێو هوڵی دانیشتن .

– سەرۆكی پەرلەمان ڕێگەی نەدا (ئاشنا عەبدوڵڵا) قسەكانی تەواو بكات.

– بە دەنگی (٥٢) ئەندامی پەرلەمان ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند سەبارەت بە پڕۆژە یاسای (دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەكان و پرۆگرامەكانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق كرا بە بنەما بۆ گفتوگۆكردن.

– (د. ڤاڵا فەرید) وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان ئامادەی دانیشتنی كۆبونەوەكە بوو.

– د. ڤالا فەرید، وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان وتی "وەزیری خوێندنی باڵا بەهۆی بوونی ئیلتیزامێك لە پارێزگای سلێمانی نەیتوانی ئامادەبێت و وەكالەتی قسەكردنی داوەتە من".

– سەرۆكی پەرلەمان وتی بۆ ماوەی چارەگێك پشوو وەردەگرین.

– سەرۆكی پەرلەمان رێگای نەدا (سەرچنار ئەحمەد) قسەكانی تەواو بكات.

– دووبارە دانیشتنەكە تا كۆتایی لە لایەن جێگری سەرۆكی پەرلەمان بەڕێوەبردرا.

– بڕگەی سێیەمی بەرنامەی كار لەم كۆبوونەوەیە جێبەجێنەكرا.

– كۆبونەوەكە لە دوو كاتی جیاواز ئەنجامدرا، جار یەكەمیان (٤:١٧) خایاند و جاری دووەمیش (١:٣٢).

– كۆبوونەوەكە ماوەی (٥) كاتژمێر و (٤٩) خولەكی خایاند.

### * دانیشتنی ژمارە ( ٧ )ی ئاسایی خولی بەهارە لە ( ٢٠٢٢/٦/٢٢ ).

### بەرنامەی كاری دانیشتنەكە :

یەكەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای (بەركاركردنی یاسای فیدراڵی واژۆی ئەلكترۆنی و مامەڵەی ئەلیكترۆنیەكان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق)، بەپێی حوكمی ماددەكانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەم پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە، پشت بەستن بە حوكمی برگەی (دووەم)ی ماددەی (٧٨) و برگەی (یەكەم)ی ماددەی (٨٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

١– پڕۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨.

٢– پڕۆژە یاسای هەمواری یەكەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٧.

سێیەم: دەنگدان لەسەر ئەم پێشنیازە و پڕۆژە یاسایانەی خوارەوە بەپێی حوكمی ماددەكانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

١– پێشنیازە یاسای (هەمواری جێبەجێكردنی یاسای چاودێری نەوجەوانانی ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣).

٢– پرۆژە یاسای (دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق).

٣– پرۆژە یاسای (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق).

٤– پێشنیاز یاسای (بەرکارکردنی یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراوی ئاڵوگۆرکردن لە بازارە نێوخۆییەکانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراوی عێراقی فیدراڵ.

چوارەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای (گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق)، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پێنجەم: خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی (ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان) سەبارەت بە (هۆکاری وەستاندنی پرۆژەکانی ڕێگاوبان و تەواونەکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون لەوادەی یاسایی دیاریکراوی خۆیاندا) بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەپێی حوکمی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (٦٦) لە پەیڕەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

شەشەم: دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان (کاروان عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا) لە ئەندامییەتی لیژنەی (پەیوەندیەکان و ڕەوەندی کوردستانی)، و (سەروان محمد علی) لە ئەندامییەتی لیژنەی ( کاروباری پەرلەمان و سکاڵا)ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

## چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە :

– کۆبوونەوەکە لەلایەن بەڕێز (د.ڕێواز فایق) سەرۆکی پەرلەمانەوە سەرۆکایەتی کرا.

– کۆبوونەوەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدرا، وا بڕیاربوو کاتژمێژ (١٠) بەڕێوەبچێت، کەچی (٢٥) خولەك دواکەوت و (١٠:٢٥) خولەك کۆبونەوەکە دەستی پێکرد.

– ئەگەرچی لە دەسپێکی کۆبونەوەکە سەرۆکی پەرلەمان داوای لە سکرتێری پەرلەمان کرد، جگە لە خوێندنەوەی بەرنامەی کار ناوی ئامادەبوون و نەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە کۆبونەوەی پێشوو و لیژنەکان بخوێنێتەوە، بەڵام ناوی ئامادەبوون و نەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی پێشوو کۆبونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان نەخوێندرانەوە.

– لەکاتی قسەکانی (سیروان بابان) گفتوگۆ و کێشە لە نێوان خۆی و سەرۆکی پەرلەمان دروست بوو لەسەر ئەوەی زۆر جار ناویان دەنوسرێ و ناخوێندرێتەوە.

– لەکاتی برگەی دووەم مادەی سێیەم لە قسەکانی (خەدیجە عومەر تەها) مایکی کوژایەوە، بەڵام توانیمان کاتی قسەکردنەکەی دەستنیشان بکەین.

– بە زۆرینەی دەنگ برگەی یەکەم و شەشەم ئاڵوگۆر کرا.

– برگەکانی پێنجەم و شەشەم دوا خران.

– دەستلەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار (کاروان عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا) لە ئەندامیەتیی لێژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی و دەستلەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار (سەروان محەمەد عەلی) لە ئەندامیەتیی لێژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا بەجیا خرانە دەنگدانەوە و پەسندکران.

– پێشنیازە یاسای (هەمواری جێبەجێکردنی یاسای چاودێری نەوجەوانانی ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ بە (٩٠) دەنگ پەسەندکرا.

– پرۆژە یاسای (دەستەی متمانە بەخشین بە دامەزراوەکان و پرۆگرامەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق) بە (٥٩) دەنگ پەسەندکرا.

– پڕۆژە یاسای (وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق) بە (٧٨) دەنگ پەسەندکرا.

– پێشنیاز یاسای (بەرکارکردنی یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراوی ئالۆگۆرکردن لە بازارە نێوخۆییەکانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراوی عێراقی فیدراڵ بە (٦٦)دەنگ پەسەندکرا.

– دوو وەزیر ئامادەی دانیشتنەکە بوون ئەوانیش (ساسان عەونی) وەزیری شارەوانی و (ڤالا فەرید) وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

– کۆبوونەوەکە ماوەی (٥) کاتژمێر و (٢٥) خولەکی خایاند.

*** دانیشتنی ژمارە ( ٨ )ی ئاسایی خولی بەهارە لە ( ٢٠٢٢/٦/٢٣ ).**

**بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:**

یەکەم: خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی (ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان) سەبارەت بە (هۆکاری وەستاندنی پرۆژەکانی ڕێگاوبان و تەواونەکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون لە وادەی یاسایی دیاریکراوی خۆیاندا)، بەئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، بەپێی حوکمی برگەی (یەکەم)ی ماددەی (٦٦) لە پەیرەوەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای (بەرکارکردنی یاسای فیدراڵی واژۆی ئەلکترۆنی و مامەڵەی ئەلیکترۆنیەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان–عێراق)، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١– پێشنیازە یاسای بەرکارکردن و هەموارکردنی یاسای فیدراڵی واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنیەکان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢.

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:**

– کۆبوونەوەکە لەلایەن بەڕێز (د.ڕێواز فایق) سەرۆکی پەرلەمانەوە سەرۆکایەتی کرا.

– کۆبوونەوەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدرا، وا بڕیاربوو کاتژمێژ (١٠) بەڕێوەبچێت، کەچی (٢٥) خولەك دواکەوت و (١٠:٢٥) خولەك کۆبونەوەکە دەستی پێکرد.

– ئامادەبوون و نەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی پێشوو خوێندرایەوە.

– ناوی ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە کۆبونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان نەخوێندرایەوە.

– سەرۆکی پەرلەمان وتی ئەو ئەندامانەی لە لیژنەکانی (وزە و سامانە سروشتیەکان، تەندروستی و شەهیدان) ناویان لە نێو لیستی ئامادەنەبوو (مۆڵەت و بێمۆڵەت ) ئێوارە لابرێت.

– ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان لەلایەن سەرۆکی لیژنەی (هاوڕێ بەنا) خوێندرایەوە.

– سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی بە ئەندامانی پەرلەماندا کە هەریەکەی بۆ ماوەی (٢) دوو خولەك گفتوگۆ و پرسیارەکانیان بکەن سەبارەت بە برگەی یەکەمی بەرنامەی کار.

– بەشی دووەمی بەرنامەی کار تایبەت بوو بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ئەندامان لە لایەن وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن.

- له كۆتایی دانیشتنەكە سەرۆكی پەرلەمان بە پێی ماددەی (٦٧) برگەی سێیەم وە ڕەزامەندی ئەندامانی پەرلەمان لیژنەی ئاوەدانكردەوەو وەبەرهێنان ڕاسپێردرا بۆ دەوڵەمەندكردنی ڕاپۆرت و ڕاسپاردەكانیان بۆئەوەی دواتر وەكو پەرلەمان ئاراستەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكرێت و بەپێی ڕێكاری پەیرەوی بەدواداچوونی بۆ بكرێت.
- (دانا عەبدولكەریم) وەزیری ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن ئامادەی دانیشتنی كۆبونەوەكە بوو.
- كۆبونەوەكە لە دوو كاتی جیاواز ئەنجامدرا، جاری یەكەمیان (٣:٠٣) خایاند و جاری دووەمیش (٢:٢٠).
- كۆبوونەوەكە ماوەی (٥) كاتژمێر و (٢٣) خولەكی خایاند.

*** دانیشتنی ژمارە ( ٩ )ی ئاسایی خولی بەهارە لە ( ٢٠٢٢/٦/٢٧ ).**

**بەرنامەی كاری دانیشتنەكە :**

یەكەم: دەنگدان لەسەر پێشنیازەیاسای (گەشتوگوزار لە هەرێمی كوردستان-عێراق) بەپێی حوكمی ماددەكانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی یەكەم بۆ ئەم پێشنیازەیاسایانەی خوارەوە، بەپێی حوكمی ماددەی (٧٩، ٨٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

١- پێشنیازەیاسای (سەندیكای خاوەن پیشە تەندروستییەكانی هەرێمی كوردستان-عێراق).

٢- پێشنیازەیاساكانی (پاراستنی ئاژەڵان لە هەرێمی كوردستان-عێراق) و پاراستنی مافی ئاژەڵان.

سێیەم: خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەم پێشنیاز و پرۆژەیاسایانەی خوارەوە، بەپێی حوكمی ماددەكانی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان:

١- پێشنیازەیاسای (بەركاركردنی یاسای فیدراڵی واژۆی ئەلیكترۆنی و مامەڵەی ئەلیكترۆنییەكان ژمارە (٧٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی كوردستان-عێراق)).

٢- پرۆژەیاسای (هەمواری یەكەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی كوردستان-عێراق).

٣- پرۆژەیاسای (هەمواری یەكەمی یاسای پاراستن و چاككردنی ژینگە لە هەرێمی كوردستان-عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨.

**چەند سەرەنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەكە :**

- كۆبوونەوەكە لەلایەن بەڕێز (د.ڕێواز فایق) سەرۆكی پەرلەمانەوە سەرۆكایەتی كرا.
- كۆبوونەوەكە لەكاتی خۆیدا ئەنجامنەدرا، وا بڕیاربوو كاتژمێژ (١٠) بەڕێوەبچێت، كەچی (٤٥) خولەك دواكەوت و (١٠:٤٥) خولەك كۆبونەوەكە دەستی پێكرد.
- ئامادەبوون و نەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی پێشوو خوێندرایەوە.
- ناوی ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە كۆبونەوەكانی لیژنەكانی پەرلەمان نەخوێندرایەوە.
- ڕێبوار بابكەی لەكاتی گفتوگۆی برگەی سێیەم خالی دووەم سەرۆكی پەرلەمان ریگەی نەدا قسە بكات.
- دەنگدان لەسەر پێشنیازەیاسای (گەشتوگوزار لە هەرێمی كوردستان-عێراق) بەپێی حوكمی ماددەكانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان بە دەنگی (٨٢) ئەندام پەسەند كرا.
- خالی یەكەمی برگەی سێیەم جێبەجی نەكرا.
- كۆبوونەوەكە ماوەی (١) كاتژمێر و (٥٣) خولەكی خایاند.

* **دانیشتنی ژمارە (١٠)ی ئاسایی خولی بەهارە لە (٢٠٢٢/٦/٢٩).**

## بەرنامەی کاری دانیشتنەکە:

یەکەم: دەنگدان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٩٠، ٩١، ٩٣، ٩٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١- پرۆژەیاسای (هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

٢- پرۆژەیاسای (هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨

دووەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پێشنیازەیاسایانەی خوارەوە، بەپێی حوکمی ماددەی (٧٩، ٨٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١- پێشنیازەیاسای (لیژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان).

٢- پێشنیازەیاسای (سەندیکای بایۆلۆجی هەرێمی کوردستان).

## چەند سەرنج و زانیارییەك لەسەر ئەم دانیشتنەکە:

- کۆبوونەوەکە لەلایەن بەڕێز (د.ڕێواز فایق) سەرۆکی پەرلەمانەوە سەرۆکایەتی کرا.

- کۆبوونەوەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدرا، وا بڕیاربوو کاتژمێژ (١) بەڕێوەبچێت، کەچی (١٠) خولەك دواکەوت و (١:١٠) خولەك کۆبونەوەکە دەستی پێکرد.

- کۆبونەوەکە بەخولەکێك وەستان بۆ گیانی پاکی هەریەکە لە مامۆستایان (د. کاوان ئیسماعیل) ڕاگری کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سەلاحەددین و (د. ئیدریس حەمەخان) مامۆستای کۆلێژی ئەندازیاری، کە لە ڕوداوێکی نەخوزار و لە شاری هەولێر گیانیان لەدەستدا.

- سەرۆکی پەرلەمان بەناوی پەرلەمانی کوردستان پرسە و سەرخۆشی خۆی ئاراستەی سەرجەم زانستخوازان و مامۆستایان و کەس و کاری هەر دوو مامۆستاکە کرد.

- ئامادەبوون و نەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی پێشوو نەخوێندرایەوە.

- ناوی ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان لە کۆبونەوەکانی لیژنەکانی پەرلەمان نەخوێندرایەوە.

- پرۆژەیاسای (هەمواری یەکەمی یاسای نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان-عێراق بە دەنگی (٧٩) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا.

- پرۆژەیاسای (هەمواری یەکەمی یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی بە دەنگی (٧٩) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا.

- سەرۆکی پەرلەمان وتی: "لە ٢٠٢٢/٧/١ وەرزی یاسادانان ڕادەوەستێت، بەڵام دەوامی ئاسایی پەرلەمان هەیە و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان بەردەوام دەبێت، لەکاتی بوونی هەر ڕاپۆرتێکی گرنگ سەبارەت بە ژیانی هاووڵاتیان لە مانگی ٧ و ٨ ئەوا پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی نائاسایی گرێدەدات". (بەلام ئەوەی تێبینی کرا لەو ماوەیەدا هیچ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجامنەدرا).

- کۆبوونەوەکە ماوەی (٣٦) کاتژمێر و (٢٠) خولەکی خایاند.

## ٢- لیژنە هەمیشەییەکان:

لەم خولەدا، خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٩) پێشنیاز و پرۆژەیاساو بڕیار کراوە، دەبوو لیژنەکان لە ماوەی ئەم خولەدا، (١٩) راپۆرت بنووسن، بەڵام هەندێك لە لیژنەکان راپۆرتەکانیان نەنوسیوە، بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتای خولی پێنجەمی پەرلەمانەوە لیژنەکان وەك پێویست نەبوون لە نوسینی راپۆرتدا، بۆ نمونە (٧٥) پرۆژەو پێشنیازە یاسا خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، بەپێی ئەوەی ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کراوە پێویست بوو (١٦٧) راپۆرت بنوسرێت، کەچی تەنها (١٠٤) راپۆرت نوسراوەو تا ئێستاشی لەگەڵدابێت (٦٠) پرۆژە لەلایەن لیژنەکانەوە راپۆرتیان لەسەر نەنوسراونەتەوە.

بەپێی ماددەی (٣٦)ی پەیرەوی ناوخۆ، (١٠) ئەندام یان فراکسیۆنێك، دەتوانن لە دوای تێپەڕ بوونی (٤٥) چل و پێنج رۆژ، بەسەر ئاراستەکردنی پرۆژەیەك بۆ لیژنەی تایبەتمەند، دەتوانن داوای روونکردنەوە لە بارەی ئەو پرۆژەیە لە لیژنەکە بکەن، بەڵام تا ئێستا ئەم هەنگاوە پەیڕەوییە نەگیراوەتەبەر.

ئەرکێکی تری لیژنە، بەپێی ماددەی (٤١)ی پەیڕەو، بەداوداچوونە لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی یاساکان، بەڵام بە وەرگرتنی چەند نموونە لە خولی پاییزە بۆمان دەردەکەوێت لیژنەکان ئەو ئەرکەیان جێ بەجێ نەکردووە، بۆ نموونە:

- لێبڕین و دواکەوتنی موچە و پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران.
- پابەند نەبوونی حکومەت بەرامبەر ئەرکە داراییەکانی هاووڵاتیان.
- دانانی باج و زیادکردنی لەدەرەوەی یاسا.
- بەدوادانەچوون و چاودێرینەکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردن وەك پێویست.
- چاودێرینەکردنی ئەوهەموو پێشێلکارییە یاساییەی رۆژانە دەکرێت.
- مانەوەی چەندین دەستگیرکراوی بادینان لە زیندانەکان بەبێ هیچ مافێکی یاسایی و مانگرتنیان لە خواردن.
- بۆردومانی ناوچە سنوورییەکانی هەرێم و کوژران و برینداربوونی دەیان کەس و چۆڵبوونی دەیان گوند.
- پێشێلکردنی ماف رۆژنامەنووسان و کارنەکردن بە یاسای رۆژنامەگەری.
- پێشێلکردنی ماف چالاکوانانی مەدەنی و رێکخراوەکان و کارنەکردن بە یاسای رێکخراوە ناحکومییەکان، کە زۆر بە زەقی و ئاشکرایی رۆژانە یاساکە پێشێل دەکرێت.
- بەنایاسایی دابەشکردنی زەوی و دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن بەرپرسانەوە.
- پێشێلکارییەکانی نێو زانکۆکان بەگشتی و زانکۆ ئەهلییەکان بەتایبەت.
- تەواو نەکردنی پرۆژە تەواو نەکراوەکان و دیارنەمانی ئەو بودجانەی بۆیان تەرخانکرابوو.
- رێگری کردن لەو هەموو زێدەرۆییانەی دەکرێنە سەر مولکی گشتی.
- مۆنۆپۆلکردنی بازاڕ و موڵکی گشتی لەلایەن کۆمپانیا زلەکانی حزب و بەرپرسان.
- کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ دەرەوەی ولات.
- گران بوونی نرخی بەنزین و سوتەمەنی.
- کێشەی رێگا سەرەکییەکانی نێوان شارەکان و دانانی کامێرای چاودێری خاڵ بۆ خاڵ.
- کێشەی بەردەوامی وانەبێژان و دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی زانکۆکان.
- ئەمانەو چەندان کێشەو گرفتی تر.

## خشتەی (١٢)

## ئامادەنەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەی لیژنەکان

| ژ | ناوی ئەندام | فراکسیۆن | ئەندامێتی لە لیژنە | پۆست لە لیژنە | ژمارەی ئامادەنەبوون: مۆڵەت | غیاب | بایکۆت | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١) | بژار خالید عەبدوڵڵا | پارتی | کاروباری یاسایی | سەرۆك | 2 | 0 | 0 | 2 |
| ٢) | ڕێبوار عەبدولرەحیم عەبدولڵا | پارتی | وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی | ئەندام | 2 | 0 | 0 | 2 |
| ٣) | زانا خالید سمایل | پارتی | کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر | ئەندام | 2 | 0 | 0 | 2 |
| ٤) | ژیدان ڕەشیدخان ئەودەل | پارتی | پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ئەندام | 2 | 0 | 0 | 2 |
| | | | شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار | ئەندام | 3 | 0 | 0 | 3 |
| ٥) | سەباح مەحمود محەمەد | پارتی | کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر | سەرۆك | 3 | 0 | 0 | 3 |
| | | | دەسپاکی | ئەندام | 1 | 0 | 0 | 1 |
| ٦) | سەروان محەمەد عەلی | پارتی | کاروباری پێشمەرگە | ئەندام | 3 | 0 | 0 | 3 |
| ٧) | شوان کەریم محەمەد صادق | پارتی | ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان | ئەندام | 2 | 0 | 0 | 2 |
| ٨) | گەلاوێژ عوبێد عوسمان | پارتی | کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر | ئەندام | 1 | 0 | 0 | 1 |
| ٩) | باڵانبۆ محەمەد عەلی | یەکێتی | کاروباری پێشمەرگە | ئەندام | 2 | 0 | 0 | 2 |
| ١٠) | ڕاهی ڕەهبەر سەیدبرایم | یەکێتی | پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ئەندام | 1 | 0 | 0 | 1 |
| ١١) | سەرکۆ ئازاد حوسێن | یەکێتی | وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی | بڕیاردەر | 2 | 0 | 0 | 2 |
| | | | دارایی و کاروباری ئابوری | ئەندام | 3 | 0 | 0 | 3 |
| ١٢) | سەلمە فاتیح توفیق | یەکێتی | ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان | سەرۆك | 1 | 0 | 0 | 1 |
| ١٣) | هەژان حەسەن ئەحمەد | یەکێتی | کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی | بڕیاردەر | 1 | 0 | 0 | 1 |
| ١٤) | جەلال محەمەد ئەمین | گۆران | کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر | ئەندام | 1 | 0 | 1 | 2 |
| ١٥) | دابان محەمەد حوسێن | گۆران | ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان | ئەندام | 1 | 0 | 0 | 1 |
| ١٦) | ڕزگار محەمەد مەحمود | گۆران | شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار | ئەندام | 2 | 0 | 0 | 2 |
| ١٧) | ئاشنا عەبدوڵڵا قادر | گۆران | پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ئەندام | 1 | 0 | 0 | 1 |
| ١٨) | هەورامان حەمە شەریف | کۆمەڵ | ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان | ئەندام | 1 | 0 | 0 | 1 |
| ١٩) | سیپان سالم حەسەن | نەوەی نوێ | کشتوکاڵ و ئاودێری | ئەندام | 1 | 0 | 0 | 1 |
| ٢٠) | مژدە مەحمود محەمەد | نەوەی نوێ | دەسپاکی | ئەندام | 1 | 0 | 0 | 1 |
| | | | ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان | ئەندام | 1 | 0 | 0 | 1 |
| ٢١) | جنان جەبار بویا | هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی | وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی | ئەندام | 3 | 0 | 0 | 3 |
| | | | کشتوکاڵ و ئاودێری | ئەندام | 1 | 0 | 0 | 1 |
| ٢٢) | محەمەد سەعدەدین ئەنوەر | گەشەپێدانی تورکمان | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری | بڕیاردەر | 3 | 0 | 0 | 3 |
| | | | پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی | ئەندام | 2 | 1 | 0 | 3 |
| ٢٣) | کلارا عودیشۆ یەعقوب | گەلی ك.س.ئ | شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار | ئەندام | 3 | 0 | 0 | 3 |
| ٢٤) | فەرید یەعقوب ئیلیا | ڕافیدەین | پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | ئەندام | 1 | 0 | 0 | 1 |
| **کۆی گشتی** | | | | | 53 | 1 | 1 | 55 |

**تێبینی:**

تەنها (٣) سێ جار لە دانیشتنی پەرلەماندا ئامادەنەبوونی لیژنەکانی پەرلەمان خوێندراوەتەوەو دواتر سەرۆکایەتی پەرلەمان خوێندنەوەی ئامادەنەبوونی ئەندامانی پشتگوێ خستووە، هەر بۆیە بەپێی لۆژیك ژمارەی ئامادەنەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەی لیژنەکاندا زۆر لەوە زیاترە.

## دووەم- ئەرکی چاودێری

سەبارەت بە ئەرکی چاودێری لەسەر دامەزراوەکانی جێبەجێکردن، پەرلەمانتاران دەتوانێت پشت بەست بە ماددەکانی (٥٨ تا ٧٦)، ئەم هەنگاوانە بگرێتەبەر لە پێناو ئەنجامدانی ئەرکی چاودێری لەسەر دامەزراوەکان، بۆ ئەم خولە پەرلەمانتاران سێ هەنگاویان گرتۆتەبەر:

| ژمارە | هەنگاوەکان | تێبینی | ئاستی جێبەجێ کردن |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ | پرسیار | *ئەندامان چەندین پرسیار کە ئاراستەی حکومەتیان کردووە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە، بەڵام هیچ ژمارەیەکی تەواو لەبەردەست نییە لەسەر پرسیاری ئەندامان. | بەردەوام پەرلەمانتاران لە رێگەی خاڵی پەیڕەوییەوە نارەزایی دەردەبڕێن لە وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکانیان. بەپێی وتەی سەرۆکی پەرلەمان تا تەواو بوونی ئەم خولی بەهارەیە پەرلەمانتاران (٤٣١٣) پرسیاری زارەکی و نوسراویان ئاراستەی حکومەت کردووە و (٣٨٦٢) پرسیار وەڵامدراوەتەوەو (٤٥٢) پرسیار بێ وەڵامن. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو پرسیارانەشی ئەژمار کردووە کە لەکاتی میوانداری وەزیرەکان لە دانیشتنی پەرلەمان لێیان کراوە. |
| ٢ | خستنەرووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ بەپێی ماددەی (٦٦) برگەی یەکەم. | لە ٢٠٢٢/٣/١٥، (٣٩) ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، سەربەخۆکان، ئازادی) داوای دانیشتنێکیان کرد سەبارەت بە هەردوو راسپاردەی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٢١/٣/١٦، ٢٠٢١/٤/١٤) سەبارەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کەسوکاری شەهیدان و بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی و منداڵە ونبووەکان و کەسوکاری ئەنفالکراوان لە پارێزگای هەڵەبجەو ئیدارەی گەرمیان و شارۆچکەی چەمچەماڵ. | داواکەیان جێبەجێ نەکراوە، لە کاتێکدا پەیرەو (٢١) رۆژی وەک زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە. |
| | | لە ٢٠٢٢/٣/٩، (٤١) ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، سەربەخۆکان، نەوەی نوێ، ئازادی، بەرەی تورکمانی) داوای دانیشتنێکیان کرد سەبارەت بەکێشەی گرانی بازاڕ و بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستی ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان. | داواکەیان جێبەجێ کراوە، لە دانیشتنی رۆژی ٢٠٢٢/٦/١٢ خرایە بەرنامەی کارەوە |
| | | لە ٢٠٢٢/٦/٦، (٣٦) ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، سەربەخۆکان، بەرەی تورکمانی) داوای دانیشتنێکیان کرد سەبارەت بە کێشەی ئاوی خواردنەوەی ماڵان. | داواکەیان جێبەجێ نەکراوە، لە کاتێکدا پەیرەو (٢١) رۆژی وەک زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە. |
| | | لە ٢٠٢٢/٦/٦، (٤١) ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، ئازادی، سەربەخۆکان، نەوەی نوێ) داوای | داواکەیان جێبەجێ نەکراوە، لە کاتێکدا پەیرەو (٢١) رۆژی وەک |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | دانیشتنێکیان کرد سەبارەت بە چارەسەری گرفت و کێشەکانی مامۆستایانی وانەبێژ و دیاریکردنی چارەنوسیان.. | زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە. |
| | | لە ٢٠٢٢/٦/٧، (٢٦) ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، نەوەی نوێ، سەربەخۆکان) داوای دانیشتنێکیان کرد سەبارەت بە پرسی چاکسازییەکان. | داواکەیان جێبەجێ نەکراوە، لە کاتێکدا پەیڕەو (٢١) رۆژی وەك زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە. |
| ٣ | پرساندن | لە ڕۆژی ٢٠٢٢/٦/٦ بە واژۆی (١٩) ئەندام پەرلەمان، پاڵپشت بە ماددەکانی (٦٨، ٦٩، ٧٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یادداشتی لێپرسینەوە لە وەزیری دارایی پێشکەشکراوە، کە بریتین لە (عومەر گوڵپی، د.ئیسماعیل عەلی، سیروان بابان، د.هەورامان گەچێنەیی، ئەبوبەکر هەڵەدنی، د.شێرکۆ جەودەت، عوسمان کانی کوردەیی، دیاری ئەنوەر، سەرچنار ئەحمەد، رووپاك ئەحمەد، بەدریە ئیسماعیل، عەلی حەمەسالح، دابان موحەممەد، هلز ئەحمەد، شیرین ئەمین، ئاشنا عەبدوڵلا، موسلیم عەبدوڵلا، مەم بورهان قانیع، عەبدولستار مەجید). | داواکەیان جێبەجێ نەکراوە و نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە. |
| ٤ | لێسەندنەوەی متمانە | هیچ داواکاریەك بەمەبەستی لێسەندنەوەی متمانە لەلایەن ئەندامانەوە پێشکەش نەکراوە | نییە |

## سێیەم: ئەرکی پەسەندکردنی بودجە

پرۆژەیاسایی بودجە وەك هەر یاسایەکی تر دێتە ناو پرۆسەی یاسادانان لە پەرلەمان، بەڵام ئەوەی جیای دەکاتەوە لە یاسایەکی تر، ئەوە بودجە کاریگەری لەسەر هەموو کۆمەڵگە هەیە و زامنی کار و گەشەکردن دەکات، بودجە لە داوی پەسەندکردنی دەبێتە گرنگترین پرس بۆ چاودێری پەرلەمان.

### - پرۆژە یاسای بودجە:

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك ئەنجومەنی وەزیران، بودجەی خەملێنراو رەوانەی پەرلەمان بکات،[١٠] بەڵام ماوەی (٩) ساڵە (٢٠١٤-٢٠٢٢) بودجە نەچۆتە پەرلەمان.

### - ژمێرەی کۆتایی:

بەپێی ماددەی (٩٨) برگەی دووەم لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لە کۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو، بۆ پەرلەمان بنێرێت. بۆ زانینی چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەو بوارەکانی سەرفکردن، بەڵام ژمێرەی کۆتایی و بەیانی مالیش ماوەی (١١) ساڵە (٢٠١١-٢٠٢١) نەچۆتە پەرلەمان.

### - بودجەی پەرلەمان:

لە پەیرەودا لە (٣) ماددەی پەیڕەوی باس لە بودجەی پەرلەمان دەکات، بەپێی ماددەی (١٦) برگەی حەوتەم، ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە لەگەڵ دیوانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان بودجەی ساڵانە و ژمێرەی کۆتایی پەرلەمان، رێکبخەن و بیخەن بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی.

لە ماددەی (١٠٧) دا هاتووە، پەرلەمان بودجەیەکی تایبەتی دەبێت، کە سەرۆکایەتی دیوان، بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمان و سکاڵا، ئامادەی دەکات و پاش پەسەندکردنی لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی دەخرێتە نێو بودجەی گشتی.

لە ماددەی (١٠٨) بەرێوەبەرایەتی ژمێریاری پەرلەمان، لە کۆتایی هەر ساڵێکی داراییدا هەڵدەسێت بە دانانی ژمێرەی کۆتایی و رێکارە کارگێرییەکان دەخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی بۆ رازیبوون لەسەری و رەوانەکردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، بە مەبەستی پێداچوونەوە و بەرزکردنەوەی راپۆرتێك لەوبارەیەوە، بۆ پەرلەمان.

پرسیار ئەوەیە پەرلەمان بۆچی بودجەی خۆی دانانێت؟! بۆچی ژمێرەی کۆتایی ساڵی (٢٠١٩، ٢٠٢١)ی خۆی ناخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و ئاگاداربوونی پەرلەمانتاران و رایگشتی، لە کاتێکدا داوای بودجەی و ژمێرەی کۆتایی لە حکومەت دەکەن؟!.

(١٠)- لە برگەی یەکەمی مادەی (٩٨)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە: یەکەم: لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەر لە ساڵی دارایی بودجە دەگاتە پەرلەمان.

## سەرۆكايەتی پەرلەمان لەنێوان پەیوەست بوون بە پەیڕەو و پێشێلكاریدا

## سەرۆكی پەرلەمان: لە سەدا سەد ئەركی پەیڕەوی خۆمان جێبەجێكردووە!

لە برگەی سێیەمی ماددەی (١٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە كە سەرۆكی پەرلەمان و سەرجەم ئەندامان لەیەكەم دانیشتندا سوێند دەخۆن: "بە خودای گەورە سوێند دەخۆم، كە بەرژەوەندی گەلی كوردستان و یەكێتی خاك و گەل و شكۆ و ماف و ئازادییەكانی هاوڵاتیان و سامانی گشتی بپارێزم و ئەركی ئەندامیەتیی بە راستی و دڵسۆزییەوە جێبەجێبكەم". لە ساتی كاركردنیاندا سەرجەم ئەندامان دەبێت پەیوەستی ئەم سوێندە بن، بەتایبەتی سەرۆكی پەرلەمان كە سەرۆكی باڵاترین دامەزراوەی یاسایی و شەرعی هەرێمە، وێرای ئەوەی سەرۆكی دەسەڵاتی یاسادانانە.

لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٢٢/٩/١) بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لە وتەیەكدا رایگەیاند كە پەیوەستی یاسا بووەو "لە سەدا سەد ئەركی پەیڕەوی خۆمان جێبەجێكردووە".

لێرەدا وەك چاودێر تەنها هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم وتەیەی سەرۆكی پەرلەمان دەكەین و لەگەڵ هەڵسوكەوتی دەستەی سەرۆكایەتی بەراوردی دەكەین كە ئاخۆ تا چەند پەیوەست بوونە بە یاساوەو تا چەند ئەركی پەیڕەوی خۆیان جێبەجێكردووە ! ؟

### یەكەم: پەرلەمانی كوردستان و پرسە نیشتمانییەكان:

١. لە برگەی یەكەمی ماددەی (٢) دا هاتووە: "پەرلەمان لە هەرێمدا، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریكردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییەو ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەكات، كە لەم پەیڕەوە و لە یاسا كارپێكراوە پەیوەندارەكاندا ئاماژەیان پێدراوە".

بەڵام پەرلەمانی كوردستان هیچ رۆڵێكی نەبووە لە پرسە چارەنوسسازەكانی نێوان هەولێر و بەغدا كە تەنگژەی لەنێوان لایەنە سیاسیەكاندا دروستكردووە.

### دووەم: پەرلەمانی كوردستان و پێشێلی یاساو بەدوادانەچوون:

٢. لە مادەی (٦)ی پەیڕەودا هاتووە: "خولی پەرلەمان چوار ساڵە، لەیەكەم دانیشتنەوە دەستپێدەكات و بە كۆتاییهاتنی دوایین دانیشتنی، لە ساڵی چوارەمدا، كۆتایی دێت". بەڵام ئەوەی دەركەوتووە هەڵبژاردن لەوادەی خۆیدا ئەنجامنادرێت و سەرۆكی پەرلەمان لە دانیشتنی رۆژی (٢٠٢٢/٩/١) باس لەوە دەكات كە پەرلەمانی كوردستان تەمەنی درێژبكرێتەوە.

٣. سەرۆكایەتی پەرلەمان یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی پێشێل كردووە، چونكە كاری نەكردووە بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لەوادەی خۆیدا ئەنجام بدرێت.

٤. سەرۆكایەتی پەرلەمان یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١) ی رێكخراوە ناحكومیەكانی پێشێل كردووە، چونكە رێگە بە رێكخراوەكان نادات بەپێی یاسا كار لەگەڵ پەرلەماندا بكەن و چاودێری بكەن.

٥.  سەرۆكایەتی پەرلەمان یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣) ی مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی كوردستانی پێشێلكردووە، چونكە نە رێنمایی بۆ دەركردووەو نە رێكارە پێویستییەكانی گرتۆتە بەر و نە داتاو زانیاریش بە رێكخراوەكان و میدیاكان دەدات.

٦.  سەرۆكایەتی پەرلەمان یاسای ژمارە (٢) ساڵی ٢٠٠٨ ی دیوانی چاودێریی دارایی پێشێل كردووە، چونكە نە ماوەی یاسایی سەرۆكی دیوانی چارەسەركردووەو نە بەدواداچوونی پێویستی بۆ راپۆرتەكانیشی كردووە.

٧.  سەرۆكایەتی پەرلەمان یاسای ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٠ ی دەستەی سەربەخۆی ماف مرۆڤی پێشێل كردبوو چونكە ماوەی یاسایی سەرۆكی دەستەكە چەندین ساڵ بوو بەسەرچوو بوو پەرلەمان پشتگوێی خستبوو.

٨.  سەرۆكایەتی پەرلەمان یاسای ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١١ ی دەستەی دەستپاكی پێشێل كردووە چونكە نە چارەسەری كێشەی بەسەرچوونی ماوەی یاسایی سەرۆكەكەی كردووەو نە پێداویستییەكانی بۆ دابین كردوون و وەك پێویست بەدواداچوون بۆ راپۆرتەكانی دەكات.

٩.  سەرۆكایەتی پەرلەمان یاسای ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٤ ی كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی پێشێل كردووە، چونكە كێشەی بەسەرچوونی ماوەی یاسایی كۆمسیارەكانی چارەسەر نەكردووە و كێشەی پاك كردنەوەی تۆماری دەنگدەرانی چارەسەر نەكردووە.

١٠.  سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی كوردستان سەبارەت بە (پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتییەكان و رێكخراوە ناحكومیەكان لە هەرێمی كوردستان)ی پێشێل كردووە، چونكە رێگە بەرێكخراوەكان نادات چاودێری پەرلەمان بكەن.

١١.  لە مادەی (١١٨) دا هاتووە كە پەرلەمان پاسەوانی تایبەتی دەبێت و دەكەونە بەر فەرمانی سەرۆك، بەلام پاسەوانەكانی پەرلەمان لەبەر فەرمانی سەرۆك نین و ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە.

## سێیەم: پەرلەمانی كوردستان و لێپرسینەوە لە حكومەت:

١٢.  لە مادەی (٨)ی پەیرەودا هاتووە: "سەرۆك یان لانیكەم (١/٣) سێیەكی ژمارەی ئەندامان، دەتوانن، بانگهێشتنی دانیشتنی نائاسایی بكەن، تەنیا بۆ تێڕوانینی ئەو بابەتانە دەبێت كە لە بانگهێشتنەكەدا، دیاریكراون". بەلام چەند جارێك ئەندامان یاداشتیان پێشكەشكردووە بەمەبەستی بانگهێشتی دەسەلاتی جێبەجێكردن، بەلام سەرۆكایەتی پەرلەمان نەیخستۆتە بەرنامەی كارەوە.

١٣.  بەپێی مادەی (٥١)ی پەیرەو لەكاتی خولی گرێداندا هەموو رۆژانی (پێنج شەمە) تایبەت دەبێت بە گفتوگۆكردن لەگەڵ حكومەت، بەپێی ئەمەش دەبوایە لەماوەی ئەم ساڵەدا پەرلەمان (٣٦) دانیشتنی گفتوگۆی لەگەڵ حكومەت ئەنجام بدایە، چونكە (٣٦) پێنج شەممە دەكەوێتە ماوەی خولی گرێدانەكانی ئەم ساڵەوە، بەلام بەپێی بەرنامەی كاری پەرلەمان كە دانراوە تەنها دوو پێنج شەممە كۆبۆتەوە (٢٠٢١/٩/٢) و (٢٠٢٢/٦/٢)، هیچ كام لەو كۆبوونەوانەش تایبەت نەبوونە بە گفتوگۆكردن لەگەڵ حكومەت. ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە.

١٤.  لە رۆژی (٢٠٢٢/٦/٦) بە واژۆی (١٩) ئەندام پەرلەمان، پاڵپشت بە ماددەكانی (٦٨، ٦٩، ٧٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یادداشتی لێپرسینەوە لە وەزیری دارایی پێشكەشكراوە، كە بریتین لە (عومەر گوڵپی، د.ئیسماعیل عەلی، سیروان بابان، د.هەورامان گەچێنەیی، ئەبوبەكر هەڵەدنی، د.شێركۆ جەودەت، عوسمان كانی

کوردەیی، دیاری ئەنوەر، سەرچنار ئەحمەد، رووپاك ئەحمەد، بەدریە ئیسماعیل، عەلی حەمەسالح، دابان موحەممەد، هلز ئەحمەد، شیرین ئەمین، ئاشنا عەبدوللا، موسلیم عەبدوللا، مەم بورهان قانیع، عەبدولستار مەجید). داواکەیان جێبەجێ نەکراوە و نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە. ئەمەش پێچەوانەی مادەی (٦٩)ی پەیرەوە

١٥. بەپێی مادەی (٦٠)ی پەیرەو پێویستە دەسەلاتی جێبەجێکردن لەماوەی (٢١) رۆژدا وەلامی پرسیاری ئەندامان بداتەوە، بەلام بەپێی وتەی سەرۆکی پەرلەمان لە ئێستادا (٤٥٢) پرسیاری ئەندامان وەلام نەدراوەتەوە. کە ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە.

١٦. چەند جارێك لە دانیشتنەکاندا سەرۆکی پەرلەمان لە وەلامی ئەنداماندا سەبارەت بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حکومەت لە پەرلەمان بەمەبەستی بەدواداچوون، وتویەتی: چی بکەم ئامادە نابن بێن؟ خۆ پۆلیسیان بۆ نانێرم! بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە ناپەیرەوییەو لەراستیدا دەبێت رێکاری یاسایی و پەیرەوی بگرێتە بەر.

### چوارەم: پێشێلکاری لە دانیشتنەکانی پەرلەمان:

١٧. بەپێی مادەی (٥١)ی پەیرەو لەکاتی خولی گرێداندا هەموو رۆژانی (سێشەممە و چوار شەممە) تایبەت دەبێت بە دانیشتنی پەرلەمان، بەلام پەرلەمان ئەمەی ئەنجامنەداوە کە پێچەوانەی پەیرەوە. بەپێی ئەمەش دەبوایە لەماوەی ئەم ساڵەدا پەرلەمان (٧٠) دانیشتنی ئەنجام بدایە، چونکە (٧٠) سێشەممە و چوارشەممە دەکەونە ماوەی خولی گرێدانەکانی ئەم ساڵەوە، بەلام بەپێی بەرنامەی کاری پەرلەمان کە دانراوە تەنها (٢٣) کۆبوونەوە ئەنجامدراوەو ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە.

١٨. لە مادەی (٩) دا هاتووە: "دانیشتنەکانی پەرلەمان بە ئاشکرا دەبن". بەلام دانیشتنەکان فلتەر دەکرێن و گەلێ جاریش پەخش وەستێنراوە. بۆ نمونە لە کۆبوونەوەکانی (٢٦/١٠/٢٠٢١، ٢٣/١١/٢٠٢١، ٨/١٢/٢٠٢١، ٢٢/١٢/٢٠٢١).

١٩. سەرجەم دانیشتنەکانی پەرلەمان بەپێی ئەو بەرنامەی کارەی راگەیەنراوەو بەپێی ئەو کاتەی لە بەرنامەی کاردا دەستنیشانکراوە لەکاتی خۆیاندا دەستیان پێنەکردووە و هەمیشە دواکەوتوون، ئەمەش بەپێی کاتی ئەو پەخشەی ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمان بلاوی کردۆتەوە دەردەکەوێت. بۆ ئەم مەبەستەش کەواتە سەرۆکایەتی پەرلەمان (٢٣) جار لە دانیشتنەکاندا پەیرەوشکێنی کردووە.

٢٠. هەمیشە و لە هەموو کۆبوونەوەکاندا لەوادەی خۆیان درەنگتر پەخشکراون، هۆکارەکەش ئەوەیە ڤیدیۆی دانیشتنەکە فلتەر دەکرێت و وتەکان وەك خۆی پەخش ناکرێت و لێی دەبرێت، ئەمەش پێچەوانەی مادەی (٩)ی پەیرەوە کە تیایدا هاتووە کۆبوونەوەکان بە ئاشکرا دەکرێن.

٢١. بەپێی خاڵی (١) ی برگەی سێیەمی ماددەی (٥٢) ی پەیرەو دەبێت ناوی ئەندامانی ئامادەنەبووی دانیشتنەکانی پەرلەمان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لە ماڵپەڕی پەرلەمان بلاوبکرێتەوە. بەلام لە ماڵپەڕی فەرمی پەرلەماندا ئامادەنەبوونی هیچ ئەندامێك لەدانیشتنەکانی ماوەی ئەم دوو خولی گرێدانەدا بلاونەکراوەتەوە.

٢٢. بەپێی پەیرەو لەسەرەتای هەموو دانیشتنێکدا پێویستە سکرتێری پەرلەمان ناوی ئامادەنەبوانی بەمۆڵەت و بێ مۆڵەتی دانیشتنی پێشوو بخوێنێتەوە، بەڵام لە کۆی (٢٣) دانیشتن کە ئەنجامدراوە لە (٧) دانیشتندا ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنەکان نەخوێندراوەتەوە.

٢٣. بەپێی پەیرەو لەسەرەتای هەموو دانیشتنێکدا پێویستە سکرتێری پەرلەمان ناوی ئامادەنەبوانی بەمۆڵەت و بێ مۆڵەتی کۆبوونەوەی لیژنەکان بخوێنێتەوە، بەڵام لە کۆی (٢٣) دانیشتن کە ئەنجامدراوە لە (١٤) دانیشتندا ناوی ئامادەنەبووانی کۆبوونەوەی لیژنەکان نەخوێندراوەتەوە.

٢٤. بەپێی ماددەکانی (٣٣، ٢٥)ی پەیرەو هیچ ئیجرائاتێك لەگەل ئەو ئەندامانە نەکراوە کە غیابیان هەیە لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا.

٢٥. بەپێی مادەی (٩٠)ی پەیرەو هاتووە کە دانیشتنی دەنگدان لەسەر پرۆژە، یا پێشنیاز، نابێت لەهەفتەیەك زیاتر تێپەڕ بکات لە دوای دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم. بەلام ئەمە زۆربەی جار پێشێل کراوە.

٢٦. لە دانیشتنی ژمارە (٤) لە (٢٠٢١/١٠/٢٦) لە کاتی قسەکانی (شایان کاکە صالح) پەخش وەستا و ئاژاوە دروست بوو لە نێوان چەند ئەندامێك، لەلایەن پەرلەمانتار جەلال پەرێشانەوە چەند وشەو دەستەواژەیەکی نەشیاو بەکار هات وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر وتەکانی پەرلەمانتار د.شایان عەسکەری، ئەمەش پەشێوی ناو هۆڵی پەرلەمانی زیاتر کرد.

٢٧. لە دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠٢١/١٠/٢٧) چەند جارێك پەخش وەستێنرا. بەهۆی دروستبوونی دەنگە دەنگ لە کاتی قسەکردنی ئەندام پەرلەمان (ئاشنا عبدالله). سەرۆکی پەرلەمان وتی: ئەم کۆبوونەوەیە ئاوا بڕوا هی ئەوە نییە بچێتە ناو خەڵك و پەخش بکرێت. دواتر لەکاتی قسەکردنی سەرۆکی پەرلەمان پەخشی ڕاستەوخۆ وەستێندرا.

٢٨. لە دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠٢٢/٣/١) سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی نەدا پەرلەمانتار (عەلی حەمە ساڵح) خالی پەیرەو بڵێت.

٢٩. لە دانیشتنی ژمارە (٤) لە (٢٠٢٢/٦/٧) سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی نەدا پەرلەمانتار (یاسین حزر) خالی پەیرەو بڵێت.

٣٠. لە دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٢/٦/١٥) سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی نەدا پەرلەمانتار (ئاشنا عبداللە) قسەکانی تەواو بکات.

٣١. لە دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠٢٢/٦/١٥) سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی نەدا پەرلەمانتار (سەرچنار ئەحمەد) قسەکانی تەواو بکات.

٣٢. بەپێی ماددەکانی (٢٢، ٢٥)ی پەیرەو هیچ ئیجرائاتێك لەگەل ئەو ئەندامانە نەکراوە کە غیابیان هەیە لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا.

٣٣. لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٣/٢) سەرۆکی پەرلەمان ڕایگەیاند کە دانیشتنەکانی پەرلەمان ڕادەگرێت تا ئەو کاتەی لایەنە سیاسیەکان سەبارەت بە پرسی هەلبژاردن و هەمواری یاساکەی و کاراکردنی کۆمسیۆن دەگەن بە سازان، بۆ ماوەی سێ مانگ پەکی دانیشتنەکانی پەرلەمانی خست و بەبێ ئەوەی لایەنەکان بگەنە هیچ ڕێکەوتنێك لە مانگی حوزەیران کۆبوونەوەی دەست پێکردەوە، کە ئەمەش پێچەوانەی پەیرەو بوو.

٣٤. له رۆژی (٢٠٢٢/٩/٣) سەرۆكی پەرلەمان رایگەیاند كە لە سەروی خۆیەوە پەرلەمانی پێ داخراوە، ئەمەش پێچەوانەی پەیرەو بوو كە نازانرێت كێ و چ لایەنێكە لەسەرووی سەرۆكی پەرلەمانەوەیە.

٣٥. لە رۆژی (٢٧-٩-٢٠٢١) سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانیدا، رایگەیاند كە: زۆرینەبوونی دەسەڵات لە هەرێمی كوردستاندا " موزەیەف و ساختەكراو"ە . كە مەبەست لەوە زۆرینەی ئەو پەرلەمانە بوو كە بەرێزیان سەرۆكایەتی دەكەن، كەچی لە كۆبوونەوەی پەرلەماندا پیشانیدا ئەمە لەكاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بووەو كەس ناتوانێت نێوانیان تێكبدات. ئەم هەڵسوكەوتەش پێچەوانەی پەیرەو و یاسا بوو.

## پێنجەم: پێشێلكاری لە لیژنەكان:

٣٦. بەپێی خاڵی (١) ی برگەی سێیەمی ماددەی (٥٢) ی پەیرەو دەبێت ناوی ئەندامانی ئامادەنەبووی كۆبوونەوەی لیژنەكان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لە ماڵپەڕی پەرلەمان بلاوبكرێتەوە. بەڵام لە ماڵپەڕی فەرمیی پەرلەماندا ئامادەنەبوونی هیچ ئەندامێك لە كۆبوونەوەی لیژنەكان لەماوەی ئەم دوو خولی گرێدانەدا بلاونەكراوەتەوە.

٣٧. بەپێی ماددەكانی (٣٣، ٢٥)ی پەیرەو هیچ ئیجرائاتێك لەگەل ئەو ئەندامانە نەكراوە كە غیابیان هەیە لە لیژنەكاندا.

٣٨. لیژنە هەمیشەییەكان لەكاتی دیاریكراوی خۆیاندا بەپێی ماددەی (٨٤)ی پەیرەو دەبێت لەماوەی (٢١) رۆژدا راپۆرتی خۆیان بنوسن، بەلام زۆربەی كات ئەمە پێشێل كراوەو لیژنەكان نەیان نوسیوە، بەڵام سەرۆكایەتی ئیجرائاتی نەكردووە، ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوەو كاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی یاسادانان هەبووە.

٣٩. بەپێی مادەی (٣٠)ی پەیرەو هەر یەك لە لیژنەكان بەلای كەمەوە دەبێت لە مانگێكدا دوو جار كۆبوونەوە ئەنجامبدەن، زۆرینەی لیژنەكان ئەم ئەركەیان جێبەجێ نەكردووەو ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە.

## شەشەم: هەڵنەستانی پەرلەمان لە ئەركی بەرامبەر دەستە سەربەخۆكان:

٤٠. سەرۆكی (دەستەی دەسپاكی) ماوەی (٥) ساڵ و (٤) مانگە ماوەی یاسایی بەسەر چووە، پێویست بوو بەپێی یاسا نوێ بكرێتەوە یا كەسێكی تر دابنرێت بەلام سەرۆكی پەرلەمان نەیخستۆتە بەرنامەی كارەوە ئەمەش پێچەوانەی یاساو پەیرەوە.

٤١. سەرۆكی (دیوانی چاودێری دارایی) ماوەی یاسایی بۆ دووەم جارە ماوەی (٤) مانگە بەسەر چووە، پێویست بوو بەپێی یاسا نوێ بكرێتەوە یا كەسێكی تر دابنرێت بەلام سەرۆكی پەرلەمان نەیخستۆتە بەرنامەی كارەوە ئەمەش پێچەوانەی یاساو پەیرەوە.

٤٢. سەرۆك و كۆمسیارانی (كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی) نزیكەی (٤) ساڵە ماوەی یاسایی بەسەر چووە، پێویست بوو بەپێی یاسا نوێ بكرێتەوە یا كەسانێكی تر دابنرێن بەلام سەرۆكی پەرلەمان نەیخستۆتە بەرنامەی كارەوە ئەمەش پێچەوانەی یاساو پەیرەوە.

### حەوتەم: پێشێلکاری لە بەرنامەی کار:

٤٣. بەپێی مادەی (٤٨) سەرۆکی فراکسیۆن یان نوێنەری پێکهاتەیەك یان لانیکەم (١٠) ئەندام، بەر لە (٢٤) کاتژمێر لە دانیشتنەکەدا دەتوانن داوای زیادکردنی بابەتێك بکەن بۆ بەرنامەی کار، بەڵام دەیان جار ئەم بابەتە داواکراوەو نەخراوەتە بەرنامەی کارەوەو پشتگوێخراوە کە ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە.

٤٤. لە ڕۆژی (٢٠٢١/١٠/١٩)، (٢٤) ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، سەربەخۆکان) داوای دانیشتنێکیان کرد بەپێی ماددەی (٦٦) ی پەیرەو سەبارەت بە (گرانبوونی نرخی بەنزین). بەڵام داواکەیان جێبەجێ نەکرا ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە. لە کاتێکدا پەیرەو (٢١) ڕۆژی وەك زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە.

٤٥. لە ڕۆژی (٢٠٢١/١٠/٣١)، (٤١) ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، ئازادی، سەربەخۆکان) داوای دانیشتنێکیان کرد بەپێی ماددەی (٦٦) ی پەیرەو سەبارەت بە (کێشەی وەرگرتنی قوتابیانی دەرچووی پۆلی دووانزەی ئامادەیی لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا). بەڵام داواکەیان جێبەجێ نەکرا ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە. لە کاتێکدا پەیڕەو (٢١) ڕۆژی وەك زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە.

٤٦. لە ڕۆژی (٢٠٢١/١١/١٤)، (٤٨) ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، نەوەی نوێ، ئازادی، سەربەخۆکان) داوای دانیشتنێکیان کرد بەپێی ماددەی (٦٦) ی پەیرەو سەبارەت بە (بابەتی گەڕاندنەوەی دەرماڵەی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان). بەڵام داواکەیان جێبەجێ نەکرا ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە. لە کاتێکدا پەیڕەو (٢١) ڕۆژی وەك زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە.

٤٧. لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٣/١٥)، (٣٩) ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، سەربەخۆکان، ئازادی) داوای دانیشتنێکیان کرد سەبارەت بە هەردوو ڕاسپاردەی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٢١/٣/١٦، ٢٠٢١/٤/١٤) بەپێی ماددەی (٦٦) ی پەیرەو سەبارەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کەسوکاری شەهیدان و بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی و منداڵە ونبووەکان و کەسوکاری ئەنفالکراوان لە پارێزگای هەڵەبجەو ئیدارەی گەرمیان و شارۆچکەی چەمچەماڵ. بەڵام داواکەیان جێبەجێ نەکرا ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە. لە کاتێکدا پەیڕەو (٢١) ڕۆژی وەك زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە.

٤٨. لە (٢٠٢٢/٦/٦)، (٣٦) ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، سەربەخۆکان، بەرەی تورکمانی) بەپێی ماددەی (٦٦) ی پەیرەو داوای دانیشتنێکیان کرد سەبارەت بە کێشەی ئاوی خواردنەوەی ماڵان. بەڵام داواکەیان جێبەجێ نەکرا ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە. لە کاتێکدا پەیڕەو (٢١) ڕۆژی وەك زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە.

٤٩. لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٦/٦)، (٤١) ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، ئازادی، سەربەخۆکان، نەوەی نوێ) بەپێی ماددەی (٦٦) ی پەیرەو داوای دانیشتنێکیان کرد سەبارەت بە چارەسەری گرفت و کێشەکانی مامۆستایانی وانەبێژ و دیاریکردنی چارەنوسیان. بەڵام داواکەیان جێبەجێ نەکرا ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە. لە کاتێکدا پەیڕەو (٢١) ڕۆژی وەك زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە.

٥٠. لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٦/٧)، (٢٦) ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکێتی، یەکگرتوو، کۆمەڵ، نەوەی نوێ، سەربەخۆکان) بەپێی ماددەی (٦٦) ی پەیرەو داوای دانیشتنێکیان کرد سەبارەت بە پرسی چاکسازییەکان. داواکەیان جێبەجێ نەکراوە، بەڵام داواکەیان جێبەجێ نەکرا ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە. لە کاتێکدا پەیڕەو (٢١) ڕۆژی وەك زۆرترین ماوە بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە داناوە.

## هەشتەم: پەرلەمان و ئەرکی بودجە:

٥١. لە ماوەی تەمەنی خولی پێنجەمدا کە چوار ساڵە پرۆژە یاسای بودجە لەلایەن حکومەتەوە نەنێردراوە بۆ پەرلەمان کە ئەمەش پێچەوانەی مادەی (٩٨)ی پەیرەوە.

٥٢. لە ماوەی تەمەنی خولی پێنجەمدا کە چوار ئەژماری کۆتایی بودجە لەلایەن حکومەتەوە نەنێردراوە بۆ پەرلەمان کە ئەمەش پێچەوانەی مادەی (٩٨)ی پەیرەوە.

٥٣. لە ماوەی تەمەنی خولی پێنجەمدا کە چوار ساڵە ئەژماری کۆتایی بودجەی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکایەتیەوە نەخراوەتە بەردەم ئەندامانەوە کە ئەمەش پێچەوانەی ماددەکانی (١٦ و ١٠٨)ی پەیرەوە.

## نۆیەم: پێشێلکاری بەرامبەر مافی پەرلەمانتار

٥٤. لە خولی گرێدانی بەهارەدا لە ڕۆژی ٢٠٢١/٦/٢٢ سەرۆکی پەرلەمان بە بڕیارێك ئەندامانی پەرلەمانی قەدەغەکرد کە سەردانی پرۆژەکان بکەن بەمەبەستی چاودێری، هۆکارەکەیش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە گوایە چەند ئەندامێك لەبەرامبەر دەستهەلگرتن لە کاری چاودێریی پرۆژەکان داوای ڕەشوەیان لە خاوەنی پرۆژەکان کردبێت. تا ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەم بڕیارەی سەرۆکی پەرلەمان گۆڕانکاری تیادا نەکراوە. ئەمەش گومان دەخاتە سەر پرۆسەی چاودێریی ئەندامان و کاری پەرلەمانی.

٥٥. لەسەر داوای سەرۆکایەتی و بە دەنگدانی زۆرینەی پەرلەمانتاران بە بڕیاری ژمارە (٢) لە(٢٠٢١/٣/٣١) ڕێگریی لە پەرلەمانتار (کازم فاروق) کرا کە ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان بوو و لەپەیرەودا لە هیچ ماددەو بڕگەیەکدا نەهاتووە کە بەو شێوەیە ڕێگری لە پەرلەمانتار بکرێت بەشداری دانیشتنەکان بکات.

٥٦. ڕێگریکردن لە پەرلەمانتار کازم فاروق پێچەوانەی مادەی (٢٤)ی پەیرەوە کە بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمان بکات.

٥٧. پەرلەمانتار (کازم فاروق) لەو ماوەیەدا (١١) جار سەردانی پەرلەمانی کردووە بەڵام پاسەوانەکان لە دەروازەی دەرەوە ڕێگری لێکراو ڕێگەیان نەدا بچێتە تەلاری پەرلەمانەوە، کە ئەمەش پێشێلی پەیرەوە.

٥٨. پەرلەمانتار کازم فاروق لە (٢٠٢٢/٢/٢٧) نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بە پەرلەمان کردووە، بەلام تا ئێستاش کە (٧) مانگە سەرۆکایەتی نەیخستۆتە بەرنامەی کارەوە، ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە کە لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٥)ی دا سەبارەت بە پێشکەشکردنی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامدا هاتووە: "دەبێت سەرۆك لەنزیکترین دانیشتنی پەرلەماندا، داواکارییەکە بخاتە بەرنامەی کارەوە، بۆ ئەوەی لەهەموو بارێکدا لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەش کردنی دەست لەکارکێشانەوەکە بەدەنگی زۆرینەی ئەندامان یەکلا

بکرێتـەوە". ئەمـە لەکاتێکـدا دوای پێشکەشـکردنی داواکـەی نـاوبراو نـەك یـەك کۆبوونـەوە بـەلکو (١١) کۆبوونـەوە ئەنجامدراوە کەچی نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە.

٥٩. بەپێی مادەی (٢٤)ی پەیرەو ئەندام بە رێکاری پەیرەو پارێزبەندی لەسـەر هەڵـدەگیرێت، بـەلام لـە کەیسـی پەرلەمانتار سۆران عومەردا بە پێچەوانەی پەیرەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرا.

٦٠. بەپێی مادەی (٢٤)ی پەیرەو ئەندام ئازادی ئاخاوتنی هەیە، بەلام ئەندام لەسەر لێدوان دراوە بـە دادگـا کـە ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە.

تەنها بۆ بەرچاو روونـی و دەرکـەوتنی رەوشـی بـەرێوە چـوونی کارەکـانی پەرلـەمان و دەسـەلاتەکانی سـەرۆك و دەستەی سەرۆکایەتی و بەراوردێکی وادەو بەڵێنەکان، ئەم چەند خاڵەمان خستە روو کە چـەند نمونەیـەکی کەمـە لە پێشێلکارییەکان.

## چالاکییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی

دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەماوەی خولی گرێدانی بەهارەدا چەند چالاکییەکی ئەنجامداوە و هەندێك لەو ئەرکانەی بە پەیرەو بۆی دەستنیشانکراوە بەم شێوەیە بەجێی گەیاندوون:

**خشتەی (١٣)**

**دانیشتنەکانی پەرلەمان لە خولی بەهارە (٢٠٢٢/٣/١ – ٢٠٢٢/٨/٣١)**

| ژ | رۆژی دانیشتن | ژمارەی دانیشتن | ماوەی دانیشتنەکە |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠٢٢/٣/١ | ١ | 3:08 |
| ٢ | ٢٠٢٢/٣/٢ | ٢ | 5:06 |
| ٣ | ٢٠٢٢/٦/٢ | ٣ | 6:45 |
| ٤ | ٢٠٢٢/٦/٧ | ٤ | 4:47 |
| ٥ | ٢٠٢٢/٦/١٢ | ٥ | 0:20 |
| ٦ | ٢٠٢٢/٦/١٥ | ٦ | 5:49 |
| ٧ | ٢٠٢٢/٦/٢٢ | ٧ | 5:25 |
| ٨ | ٢٠٢٢/٦/٢٣ | ٨ | 5:23 |
| ٩ | ٢٠٢٢/٦/٢٧ | ٩ | 1:53 |
| ١٠ | ٢٠٢٢/٦/٢٩ | ١٠ | 36.20 |
| سەرجەم | | ١٠ | 74:56 |

**خشتەی (١٤)**

**پەیامەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان**

| جۆری پەیام | دووبارە |
|---|---|
| پرسەنامە | 5 |
| ئیدانە | 4 |
| پیرۆزبایی | 3 |
| هاوخەمی | 1 |
| سوپاس و پێزانین | 1 |
| بەیاننامە | 0 |
| **کۆی گشتی** | 14 |

لە خشتەی (١٤)دا دەردەکەوێت، لە ماوەی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ساڵی چوارەم _ خولی گرێدانی بەهارە (١ی ئازاری ٢٠٢٢ بۆ ٣١ ی ئابی ٢٠٢٢)، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان (١٤) پەیامی هەبووە، کە پێکهاتووە لە: (٥) پەیامی هاوخەمی بەبۆنەی پرسەوە، (٤) پەیامی ئیدانە کردن (٣) پەیامی پیرۆزبایی، (١) پەیامی هاوخەمی و (١) پەیامی سوپاس و پێزانین و هیچ بەیاننامەیەکیشی نەبووە، بۆ دەقی پەیامەکان بەپێی ڕۆژ و ناونیشانەکان بڕوانەی پاشکۆی ژمارە (٢).




**شێوەی (١)**

**پەیامەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان**

## خشتەی (١٥)
## پەیامەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان

| جۆری پەیام | پەیامەکانی سەرۆکی پەرلەمان | پەیامەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان | پەیامەکانی سکرتێری پەرلەمان |
|---|---|---|---|
| پرسەنامە | 1 | 0 | 0 |
| پیرۆزبایی | 14 | 9 | 5 |
| هاوخەمی | 1 | 1 | 1 |
| پاڵپشتی | 0 | 0 | 0 |
| **کۆی گشتی** | 16 | 10 | 6 |

لە خشتەی (١٥)دا دەردەکەوێت، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (١٦) پەیامی هەبووە، کە پێکهاتووە لە: (١) پەیامی پرسە، (١٤) پەیامی پیرۆزبایی، (١) پەیامی هاوخەمی و (٠) پەیامی پاڵپشتی، لەبەرامبەردا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (١٠) پەیامی هەبووە، کە پێکهاتووە لە: (٠) پەیامی پرسە، (٩) پەیامی پیرۆزبایی و (١) پەیامی هاوخەمی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستانیش (٦) پەیامی هەبووە، (٥) پەیامی پیرۆزبایی، (١) پەیامی هاوخەمی، بۆ دەقی پەیامەکان بەپێی رۆژ و ناونیشانەکان بڕوانەی پاشکۆکانی ژمارە (٣ و ٤ و ٥).




## شێوەی (٢)
## پەیامەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان

**خشتەی (١٦)**

**ئەو پەیامانەی ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراون**

| جۆری پەیام | دووبارە |
|---|---|
| - | 0 |
| - | 0 |
| - | 0 |
| **کۆی گشتی** | 0 |

لە خشتەی (١٦)دا دەردەکەوێت، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی (٦) شەش مانگدا، هیچ پەیامێکی ئاراستە نەکراوە.

## خشتەی (١٧)

## پێشوازییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پێی مانگ و ساڵ

| مانگ و ساڵ | پێشوازییەکانی سەرۆکی پەرلەمان | پێشوازییەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان | پێشوازییەکانی سکرتێری پەرلەمان |
|---|---|---|---|
| ٢٠٢٢/٣ | 4 | 7 | 0 |
| ٢٠٢٢/٤ | 3 | 7 | 0 |
| ٢٠٢٢/٥ | 3 | 7 | 1 |
| ٢٠٢٢/٦ | 7 | 6 | 0 |
| ٢٠٢٢/٧ | 3 | 9 | 0 |
| ٢٠٢٢/٨ | 7 | 7 | 0 |
| **کۆی گشتی** | 27 | 43 | 1 |

لە خشتەی (١٧)دا دەردەکەوێت، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەماوەی (٦) شەش مانگدا (٢٧) پێشوازی لە میوانە جیاجیاکان کردووە، کە بەپێی مانگەکان دیاریکراوە، لەبەرامبەردا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (٤٣) جار پێشوازی لە میوانان کردووە، سکرتێری پەرلەمانیش تەنها (١) جار پێشوازی لە میوانان کردووە، بۆ پێشوازییەکان بەپێی رۆژ و ناونیاشانەکان بڕوانەی پاشکۆکانی ژمارە (٧ و ٨ و ٩).




## شێوەی (٣)

## پێشوازییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان

## خشتەی (١٨)

## سەردانەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پێی مانگ و ساڵ

| مانگ و ساڵ | سەردانەکانی سەرۆکی پەرلەمان | سەردانەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان | سەردانەکانی سکرتێری پەرلەمان |
|---|---|---|---|
| ٢٠٢٢/٣ | 0 | 1 | 0 |
| ٢٠٢٢/٤ | 0 | 0 | 0 |
| ٢٠٢٢/٥ | 0 | 5 | 0 |
| ٢٠٢٢/٦ | 0 | 3 | 0 |
| ٢٠٢٢/٧ | 0 | 2 | 0 |
| ٢٠٢٢/٨ | 0 | 2 | 0 |
| کۆی گشتی | 0 | 13 | 0 |

لە خشتەی (١٨)دا دەردەکەوێت، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەماوەی (٦) شەش مانگدا هیچ سەردانێکی نەکردووە، لەبەرامبەردا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (١٣) جار سەردانی کردووە، سکرتێری پەرلەمانیش بەهەمان شێوەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هیچ جارێك سەردانی شوێنە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستانی نەکردووە، بۆ سەردانەکان بەپێی رۆژ و ناونیشانەکان بڕوانەی پاشکۆکانی ژمارە (١٠ و ١١ و ١٢).




## شێوەی (٤)

## سەردانەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان

## خشتەی (١٩)

## چالاکییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بە پێی مانگ و ساڵ

| مانگ و ساڵ | چالاکییەکانی سەرۆکی پەرلەمان | چالاکییەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان | چالاکییەکانی سکرتێری پەرلەمان |
|---|---|---|---|
| ٢٠٢٢/٣ | 7 | 5 | 5 |
| ٢٠٢٢/٤ | 1 | 0 | 0 |
| ٢٠٢٢/٥ | 2 | 2 | 1 |
| ٢٠٢٢/٦ | 12 | 11 | 9 |
| ٢٠٢٢/٧ | 4 | 2 | 0 |
| ٢٠٢٢/٨ | 8 | 2 | 2 |
| کۆی گشتی | 34 | 22 | 17 |

لە خشتەی (١٩)دا دەردەکەوێت، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لەماوەی (٦) شەش مانگدا لە (٣٤) چالاکیدا بەشداری کردووە، کە بەپێی مانگەکان دیاریکراوە، لەبەرامبەردا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان (٢٢) جار لە چالاکیدا بەشداریکردووە، سکرتێری پەرلەمانیش (١٧) جار بەشداری لە چالاکیدا کردووە، بۆ دەقی چالاکییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی بەپێی رۆژ و ناونیشانەکان بروانەی پاشکۆکانی ژمارە (١٣ و ١٤ و ١٥).




## شێوەی (٥)

## چالاکییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان

## ئه نجام

پەرلەمانی کوردستان وەك بەرزترین دامەزراوەی هەرێم و تاکە مەرجەعی سیاسی و یاسایی، دامەزراوەی هەڵبژێردراو کە تەعبیر لە نوێنەرایەتی سەرجەم هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکات و بە یاسا و پەیرەو کارەکانی رێکخراوەو ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستنیشانکراون. بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەم دامەزراوە بالایە گلێندراوەتە ململانێ سیاسیەکان و نەیتوانیوە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. ئەم راپۆرتە کە هەڵسەنگاندنی بۆ خولی گرێدانی بەهارەی ساڵی ٢٠٢٢ ی پەرلەمان کردووە، سەرجەم داتاو زانیارییەکانی ئەو ماوە دیاریکراوەی دۆکیۆمێنت کردووە، ئەم راستیانەی خستۆتە روو:

### یەکەم: ئەرکی پەرلەمان لە یاسادانانا:

١- پەرلەمان نەیتوانیوە وەك پێویست بە ئەرکی یاسادانان هەڵسێت، لەکاتێکدا بۆشاییەکی زۆری یاسایی لەهەرێمدا هەیەو زۆرینەی یاساکانیش بەهۆی گۆڕانکاریی سەردەمەوە پێویستیان بە هەموار کردنەوە هەیە، کەچی لەم خولی گرێدانەدا تەنها (١١) یاسای پەسەند کردووە، کە تا ئێستاش (٥) لەو یاسایانە لە وەقائیعی کوردستان بلاو نەکراونەتەوە.

٢- ئەو یاسایانەی پەرلەمان دەریکردوون هەم لە رووی (شکلی) و هەم لە رووی (مەوزوعی)ەوە گرفتیان هەبووەو کوالیتیان وەك پێویست نییە، هەر بۆیە زۆرترینیان یا نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە یا هەر دوای دەرچونیان پێویستیان بە هەموار هەبووە.

### دووەم: ئەرکی پەرلەمان لە چاودێریکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردندا:

١- وێرای ئەو هەموو نارەزایی و کەموکوڕی و داوایەی هەبوو، متمانە لە هیچ وەزیرێك نەسەنراوەتەوە.

٢- لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە یەك یادداشت بەمەبەستی داوای پرساندنی وەزیری دارایی پێشکەشکراوە. ئەویش لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە.

٣- لەماوەی ئەم خولی گرێدانەدا نازانرێت ئەندامانی پەرلەمان چەند پرسیاریان ئاراستەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن کردووە، چونکە سەرۆکایەتی پەرلەمان شەفاف نییەو ئەو داتایانە ناخاتە بەردەست، بەڵام بەپێی وتەی سەرۆکی پەرلەمان تا تەواو بوونی ئەم خولی بەهارەیە (٤٥٢) پرسیار بێ وەڵامن.

٤- لە خولی بەهارەی پێشووتردا سەرۆکی پەرلەمان لەنوسراوێکدا پێچەوانەی پەیرەوی ناوخۆ و یاساکان رێگری پەرلەمانتاران کرد کە پرۆژەکان بەسەربکەنەوە بەمەبەستی چاودێری، بەم نوسراوەی گومانی خستەسەر کۆی پەرلەمانتاران و کاری پەرلەمانی. سەرباری نایاسایی بوون و نارەزایی پەرلەمانتاران لەهەمبەر بڕیارەکەدا، لە خولی پاییزەشدا بڕیارەکە هەڵنەوەشایەوەو تا ئێستاشی لەگەڵدابێت بەرکارە.

### سێیەم: ئەرکی پەرلەمان لە پەسەندکردنی بودجەی هەرێمدا:

١- بەپێی پەیرەوی ناوخۆ دەبێت لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك، ئەنجومەنی وەزیران بودجەی خەمڵێنراو رەوانەی پەرلەمان بکات، بەڵام ماوەی (٩) ساڵە (٢٠١٤-٢٠٢٢) بودجە نەچۆتە پەرلەمان.

٢- بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لە کۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو، بۆ پەرلەمان بنێرێت. بۆ زانینی چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەو بوارەکانی سەرفکردن، بەڵام ژمێرەی کۆتایی و بەیانی مالیش ماوەی (١١) ساڵە (٢٠١١-٢٠٢١) نەچۆتە پەرلەمان.

٣- بەپێی پەیڕەو، ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانە لەگەڵ دیوانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان بودجەی ساڵانە و ژمێرەی کۆتایی پەرلەمان، ڕێکبخەن و بیخەن بەردەم پەرلەمان بۆ پەسەندکردن و سەرپەرشتیکردن و جێبەجێکردنی. بەڵام پەرلەمان تا ئێستا بەم ئەرکەی هەڵنەستاوە. لە کاتێکدا داوای بودجەی و ژمێرەی کۆتایی لە حکومەت دەکەن؟!.

## چوارەم: پەرلەمانی کوردستان وەك مەرجەعی باڵای نیشتمانی:

١- دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان نییە، پەرلەمان ناتوانێت دەوری مەرجەعی باڵای سیاسی و یاسایی هەرێم بگێرێت، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە (بڕوانەبوونی هێزە سیاسیە باڵا دەستەکانی هەرێم بە کاری پەرلەمان، زاڵبوونی هەژموونی حزبی بەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان).

٢- دەستوری هەرێمی کوردستان کە پێویستییەکی گرنگ بوو دەبووایە کاری لەسەر بکرێت، سەرباری ئەو بەڵێنانەی درابوون بەڵام هیچ هەنگاوێکی کرداری بۆ نەنراوە.

٣- لە دانوستاندنی نێوان هەولێر و بەغدادا دەبوایە پەرلەمانی کوردستان مەرجەع و کۆکەرەوەی هەموو دەنگ و بۆچوونەکان بێت و لەهۆڵی پەرلەماندا بڕیارەکان یەکلا بکرێنەوە و حکومەت لەژێر چاودێری پەرلەماندا هەنگاوەکانی بنابووایە، بەڵام وا نەکەوتەوە. بەڵکو حکومەت هەمیشە پەرلەمانی وەك مینبەرێك بەکارهێناوە بۆ شەرعیەتدان بە قەناعەتەکانی خۆی، سەرۆکی حکومەت وەك مینبەرێکی ڕۆژنامەنوسی لێی ڕوانیوەو هەر بۆ ئەم مەبەستەش چۆتە پەرلەمان، لەوکاتانەی ئەندامان داوای ئامادەبوونیان لێکردبێت بۆ لێپرسینەوە ئامادە نەبووە.

٤- وێرای چەندین جار داوای ئەندامان بۆ گفتوگۆ لەسەر قەرزەکانی سەر حکومەت لەم خولەدا هیچ کارێکی لەسەر نەکرا.

## پێنجەم: پێشێلی پەیڕەو لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان:

١- لەماوەی خولی گرێدانی بەهارەدا پەرلەمانی کوردستان تەنها (١٠) دانیشتنی ئەنجامداوە، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی پەیڕەو پێویست بوو لەو ماوەیەدا بەلای کەمەوە (٤٠) کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجام بدات، ئەمە جگە لە کۆبوونەوەی نائاسایی کە لەکاتی پشووەکاندا دەکرێت.

٢- لەم خولی گرێدانەدا پەرلەمان تەنها (74:56) حەفتاو چوار کاتژمێر و پەنجا و شەش خولەك کۆبۆتەوە، ئەگەر وەك نەریتێك وەربیگرین و هەر کۆبوونەوەیەك تەنها (٣) کاتژمێری بۆ دابنرێت، پێویست بوو بەلای کەمەوە لەماوەی ئەم خولەدا پەرلەمان (١٢٠) کاتژمێر کۆ ببێتەوە، ئەمە جگە لە کاتژمێری کۆبوونەوە نائاساییەکان ئەگەر بکرابووایە.

٣- بەهۆی گوێنەگرتن لە داوای ئەندامان، بەشی زۆری دانیشتنەکان گرژی تێدەکەوێت، سەرۆکایەتیش بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە پەخش ڕادەگرێت و چەند جارێکیش لەم خولەدا دانیشتنەکەی هەڵگرتووە.

٤- بەپێی ماددەی (٦٦) برگەی یەکەم، (٥) یاداشت هەیە کە ژمارەی یاسایی ئەندامان واژۆیان کردووە بەمەبەستی خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ، بەڵام تەنها یەك دانەی خراوەتە بەرنامەی کارەوەو چوار یاداشتەکەی تر پشتگوێخراون.

٥-بەپێی بڕیاری ژمارە (٢) لە(٢٠٢١/٣/٣١) ڕێگریی لە پەرلەمانتار (کازم فاروق) کرا بەشداری دانیشتنەکان بکات، سەرباری ئەوەی پێچەوانەی پەیرەوی ناوخۆ بوو، دوابەدوای بڕیارەکە (کازم فاروق) یانزە جار سەردانی پەرلەمانی کردووە بەڵام پاسەوانەکان لە دەروازەی دەرەوە ڕێگریان لێکرد و ئەمەش پێشێلی پەیرەو بوو، دواتر لە (٢٠٢٢/٢/٢٧) کازم فاروق نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەش بە پەرلەمان کردوو، بەلام تا ئێستاش کە (٧) مانگە نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە.

٦- بەرنامەی کاری دانیشتنەکان لەگەڵ خواستە هەنوکەییەکانی خەڵکی کوردستاندا وێك نایەتەوە، هەر بۆیەش بەردەوام نارەزایی لەلایەن ئەندامان و فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆنەوە دەربڕدراوەو بەمەش پەشێوی دروستبووە.

٧- لەم خولی گرێدانەدا و لە (٤) کۆبوونەوەدا تۆماری ئامادەنەبوونی ئەندامان تۆمار نەکراوەو نەخوێندراوەتەوە.

٨- زۆرینەی دانیشتنەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا وەك لەبەرنامەی کاردا هاتووە دەستیان پێنەکردووەو دواکەوتوون.

## شەشەم: پێشێلی پەیرەو لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە:

١- هاوشێوەی سەرۆکایەتی، ئەندامی پەرلەمانیش چەندین جار پەیڕەو پێشل دەکەن، بەتایبەت لە کاتی ئاخاوتندا، ئەمەش هاوشێوەی پێشێلکارییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی زیانی هەیە بۆ بەرێوەچوونی دانیشتنەکان.

٢- لیژنە هەمیشەییەکان ئەرکی پەیڕەوییان ئەنجام نەداوە، لەم خولەشدا سست بوون لەسەر نوسینی ڕاپۆرت لەسەر پرۆژەو پێشنیازەیاساکان تا بخرێنە بەرنامەی کارەوە بەمەبەستی پەسەندکردن.

٣- لەماوەی ئەم خولەدا لیژنەکانی پەرلەمان کە ژمارەیان (١٩) لیژنەیە تەنها (١٢٠) کۆبوونەوەیان کردووە، لەکاتێکدا بەپێی پەیرەو بەلای کەمەوە پێویست بوو بە هەر نۆزدە لیژنەکە لەماوەی ئەم خولەدا بەلای کەمەوە (١٥٢) جار کۆبونەوە بکەن.

## حەوتەم: پوختەی کارو چالاکییەکانی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامان:

١- سەرۆکایەتی پەرلەمان لەماوەی (٦) مانگدا (١٤) بەیانی ڕاگەیاندووە، کە پێکهاتووە لە: (٥) پەیامی هاوخەمی بەبۆنەی پرسەوە، (٣) پەیامی پیرۆزبایی، (٤) پەیامی ئیدانە، (١) پەامی هاوخەمی و (١) پەیامی پیرۆزباسی، ئەمە لەکاتێکدا زۆر پرسی گرنگ هەبوون و پێویست بوو پەرلەمان هەڵوێستی لەبەرامبەریاندا هەبێت.

٢- ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەماوەی (٦) مانگدا (٣٢) پەیامیان ڕاگەیاندووە، لەوانە سەرۆکی پەرلەمان (١٦)پەیام، جێگری سەرۆکی پەرلەمان (١٠) پەیام، سکرتێری پەرلەمان (٦) پەیامی بلاوکردۆتەوە، کە تێکڕایان بریتین لە: (١) پەیامی هاوخەمی بەبۆنەی پرسەوە، (٢٨) پەیامی پیرۆزبایی، (٣) پەیامی هاوخەمی و هیچ پەیامێکی پاڵپشتیش نەبووە.

٣- لەم خولەدا سەرۆکی فراکسیۆنەکان وەکو سەرۆك تەنها (١) جار قسەیان کردووە، لە یەکەمین کۆبونەوەی پەرلەمان بەبۆنەی دەستپێکردنی خول.

٤–لەم خولەدا تەنها (١٥) پەرلەمانتار وەکو سەرۆك یاخود ئەندامانی لیژنەکان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان کە لەسەر سەکۆ قسەیان کردووە یاخود راپۆرتی لیژنەیان خوێندۆتەوە، کە یەك پەرلەمانتار (١٨) جار قسەی کردووە، پەرلەمانتارێکی تر (٧) جار و (٢) پەرلەمانتار (٣) جار (٣) پەرلەمانتار (٢) جار و (٨) پەرلەماناریش (١) جار قسەیان کردووە.

٥–لەم خولەدا (١٠٠) پەرلەمانتار وەکو ئەندامی پەرلەمان لە شوێنی خۆی لە دانیشتنەکانی پەرلەمان قسەیان کردووە، (٨) پەرلەمانتار (هیچ) قسەیەکی نەکردووە، کە پەرلەمانتار کازم فاروق رێگەی پێنەدراوە بەشداری دانیشتنەکان بکات، بەڵام حەوت پەرلەمانتارەکەی تر بەشدار بوون لە دانیشتنەکاندا، (١٩) پەرلەمانتار (یەك جار) قسەیەکیان کردووە، (٧) پەرلەمانتار (دوو جار) قسەیەکیان کردووە، (١١) پەرلەمانتار (سێ جار) قسەیەکیان کردووە، (٥) پەرلەمانتار (چوار جار) قسەیەکیان کردووە، (٣) پەرلەمانتار (پێنج جار) قسەیەکیان کردووە...هتد.

٦–هەر لەم خولەدا (٧٤) پەرلەمانتار لە دانیشتنەکانی پەرلەمان وەك خاڵی پەیرەو کە قسەیان کردووە، (٣٤) پەرلەمانتار (هیچ) قسەیەکی نەکردووە، کە پەرلەمانتار کازم فاروق رێگەی پێنەدراوە بەشداری دانیشتنەکان بکات، بەڵام سی و سێ پەرلەمانتارەکەی تر بەشدار بوون لە دانیشتنەکاندا، (٢٥) پەرلەمانتار (یەك جار) قسەیەکیان کردووە، (١٠) پەرلەمانتار (دوو جار) قسەیەکیان کردووە، (١٥) پەرلەمانتار (سێ جار) قسەیەکیان کردووە، (٨) پەرلەمانتار (چوار جار) قسەیەکیان کردووە، (٧) پەرلەمانتار (پێنج جار) قسەیەکیان کردووە...هتد.

٧– لەم خولەدا (١٠٤) پەرلەمانتار لەسەرجەم دانیشتنەکانی پەرلەمان وەك (لیژنە، کاتی گفتوگۆ، بەپێی خاڵی پەیرەو و سەرۆکی فراکسیۆن) قسەیان کردووە، (٤) پەرلەمانتاریش (هیچ) قسەیەکی نەکردووە.

لەم ژمارەیەی کە پەرلەمانتاران قسەیان کردووە، (١) یەك ئەندام پەرلەمان زۆرترین جار قسەی کردووە، کە (٥١) جار بووە، ژمارەکان کەم دەبنەوە تا دەگاتە ئەوەی (١٠) ئەندام پەرلەمان تەنها (١) یەك جار قسەیان کردووە.

٨– کاتێك سەرنجی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەدەیت، بەڕوونی دیارە بەشداری چەندین ئەندام لە گفتوگۆکان تەنها لە پێناو قسەکردنە، نەك ئیزافەیەك بۆ گفتوگۆکان، وە قسە کردن لە ناو پەرلەمان بە بێ خاڵی پەرێڕەوی لە لایەن بەشێکی بەرچاوی ئەندامەنامە پەیرەو دەکرێت.

## هەشتەم: هەڵسەنگاندنی پەرلەمانی کوردستان بە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان

بەپێی پێوەری یەکێتی پەرلەمانەکانی جیهان (IPU)، پەرلەمانی کوردستان لە ئاستێکی لاوازدایە، ئاستی پەرلەمان لە دانیشتنەکاندا نزمە، لە رێژەی ئامادەبوون و نەبوونی ئەندامان لە دانیشتنەکاندا شەفاف نیە و دیار نیە، ئاستی رەزامەندی لەسەر بڕیاری سەرۆکی پەرلەمان و دانیشتنەکان کۆنترۆڵنەکراوە، ئاستی بالانس لە بەشداری ئەندامان سنورردارە، ئاستی چالاکی یاسادانان سنورردارە. ئاستی دەستپێشخەری لەم خولەدا لاوازە. بەشداری ئەندامان لەکاری چاودێری لە ئاستێکی لاوازدایە. لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە گومان لەسەر ئەندامانی پەرلەمان هەیە، زۆرترین پرسیاری نوسراوی ئەندامان وەڵام نەدراوەتەوە، هیچ لێپرسینەوەو پرساندنێك نەکراوە، هیچ لیژنەیەکی لێکۆلینەوە پێکنەهێنراوە، پەیوەندی پەرلەمان لەگەڵ هاولاتیاندا لاوازە، ئەمانەو چەندین خاڵی لاوازی تری پەرلەمان و سەرۆکایەتیەکەی بەپێی پێوەرە جیهانییەکە لەم راپۆرتەدا خراونەتە روو.

## راسپاردەکان

١–پەرلەمانی کوردستان سەربەخۆیی خۆی هەبێت و سەرۆکایەتی و ئەندامان بەپێی پەیرەو ئەرکە پەرلەمانییەکەی خۆیان جێبەجێ بکەن.

٢–سەرۆکایەتی پەرلەمان بەپشتیوانی سەرجەم فراکسیۆنە جیاجیاکان و ئەندامان جەخت لەوە بکاتەوە هەڵبژاردن لە زووترین دەرفەتدا بکرێت و ئیتر نەریتی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان کۆتایی پێ بهێنرێت.

٣–بەڵگەنامەیەکی شەرەف لەنێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان واژۆ بکرێت و پەرلەمان بەراستی بالاترین مەرجەعی سیاسی و یاسایی هەرێم بێت و بۆ پرسە چارەنوسسازەکان بۆی بگەڕێنەوە، ئەمەش کاتێك دەبێت کە کەسانی بڕیاربەدەستی حزبە سیاسییەکان کاندید بکەن بۆ پەرلەمان.

٤–پێویستە لە نزیکترین دەرفەتدا لەم خولەدا کار لەسەر هەمواری یاسای هەڵبژاردن بکرێت، کە ناکۆکیی لەنێوان هێزە سیاسییەکان دروستکردووە.

٥– پێویستە بە زوترین کات کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی کارا بکرێتەوەو کار بۆ پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران بکرێت.

٦– ئەرکی پەرلەمانە سەرۆکایەتی دەستەی (دەستپاکی) و (دیوانی چاودێریی دارایی) و کۆمسیارانی (کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان) بگۆڕێت یا نوێیان بکاتەوە، کە ماوەی یاساییان بەسەر چووە.

٧–لەم خولەی پەرلەماندا دەرفەت ماوە پەرلەمان یاسای پەروەردە پەسەند بکات، پڕۆژەکەی خوێندنەوەی بۆ کراوەو لەلایەن لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاوە راپۆرتیشی لەسەر نوسراوە، پەسەندکردنی ئەم یاسایە کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر رەوشی پەروەردە دەبێت.

٨– لیژنە هەمیشەییەکان لە زووترین کاتدا راپۆرت لەسەر ئەو پڕۆژەیاسایانە بنوسن بۆ ئەوەی لەدانیشتنی پەرلەماندا خوێندنەوەی دووەمیان بۆ بکرێت و پەسەند بکرێن.

٩– بۆشایی یاسایی لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا هەیە، پێویستە هەموار بکرێتەوە.

١٠– دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وردتربێت و ئەو پێشێلکاریانەی پەیرەو کە کراون و دەکرێن رایان بگرێت.

١١– پەرلەمان چاودێریی دەسەلاتی جێبەجێکردن بکات لەو پێشێلکارییە یاساییانەی دەیکەن رایان بگرێت.

١٢– هەڵوەشانەوەی ئەو نوسراوەی سەرۆکی پەرلەمان دەریکردووە کە پەرلەمانتاران قەدەغەدەکات لە چاودێریکردنی پڕۆژەکان، خۆ ئەگەر پەرلەمانتارێك پێگەکەی بۆ مەبەستی تر بەکارهێناوە پێویستە لێکۆلینەوەی لەگەل بکرێت و بەپێی یاساکان سزا بدرێت.

١٣– ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کەم و کوڕی زۆرە، چەندین یاسا و بڕیار کە دەرچوون دانەنراوە، ئەرشیفی خولەکانی پێشووی پەرلەمانیش دانەنراوە، بۆیە گرنگە ئەم ماڵپەڕی ئێستا ببێتە ماڵپەڕی فەرمی هەموو پەرلەمان نەك تەنها خولی پێنج.

١٤– لە دانیشتنەکانی پەرلەمان کار بەسیستمی ئەلکترۆنی دەنگدان بکرێت، کە لە خولی سێیەمی پەرلەمانەوە ئامادەیە بۆ کارکردن و بودجەیەکی زۆر لە نوژەنکردنەوەی هۆڵی دانیشتنەکان خەرجکرا، بەلام هەتا ئێستا ئەم سیستمە کارناکات، بۆ دروستی رێکاری دەنگدان پێویستە ئەم سیستمە بەکاربهێندرێت.

**خشتەی ژمارە (٢٠)**

**پوختەی ژمارەی خولی بەهارە**

**(١ی ئازاری ٢٠٢٢ بۆ ٣١ ی ئابی ٢٠٢٢)**

| ژ | ناونیشان | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە ئەنجامدراون | 10 | |
| ٢ | ژمارەی کۆبوونەوەی دواخراو | 0 | |
| ٣ | ژمارەی بڕگەی کار | 31 | |
| ٤ | ژمارەی بڕگەی کار/جێبەجێکراو | 24 | |
| ٥ | ژمارەی بڕگەی کار/جێبەجێ نەکراو | 7 | |
| ٦ | کۆی ماوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | 74:56 | حەفتا و چوار کاتژمێر و پەنجا و شەش خولەك |
| ٧ | ژمارەی پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە | 9 | |
| ٨ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | 11 | |
| ٩ | ژمارەی بڕیاری پەسەند کراو | 0 | |
| ١٠ | ژمارەی بڕیاری کارگێری پەسەند کراو | 0 | |
| ١١ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | 0 | |
| ١٢ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | 120 | |
| ١٣ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە | 14 | |
| ١٤ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان کە پێویست بوو بنوسرێ و نەنوسراوە | 19 | |
| ١٥ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | 4313 | ژمارەی پرسیاری ئەندامان بەردەست نییە، بەڵام بەپێی ئامارێك کە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە کۆتایی خولی پاییزەدا بلاوی کردۆتەوە ئەم ژمارانەی تیادا هاتووە، بەپێی بلاوکراوەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پرسیارەکان (نوسراو و زارەکی)ن، واتە ئەو پرسیارانەشی لەخۆ گرتووە کە ئەندامان لەکاتی میوانداری وەزیرەکاندا لە دانیشتنی پەرلەماندا کردویانە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ هێشتا (٤٥٢) پرسیاری نوسراو بێ وەڵامن. |
| ١٦ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | 3862 | |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | 451 | |

## خشتەی ژمارە (٢١)
## پوختەی ژمارەی کارەکانی پەرلەمان
## لە ماوەی (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٢/٨/٣١)

| ژ | ناونیشان | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە ئەنجامدراون | 99 | |
| ٢ | ژمارەی کۆبوونەوەی دواخراو | 9 | |
| ٣ | ژمارەی برگەی کار | 248 | |
| ٤ | ژمارەی برگەی کار/جێبەجێکراو | 217 | |
| ٥ | ژمارەی برگەی کار/جێبەجێنەکراو | 31 | |
| ٦ | کۆی ماوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | 344:14 | سێ سەد و چل و چوار کاتژمێر و چواردە خولەك |
| ٧ | ژمارەی پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریار کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە | 75 | |
| ٨ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | 41 | |
| ٩ | ژمارەی بریاری پەسەند کراو | 11 | |
| ١٠ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | 0 | |
| ١١ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | 864 | |
| ١٢ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان کە پێویست بوو بنوسرێت | 167 | |
| ١٣ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان کە پێویست بوو بنوسرێت و نەنوسراوە | 60 | |
| ١٤ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان کە لەسەر پرۆژەیاساکان نوسراوە | 107 | |
| ١٥ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | 4313 | ژمارەی پرسیاری ئەندامان بەردەست نییە، بەڵام بەپێی ئامارێك کە سەرۆکایەتی پەرلەمان لە کۆتایی خولی پاییزەدا بلاوی کردۆتەوە ئەم ژمارانەی تیادا هاتووە، بەپێی بلاوکراوەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمان پرسیارەکان (نوسراو و زارەکی)ن، واتە ئەو پرسیارانەشی لەخۆ گرتووە کە ئەندامان لەکاتی میوانداری وەزیرەکاندا لە دانیشتنی پەرلەماندا کردویانە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ هێشتا (٤٥٢) پرسیاری نوسراو بێ وەڵامن. |
| ١٦ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | 3862 | |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | 451 | |

## کار و چالاکی لیژنە هەمیشەییەکان لە خولی بەهارە

**خشتەی ( ٢٢ )**

**لیژنەی کاروباری یاسایی لە خولی بەهارە**

**( ٢٠٢٢/٣/١ تا ٢٠٢٢/٨/٣١ )**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن |
|---|---|---|---|
| ١ | بژار خالید عەبدوڵلا | سەرۆك | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٢ | عەباس فەتاح ساڵح | ج. سەرۆك | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٣ | جەلال محەمەد ئەمین | بڕیاردەر | بزوتنەوەی گۆڕان |
| ٤ | ڕوپاك ئەحمەد ڕەحمان | ئەندام | کۆمەڵی دادگەری کوردستان |
| ٥ | عەبدولسەلام عەبدوڵلا حەسەن | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٦ | ڕۆژان محەمەد کەریم | ئەندام | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٧ | خەدیجە عومەر تەها | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٨ | کاوە عەبدولقادر حەسەن | ئەندام | جولانەوەی نەوەی نوێ |
| ٩ | سارا دڵشاد ئەبوبەکر | ئەندام | پارتی گەلی تورکمانی |
| ١٠ | روبینە ئوملیك عزیز | ئەندام | هاوپەیمانیەتی یەکێتی نەتەوەیی |
| ١١ | ڕۆژان ئیبراهیم عەلی | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | 9 | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | 0 | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | 4 | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | 7 | کۆبونەوەکان لەم ڕۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٣/٢٨)، (٢٠٢٢/٣/٢٩)، (٢٠٢٢/٥/١٠)، (٢٠٢٢/٥/١٢)، (٢٠٢٢/٦/٨)، (٢٠٢٢/٦/١٤)، (٢٠٢٢/٨/٢٢). |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | 0 | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەو سەردانی مەیدانی | 0 | |
| ٧ | بەشداری دەستەی سەرۆکایەتی لە دانیشتنەکان | 1 | سەرۆکی پەرلەمان (١) جار. |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | 0 | |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | 0 | |
| ١٠ | بەشداری لیژنە لە لیژنەی هاوبەش | 2 | لێژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار، لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ |
| ١١ | بەشداری لیژنە لە چالاکی | 3 | چالاکییەکان لەم ڕۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٣/٩)، (٢٠٢٢/٥/٩)، (٢٠٢٢/٧/٢٦). |
| ١٢ | وازهێنانی ئەندامی لیژنە | 0 | |
| ١٣ | زیادبوونی ئەندامی لیژنە | 0 | |
| ١٤ | دەرکردنی بەیاننامە، ڕاگەیەندار یاخود پەیام | 0 | |

**خشتەی (٢٣)**

**لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری لە خولی بەهارە**

**(٢٠٢٢/٣/١ تا ٢٠٢٢/٨/٣١)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن |
|---|---|---|---|
| ١ | زیاد جەبار محەمەد | سەرۆك | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٢ | هێڤیدار ئەحمەد سەلمان | ج. سەرۆك | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٣ | محەمەد سەعدەدین ئەنوەر | بڕیاردەر | پارتی گەلی تورکمانی |
| ٤ | ئەرشەد حوسێن محەمەد | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٥ | لیزا فەلەکەدین کاکەیی | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٦ | بەهجەت عەلی ئیبراهیم | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٧ | نجات شەعبان عەبدوڵلا | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٨ | بەڵێن ئیسماعیل حاجی | ئەندام | بزوتنەوەی گۆڕان |
| ٩ | عومەر عەبدوڵلا فەتاح | ئەندام | کۆمەڵی دادگەری کوردستان |
| ١٠ | شێرکۆ جەودەت مستەفا | ئەندام | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |
| ١١ | سەرکۆ ئازاد حوسێن | ئەندام | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | 0 | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | 0 | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | 0 | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | 8 | کۆبونەوەکان لەم ڕۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٧/٣)، (٢٠٢٢/٣/٢٩)، (٢٠٢٢/٥/١٦)، (٢٠٢٢/٦/٦)، (٢٠٢٢/٦/١٣)، (٢٠٢٢/٦/٢١)، (٢٠٢٢/٧/٢٦)، (٢٠٢٢/٨/٢٣) |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | 2 | پێشوازییەکان لەم ڕۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٣/٢٩)، (٢٠٢٢/٤/٥) |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەو سەردانی مەیدانی | 0 | |
| ٧ | بەشداری دەستەی سەرۆکایەتی لە دانیشتنەکان | 0 | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | 0 | |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | 0 | |
| ١٠ | بەشداری لیژنە لە لیژنەی هاوبەش | 0 | |
| ١١ | بەشداری لیژنە لە چالاکی | 1 | چالاکییەکان لەم ڕۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٣/٩) |
| ١٢ | وازهێنانی ئەندامی لیژنە | 0 | |
| ١٣ | زیادبوونی ئەندامی لیژنە | 0 | |
| ١٤ | دەرکردنی بەیاننامە، ڕاگەیەندار یاخود پەیام | 0 | |

## خشتەی (٢٤)

## لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە خولی بەهارە

## (٢٠٢٢/٣/١ تا ٢٠٢٢/٨/٣١)

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن |
|---|---|---|---|
| ١ | ریڤینگ محەمەد محەمەد | سەرۆك | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٢ | عوسمان کەریم سوارە | ج. سەرۆك | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٣ | رزگار محەمەد مەحمود | بریاردەر | بزوتنەوەی گۆران |
| ٤ | سەروان محەمەد عەلی | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٥ | حیکمەت محەمەد عبوزید | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٦ | بژار خالید عەبدوڵلا | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٧ | سەعید مستەفا تەتەرخان | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٨ | جەمال حەویز مستەفا | ئەندام | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٩ | بالآنبۆ محەمەد عەلی | ئەندام | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ١٠ | ئەبوبەکر عومەر عەبدولآ | ئەندام | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |
| ١١ | باپیر کامەلا سلیمان | ئەندام | هاوپەیمانی سەردەم |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | 0 | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بریاری ئاراستەکراو | 0 | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریار کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | 1 | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | 7 | کۆبونەوەکان لەم رۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٣/١٥)، (٢٠٢٢/٣/٢٩)، (٢٠٢٢/٤/١٢)، (٢٠٢٢/٥/١٧)، (٢٠٢٢/٦/٧)، (٢٠٢٢/٦/٢٩)، (٢٠٢٢/٨/١٦) |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | 1 | پێشوازییەکان لەم رۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٧/١٨). |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەو سەردانی مەیدانی | 2 | سەردانەکان لەم رۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٧/٥)، (٢٠٢٢/٨/٢٢) |
| ٧ | بەشداری دەستەی سەرۆکایەتی لە دانیشتنەکان | 0 | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | 0 | |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | 1 | بەدواداچوون بۆ کێشە و داواکارییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە |
| ١٠ | بەشداری لیژنە لە لیژنەی هاوبەش | 0 | |
| ١١ | بەشداری لیژنە لە چالاکی | 0 | |
| ١٢ | وازهێنانی ئەندامی لیژنە | 0 | |
| ١٣ | زیادبوونی ئەندامی لیژنە | 0 | |
| ١٤ | دەرکردنی بەیاننامە یاخود راگەیەندراو | 0 | |

## خشتەی (٢٥)

## لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییەکان لە خولی بەهارە

(٢٠٢٢/٣/١ تا ٢٠٢٢/٨/٣١)

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن |
|---|---|---|---|
| ١ | شاخەوان رئوف مستەفا | سەرۆك | بزوتنەوەی گۆڕان |
| ٢ | بالأنبۆ محەمەد عەلی | ج.سەرۆك | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٣ | حیکمەت محەمەد عبوزید | بڕیاردەر | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٤ | رزگار عیسا سوار | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٥ | نزار عەبدولغەفار | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٦ | موحسین حوسێن مستەفا | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٧ | ئەرشەد حوسێن محەمەد | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٨ | عەبدولناسر ئەحمەد عەلی | ئەندام | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٩ | یاسین خزر تەها | ئەندام | بزوتنەوەی گۆڕان |
| ١٠ | کاوە عەبدولقادر حەسەن | ئەندام | جولانەوەی نەوەی نوێ |
| ١١ | زیکری ئەحمەد ئیسماعیل | ئەندام | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | 0 | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | 0 | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | 0 | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | 3 | کۆبونەوەکان لەم رۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٤/٢٦)، (٢٠٢٢/٥/٢٤)، (٢٠٢٢/٨/١٧) |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | 1 | پێشوازییەکان لەم رۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٦/١٤) |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەو سەردانی مەیدانی | 0 | |
| ٧ | بەشداری دەستەی سەرۆکایەتی لە دانیشتنەکان | 0 | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | 0 | |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | 0 | |
| ١٠ | بەشداری لیژنە لە لیژنەی هاوبەش | 0 | |
| ١١ | بەشداری لیژنە لە چالاکی | 0 | |
| ١٢ | وازهێنانی ئەندامی لیژنە | 0 | |
| ١٣ | زیادبوونی ئەندامی لیژنە | 0 | |
| ١٤ | دەرکردنی بەیاننامە، راگەیەندار یاخود پەیام | 1 | لەم رۆژانەدا بووە: (٢٠٢٢/٣/١٣) |

## خشتەی ( ٢٦ )

## لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە خولی بەهارە

( ٢٠٢٢/٣/١ تا ٢٠٢٢/٨/٣١ )

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن |
|---|---|---|---|
| ١ | عەبدولستار مەجید قادر | سەرۆك | کۆمەڵی دادگەری کوردستان |
| ٢ | شوان کەریم محەمەد | ج. سەرۆك | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٣ | سەفین ئاغا عومەر | بڕیاردەر | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٤ | ئیحسان محەمەد سەلیم | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٥ | هێرش حەسەن حەمەد | ئەندام | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٦ | عوسمان کەریم سوارە | ئەندام | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٧ | یاسین خزر تەها | ئەندام | بزوتنەوەی گۆڕان |
| ٨ | سیپان سالم حەسەن | ئەندام | جولانەوەی نەوەی نوێ |
| ٩ | جنان جبار بویا حسینی | ئەندام | هاوپەیمانیەتی یەکێتی نەتەوەیی |
| ١٠ | هەڵکەوت انور خلیفە | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | 1 | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | 0 | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | 0 | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | 4 | کۆبونەوەکان لەم ڕۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٤/١٢)، (٢٠٢٢/٦/١٤)، (٢٠٢٢/٨/١٦)، (٢٠٢٢/٦/٢٨). |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | 1 | پێشوازاییەکان لەم ڕۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٤/٢٥). |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەو سەردانی مەیدانی | 1 | سەردانەکان لەم ڕۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٦/٢٩) |
| ٧ | بەشداری دەستەی سەرۆکایەتی لە دانیشتنەکان | 1 | سەرۆکی پەرلەمان (١) جار |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | 0 | |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | 0 | |
| ١٠ | بەشداری لیژنە لە لیژنەی هاوبەش | 2 | هەردوو لێژنەی لێژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار و لێژنەی ئاوەدانکردنەوە، لێژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار |
| ١١ | بەشداری لیژنە لە چالاکی | 0 | |
| ١٢ | وازهێنانی ئەندامی لیژنە | 0 | |
| ١٣ | زیادبوونی ئەندامی لیژنە | 0 | |
| ١٤ | دەرکردنی بەیاننامە، ڕاگەیەندار یاخود پەیام | 0 | |

**خشتەی ( ٢٧ )**

**لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە خولی بەهارە**

**( ٢٠٢٢/٣/١ تا ٢٠٢٢/٨/٣١ )**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن |
|---|---|---|---|
| ١ | عەبدولسەلام عەبدوڵلا حەسەن | سەرۆک | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٢ | موسلیم عەبدوڵلا ڕەسوڵ | ج. سەرۆک | کۆمەڵی دادگەری کوردستان |
| ٣ | گەلاوێژ عوبێد عوسمان | بڕیاردەر | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٤ | حەسیبە سەعید ئیبراهیم | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٥ | گولستان باقی سلێمان | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٦ | شەمۆل ئاشتی سابیر | ئەندام | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٧ | ڕاهی ڕەهبەر سەعید بڕایم | ئەندام | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٨ | ئاشنا عەبدوڵلا قادر | ئەندام | بزوتنەوەی گۆڕان |
| ٩ | زێدان ڕەشیدخان ئاودەل | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ١٠ | هەلز ئەحمەد محەمەد | ئەندام | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |
| ١١ | فەرید یەعقوب ئیلیا گورگیس | ئەندام | ڕافیدەین |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | پرۆژە و پێشنیازە یاسایی ئاراستەکراو | 1 | |
| ٢ | پرۆژە و پێشنیازە بڕیاری ئاراستەکراو | 0 | |
| ٣ | پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بڕیار کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | 1 | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | 4 | کۆبونەوەکان لەم ڕۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٥/١٦)، (٢٠٢٢/٦/٦)، (٢٠٢٢/٦/١٢)، (٢٠٢٢/٦/٢٦) |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | 2 | پێشوازییەکان لەم ڕۆژانەدا ئەنجامدراون: (٢٠٢٢/٤/٢٤)، (٢٠٢٢/٥/٢٢) |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەو سەردانی مەیدانی | 0 | |
| ٧ | بەشداری دەستەی سەرۆکایەتی لە دانیشتنەکان | 0 | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | 2 | د. ڤالا فەرید، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ، د. ئالان حەمەسەعید وەزیری پەروەردە |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | 0 | |
| ١٠ | بەشداری لیژنە لە لیژنەی هاوبەش | 0 | |
| ١١ | بەشداری لیژنە لە چالاکی | 0 | |
| ١٢ | وازهێنانی ئەندامی لیژنە | 0 | |
| ١٣ | زیادبوونی ئەندامی لیژنە | 0 | |
| ١٤ | دەرکردنی بەیاننامە یاخود ڕاگەیەندراو | 0 | |

**خشتەی ( ٢٨ )**

## لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر لە خولی بەهارە

**( ٢٠٢٢/٣/١ تا ٢٠٢٢/٨/٣١ )**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن |
|---|---|---|---|
| ١ | سەباح مەحمود محەمەد | سەرۆک | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٢ | شایان کاکە ساڵح محەمەد | ج. سەرۆک | بزوتنەوەی گۆڕان |
| ٣ | ڕۆژان ئیبراهیم عەلی | بڕیاردەر | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٤ | زانا خالد سمایل | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٥ | گەلاوێژ عوبێد عوسمان | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٦ | بەختیار شوکری سلێمان | ئەندام | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ٧ | لوقمان حمد حاجی | ئەندام | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٨ | شنۆ ئەشقی عەبدوڵا | ئەندام | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٩ | جەلال محەمەد ئەمین | ئەندام | بزوتنەوەی گۆڕان |
| .٢٢ | ٢٠٢٢/٦/٢٧ | سەرپەرشتکیردنی کۆبونەوەی نۆیەمی خولی بەهارە. |
| .٢٣ | ٢٠٢٢/٧/٢٤ | سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەیەکی فراوانی ژمارەیەك لە پارێزەرانی ڕاوێژکار و نوێنەری ڕێکخراوەکانی ژنان. |
| .٢٤ | ٢٠٢٢/٧/٢٦ | ئامادەبوونی لە گفتوگۆیەکی کراوە لەژێر ناونیشانی زەمینەسازی بۆ بەناوخۆییکردنی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان. |
| .٢٥ | ٢٠٢٢/٧/٢٧ | بە مەبەستی تاوتوێکردنی کارەکانی (بنکەی یاسادانان)، و لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوتی کارکردنی ئەو بنکە پەرلەمانییە، لەگەڵ بەرپرس و کارمەندانی بنکەکە کۆ بووەوە، لە کۆبوونەوەکەدا کە هەر یەك لە بەرپرسی سەنتەری توێژینەوە و سەرنووسەری ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمان و ژمارەیەك لە تەکنیکاران تێدا بەشدار بوون. |
| .٢٦ | ٢٠٢٢/٧/٢٩ | سەرپەرشتکیردنی کۆبونەوەی دەیەمی خولی بەهارە. |
| .٢٧ | ٢٠٢٢/٨/٢ | سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان هەردوو لێژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و لێژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتوگوزار |
| .٢٨ | ٢٠٢٢/٨/٣ | لە تەلاری پەرلەمان بەشداریکرد لە مەڕاسیمێك بۆ یادی هەشتساڵەی جینۆسایدکردنی کوردانی ئێزدی بەدەستی تیرۆریستانی داعش. |
| .٢٩ | ٢٠٢٢/٨/٧ | گەیاندنی کۆمەکی دارایی بە نەخۆشخانەی هیوا لە شاری سلێمانی. |
| .٣٠ | ٢٠٢٢/٨/٩ | سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەیەکی فراوانی لێژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی. |
| .٣١ | ٢٠٢٢/٨/١١ | سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەیەکی فراوان سەبارەت بە ڕەشنووسی یاسای جێبەجێکردن. |
| .٣٢ | ٢٠٢٢/٨/١٧ | سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەیەکی فراوان لەنێوان دەستەی ناوچە کوردستانییەکان و لێژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم . |
| .٣٣ | ٢٠٢٢/٨/٢١ | سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەیەکی فراوان لەنێوان وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و هەردوو لێژنەی کاروباری یاسایی و لێژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ. |
| .٣٤ | ٢٠٢٢/٨/٢٣ | سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان. |

## پاشکۆی (١٤)

# چالاکییەکانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان

| ژ | مێژوو | چالاکی |
|---|---|---|
| .١ | ٢٠٢٢/٣/١ | بەشداریکردن لە مەڕاسیمیساڵیادی کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی |
| .٢ | ٢٠٢٢/٣/١ | بەشداریکردنی لە کۆبونەوەی یەکەمی خولی بەهارە. |
| .٣ | ٢٠٢٢/٣/٢ | سەرپەرشتیکردنی کۆبونەوەی دووەمی خولی بەهارە. |
| .٤ | ٢٠٢٢/٣/٨ | بەبۆنەی ڕۆژی ٨ی مارس، بەشداریکرد لە ڕۆژی جیهانیی ژنان، کەبۆ فەرمانبەران و کارمەندە خانمەکانی پەرلەمان بەڕێوەچوو. |
| .٥ | ٢٠٢٢/٣/١٦ | بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە. |
| .٦ | ٢٠٢٢/٥/١١ | بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی پەرستاران، پێشانگەیەکی فۆتۆگرافیی سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی پەرستارانی هەولێر، بۆ فۆتۆگرافەر مەحمود هەولێر، وێنەگری پەرلەمانی کوردستان کردەوە |
| .٧ | ٢٠٢٢/٥/٢٥ | بەشداریکردنی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان |
| .٨ | ٢٠٢٢/٦/٢ | بەشداریکردنی لە کۆبونەوەی سێیەمی خولی بەهارە. |
| .٩ | ٢٠٢٢/٦/٦ | بەشداریکردن لە کۆبونەوەی ڕەشنووسی ڕاپۆرتی یەکەمی پێشنیازە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت و خێزان. |
| .١٠ | ٢٠٢٢/٦/٧ | بەشداریکردنی لە کۆبونەوەی چوارەمی خولی بەهارە. |
| .١١ | ٢٠٢٢/٦/١٢ | بەشداریکردنی لە کۆبونەوەی پێنجەمی خولی بەهارە. |
| .١٢ | ٢٠٢٢/٦/١٤ | پێشکەش کردنی خەلاتی ڕێزلێنان بە د. بیلال مەلۆ پیرخال پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی حاجی عەبدە لە گەرکی ئازادی، کە وەکوو یەکەم مامۆستای ئاینی تێزی دکتۆراکەی تایبەت کرد بوو بە (ئێزیدیەکان لەکوردستان و پەیوەندییان لەگەڵ موسوڵمانان). |
| .١٣ | ٢٠٢٢/٦/١٥ | سەرپەرشتکردنی کۆبونەوەی شەشەمی خولی بەهارە. |
| .١٤ | ٢٠٢٢/٦/٢١ | سەرپەرشتیکردن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانتار ئیدریس ئیسماعیل عەبوش، لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەک بریاردەری لێژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی. |
| .١٥ | ٢٠٢٢/٦/٢٢ | بەشداریکردنی لە کۆبونەوەی حەوتەمی خولی بەهارە. |
| .١٦ | ٢٠٢٢/٦/٢٣ | بەشداریکردنی لە کۆبونەوەی هەشتەمی خولی بەهارە. |
| .١٧ | ٢٠٢٢/٦/٢٧ | بەشداریکردنی لە کۆبونەوەی نۆیەمی خولی بەهارە. |
| .١٨ | ٢٠٢٢/٦/٢٩ | بەشداریکردنی لە کۆبونەوەی دەیەمی خولی بەهارە. |
| .١٩ | ٢٠٢٢/٧/١٨ | دانانی تاجە گوڵینەی ڕێز و وەفای پەرلەمانی کوردستان لەسەر تەرمی خوالێخۆشبوو علی قازی محەمەد. |
| .٢٠ | ٢٠٢٢/٧/٢١ | دانانی تاجە گوڵینەی پەرلەمانی کوردستانی لەسەر تەرمی شەهیدانی هێرشەکەی پەرەخە. |
| .٢١ | ٢٠٢٢/٨/٢٣ | بەشداریکردنی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان. |
| .٢٢ | ٢٠٢٢/٨/٢٨ | بەشداریکردن لە دووەمین دیداری گەنجان خاوەن سەکۆن ـ یۆپ. |

## پاشكۆی (١٥)

# چالاكییەكانی سكرتێری پەرلەمان

| ژ | مێژوو | چالاكی |
|---|---|---|
| .١ | ٢٠٢٢/٣/١ | بەشداریكردن لە مەڕاسیمی ساڵیادی كۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی. |
| .٢ | ٢٠٢٢/٣/١ | بەشداریكردنی لە كۆبونەوەی یەكەمی خولی بەهارە. |
| .٣ | ٢٠٢٢/٣/٢ | بەشداریكردنی لە كۆبونەوەی دووەمی خولی بەهارە. |
| .٤ | ٢٠٢٢/٣/٨ | بەبۆنەی ڕۆژی ٨ی مارس، بەشداریكرد ڕۆژی جیهانیی ژنان، كەبۆ فەرمانبەران و كارمەندە خانمەكانی پەرلەمان بەڕێوەچوو. |
| .٥ | ٢٠٢٢/٣/١٦ | بەشداریكردن لە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە گیانی پاكی شەهیدانی هەڵەبجە. |
| .٦ | ٢٠٢٢/٥/٢٥ | بەشداریكردنی كۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان دەستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمانی كوردستان لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان |
| .٧ | ٢٠٢٢/٦/٢ | بەشداریكردنی لە كۆبونەوەی سێیەمی خولی بەهارە. |
| .٨ | ٢٠٢٢/٦/٧ | بەشداریكردنی لە كۆبونەوەی چوارەمی خولی بەهارە. |
| .٩ | ٢٠٢٢/٦/١٢ | بەشداریكردنی لە كۆبونەوەی پێنجەمی خولی بەهارە. |
| .١٠ | ٢٠٢٢/٦/١٥ | بەشداریكردنی لە كۆبونەوەی شەشەمی خولی بەهارە. |
| .١١ | ٢٠٢٢/٦/٢١ | ئامادەبوون بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانتار ئیدریس ئیسماعیل عەبوش، لە فراكسیۆنی پارتی دیموكراتی كوردستان وەك بریاردەری لێژنەی پەیوەندییەكان و ڕەوەندی كوردستانی. |
| .١٢ | ٢٠٢٢/٦/٢٢ | بەشداریكردنی لە كۆبونەوەی حەوتەمی خولی بەهارە. |
| .١٣ | ٢٠٢٢/٦/٢٣ | بەشداریكردنی لە كۆبونەوەی هەشتەمی خولی بەهارە. |
| .١٤ | ٢٠٢٢/٦/٢٧ | بەشداریكردنی لە كۆبونەوەی نۆیەمی خولی بەهارە. |
| .١٥ | ٢٠٢٢/٦/٢٩ | بەشداریكردنی لە كۆبونەوەی دەیەمی خولی بەهارە. |
| .١٦ | ٢٠٢٢/٨/٣ | لە تەلاری پەرلەمان بەشداریكرد لە مەڕاسیمێك بۆ یادی هەشت ساڵەی جینۆسایدكردنی كوردانی ئێزدی بەدەستی تیرۆریستانی داعش. |
| .١٧ | ٢٠٢٢/٨/٢٣ | بەشداریكردنی كۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكانی پەرلەمانی كوردستان. |

## پاشكۆى (١٦)

# پەیامی ئینستیتوتی پەی سەبارەت بە داخستنی پەرلەمانی كوردستان

## جارێكی تر پەرلەمان دادەخرێتەوە!

بەپێی یاساو بڕیارە بەركارەكان، پەرلەمانی كوردستان تاكە مەرجەعی سیاسی و دەستووری یە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەكانی گەلی كوردستانی عیراق، بەڵام جێگەی داخە پێگەكەی هەم لەلایەن هێزە سیاسییەكانەوە فەرامۆشكراوەو هەم خۆیشی فەرامۆشی كردووە و بەئەركی خۆی هەڵنەستاوە، لەبری ئەوەی كۆكەرەوەی خەڵكی كوردستان و دامەزراوەی چارەسەری قەیرانەكان بێت، خەریكە دەبێت بە دروستكەری قەیرانەكان.

ئەگەر ئاوڕێك لە رابردوو بدەینەوە، جگە لە خولی یەكەم كە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە چەند ساڵێك پەكی كەوت، لە خولی چوارەمیشدا لەئەنجامی ململانێی سیاسی لەسەر یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان، ئەو كاتە چوار لایەن كە زۆرینەی پەرلەمانییان هەبوو، لەبەرامبەردا (پدك) نەیهێشت ئیشەكان بەزۆرینەی یاسایی لەپەرلەمان بڕوات هەر بۆیەش بە زەبری هێز پەنای بردە بەر داخستنی پەرلەمان. ئەوەبوو لە ٢٠١٥/١٠/١٢ دا لە بازگەی پردێ بە هێزی چەكدار و بە زۆرەملێ رێگری لە سەرۆكی پەرلەمان كرد و نەیهێشت پەرلەمانی كوردستان كۆببێتەوە، ئەم رەوشە بەردەوام بوو تا سەروبەندی ریفراندۆم ساڵی ٢٠١٧. لەهەمان كاتدا كە پەرلەمان پەكی خرابوو، ئەندامان لە تەلاری پەرلەمان و سەرۆكیش لە نوسینگەی سلێمانی دەوامی خۆیان دەكرد و بەبێ ئەرك ئیمتیازاتەكانیان وەردەگرت.

ئێستاش لە كۆتایی خولی پێنجەمدا، ماوەی دوو مانگە پەرلەمان هیچ كۆبوونەوەیەكی ئەنجامنەداوە. بەمەش جارێكی تر پەرلەمان داخرایەوە، بەڵام ئەمجارە جیاواز لە جاری پێشوو لەسەر بڕیاری حزبێك لە دەرەوەی پەرلەمان نیە، بەڵكو لەناو پەرلەمانەوە خودی سەرۆكی پەرلەمان رایگەیاند كە كۆبوونەوە ناكات. لەكاتێكدا بەپێی وتەی بەڕێزیان چەند پرۆژە یاسایەك كە خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ كراوەو راپۆرتی لێژنەكانیشیان لەسەر نوسراوەو ئامادەن بۆ گفتوگۆو پەسەندكردن، هەروەها لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە چەندان یاداشت بەپێی ماددەی پەیرەو پێشكەش بە دەستەی سەرۆكایەتی كراون و داوای بانگهێشتی حكومەت و ئەنجامدانی دانیشتنی پەرلەمان دەكەن، كەچی سەرۆكی پەرلەمان رایگەیاند هیچ دانیشتنێك ئەنجامنادات و پەرلەمانی پەككستووە.

بیانووەكان بۆ ئەم پەككستنە لەئێستادا لەلایەن سەرۆكی پەرلەمان و چوار لایەنەكەوە هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردن و كاراكردنەوەی كۆمسیۆنی هەڵبژاردن و راپرسییە.

بەم شێوەیە ئەگەر لە خولی چوارەمدا پەرلەمان بەزەبری هێز لەكار خرابێت، بەڵام خولی پێنجەم بە بڕیاری سەرۆكی پەرلەمان پەكخراوە، لە خولی چوارەم سەرۆك رێگری لێكرا لەپەرلەمان كۆبوونەوە بكات، بەڵام ئەمجارە بەبیانوی رێك نەكەوتنی حزبەكان لەسەر یاسای هەڵبژاردن سەرۆك رێگری دەكات پەرلەمان كۆبوونەوە بكات. لێرەدا دەرەنجام و كاریگەرییەكانی ئەم پەككستنە دەخەینە روو:

**یەكەم:** لە ئێستادا سەرۆكی حكومەت هەر رۆژەو لە ولاتێكە كە دەرەنجامی سەردانەكانی مشتومڕ و ناكۆكی لێكەوتۆتەوە، كەچی پەرلەمان كارەكانی خۆی راگرتووە بەئەركی چاودێری خۆی هەڵناستێ و لەسەرۆكی حكومەت ناپێچێتەوە تا رونكردنەوە لەسەر ئامانج و ئەنجامی سەردانەكانی بدات.

**دووەم:** ململانێی توند هەیە لەسەر پرسی ناردنەدەرەوەی غازی سروشتی، كە رۆژانە لەبەردەم نێردەی ولاتان، كونسلەكان و میدیاكان، لە ئاستی ناوەوە و دەرەوە قسەی جیاواز و ناكۆكی لەسەر دەكرێ، لایەنێك ئەمڕۆ دەڵێ غازی سروشتی هەناردەی دەرەوە دەكەین، هەر ئەو لایەنە بەیانی دەڵێ غازەكەمان بەشی پێداویستی ناوخۆیی ناكات.

لەبەرامبەردا لایەنەکەی تر ڕۆژێك بەمەبەستی بەبازاڕکردنی غازەکە سەردانی ولاتان دەکات و ڕۆژی دواتر هەڕەشەی ڕێگری لە هەناردەکردنی غازەکە دەکات. کە ئەو ململانێ نادروستەی سەر میدیاکان خەریکە کوردستان بەرەو لێواری شەڕ دەبات. لەکاتێکدا ئەوە بەرپرسیارێتی پەرلەمانی کوردستانە کە تیمی حکومەت، سەرۆك و جێگرەکەی یا وەزیری سامانە سروشتیەکان یا ئەنجومەنی نەوت و گاز بانگهێشتی پەرلەمان بکات، هیچ نەبێ لەبری ئەوەی لەبەردەم کونسولی ولاتان و سەر میدیا شەڕی یەکتری بکەن، ڕوونی بکەنەوە کە ئاخۆ ئەم غازە دەفرۆشن یان نا؟ چۆنی دەفرۆشن؟ کەی دەیفرۆشن و تا چەند شەفافیەتی تیایە؟ هەر بە ڕاستی دەیفرۆشن یا سەرقاڵکردنی خەڵکە؟ کاتێك پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە ناکات، ئەنجامی ئەوە دەبێت کە بابەتێکی وا هەستیار لەبری ئەوەی لەهۆلی پەرلەماندا یەکلا بکرێتەوە دەچێتە سەر لاپەڕەی تۆرە کۆمەلایەتیەکان و دامەزراوەی دەرەوەی پەرلەمان و ناکۆکی لێدەکەوێتەوە.

**سێیەم:** دەڤەری سلێمانی لە دۆخێکی خراپدایە، پارە لە بانکەکاندا نەماوە، ڕەوشی موچەخۆران خراپەو بەبەراورد لەگەل هەولێر و دهۆك موچە زیاتر دواکەوتووە، نەخۆشخانەکان بێ دەرمانن، خزمەتگوزارییەکان وەك پێویست نین و پرۆژەکان وەستێنراون، هەموو ئەوانە دەبوایە لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر بکرێت، پێویست بوو جێگری سەرۆکی حکومەت، یا وەزیری دارایی، یا لانی کەم پارێزگاری سلێمانی، بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن، یا خۆیان و بە خواستی خۆیان ئامادەی پەرلەمان بوونایە کە هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو کێشەو قەیرانانە لە کوێدایەو کێ هۆکار و بەرپرسیارە؟ ئەگەر بەراستی سلێمانی لەلایەن (پدك)ەوە سزا دراوە، ئەوا پێویستە بەزوترین کات ئەو سزایە هەڵگیرێت. ئەگەر واش نیەو لەسلێمانی سەرچاوەی داهاتەکان دەستی بەسەردا گیراوە و ناچێتە ناو خەزێنەی حکومەتەوە، ئەوا پێویستە ڕاستییەکان بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بکرێتەوە. دیسان یەکلایی کردنەوەی ئەو پرسە ڕووپەڕی ڕۆژنامەو شاشەی تەلەفزیۆنەکان نیە، کە ڕۆژانە پەرلەمانتاران یەکتری پێ تۆمەتبار دەکەن، بەڵکو سەکۆی پەرلەمانی کوردستانە، بەتایبەتی ئەو لایەنەی گلەیی بنچینەیی هەیە لەسەر بارودۆخی سلێمانی کە (ی.ن.ك)ە، کە لە هەمان کاتدا سەرۆکی پەرلەمانیش لە حزبەکەی خۆیەتی.

**چوارەم:** سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردن، سەرجەم لایەنەکان لەگەل هەمواری یاساکەدان، بەڵام جیاوازی تێڕوانینیان هەیە سەبارەت بەچەند بابەتێك، کە ئەمەش یا دەبێت بە سازان یا بە زۆرینەی پەرلەمانی یەکالا بکرێتەوە. بەڵام ئاخۆ بە پەککستنی پەرلەمان و چوونە ماڵەوەی سەرۆکی پەرلەمان سازان دروستدەبێت؟ سازان کاتێك دێتەکایەوە کە هەوڵ هەبێت و پەرلەمان کاری لەسەر بکات. پێویست بوو کۆبوونەوەیەکی حزبە سیاسیەکان ئەنجامبدات، یا بۆ هەمان مەبەست سەردانی لایەنە سیاسییەکان بکات، هەنگاوی بۆ بنێ، نەك سەرۆکی پەرلەمان دوای هەڵوێستی حزبەکەی بکەوێت لەدەرەوەی پەرلەمان، کەئەم هەنگاوە بە پەککستنی پەرلەمان ناگاتە ئەنجام.

**پێنجەم:** کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە (٢٠١٩/١٢/٣) ەوە کە نزیکەی دوو ساڵ و نیو دەبێت ماوەی یاسایی بەسەرچووە، پرسیار ئەوەیە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٩ ەوە لە کوێ بووە تا ساڵی ٢٠٢٢ قسە لەسەر کاراکردنەوەی کۆمسیۆنەکە بکات؟ پرسیار ئەوەیە بۆچی لەو ماوەیەدا بەئەرکی خۆی هەڵنەستاوە؟ بۆ لەو ماوەیە کە فشاری پرسی هەڵبژاردن نەبووە کۆمسیۆنی کارا نەکردۆتەوە؟ سەبارەت بە تۆماری دەنگدەرانیش، لە نۆ ساڵی ڕابردوودا ئێمە وەك ئینستتوتی پەی، لەچەندین یاداشت و ڕاپۆرتدا جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە دەبێت تۆماری دەنگدەران پاك بکرێتەوە، لەکاتێکدا پرسی تۆماری دەنگدەران بەفەرمی ئەرکی کۆمسیۆنی هەلبژاردنەو کۆمسیۆنیش لەبەردەم پەرلەمان بەرپرسیارە. لە هەمان کاتدا شەش ئەندام لە کۆی نۆ کۆمسیارەکەی کۆمسیۆن سەر بەو چوار لایەنەن کە ئێستا تێبینیان لەسەر کاراکردنەوەی کۆمسیۆن و تۆماری دەنگدەران هەیە. بەپێی مادەی (١٦) ی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی، کۆمسیۆن ناتوانێ کۆبوونەوە بکات ئەگەر بە زۆرینە نەبێت. کەواتە ئەوانەی زۆرینەن و هەر ئەوانن دەیانتوانی تۆماری دەنگدەران پاك بکەنەوە بەتایبەتی کە دائیرەی ئینتیخابیش لەلای ئەوانە. لەبری ئەوەی لە ئێستادا خەڵکی کوردستان گوێ لە گلەیی و داواکاری ئەو چوار لایەنە بگرن لەسەر تۆماری

دەنگدەران، پێویستە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکەن کە بۆچی لەو چەند ساڵەی رابردوودا کە زۆرینەی کۆمسیۆنیش بوون کەچی بەئەرکی خۆیان هەڵنەستاون و تۆماری دەنگدەرانیان پاك نەکردۆتەوە لە ناوی دووبارە و مردوو و ساختە؟

لەکۆتاییدا دەگەینە ئەوەی کە لە ئەگەری ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا و درێژەدان بەم دۆخە، پەرلەمان دەکەوێتە بەردەم سێ ئەگەرەوە:

١-پەرلەمانی کوردستان بەو شێوازەی ئێستای بەردەوام دەبێت و کۆنابێتەوە تا ماوەی یاسایی کۆتایی دێت. بەمەش پەرلەمان و سەرۆکی هەرێم شەرعیەتی یاساییان نامێنێ، سەرۆکی حکومەتیش دەبێتە سەرۆکی حکومەتی کاربەرێکەر و کابینەکە لە غیابی چاودێری پەرلەمانی کوردستان لەکارەکانی خۆی بەردەوام دەبێت. پرسیار ئەوەیە ئاخۆ سەرۆکی پەرلەمان مەبەستیەتی هەرێمی کوردستان بچینە دۆخی بۆشایی یاساییەوەو پەرلەمان نەمێنێ؟ لەکاتێکدا لەسەردەمی شەڕی ناوخۆشدا بەم جۆرە نەبووە! بەمەش هەرێم و خەڵکی کوردستان سەرگەردان دەکرێن و دامەزراوەی پەرلەمان نامێنێت و حکومەت دەبێتە کاربەرێکەر و دوور لە چاوی دەسەلاتی یاسادانان و چاودێریکردن لەسەر کارەکانی بەردەوام دەبێت، لەوێشەوە مەسئولیەتی نەهێشتنی دامەزراوەی دەسەلاتی یاسادانان لە هەرێمدا لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە.

٢-لەسەروبەندی کاتی تەواوبوونی ماوەی ئەم خولەیدا، سەرۆکی پەرلەمان داوای درێژکردنەوەی ماوەی تەمەنی پەرلەمان دەکات و بەهاوکاری لایەنی بەرامبەر کە (پدك)ە. بەمەیش پرسیاری ئەوە دێتە کایە ئاخۆ پەرلەمانێك لەماوەی تەمەنی ئاسایی خۆیدا نەیتوانیبێت کارەکانی بکات بۆچی دەبێ تەمەنی درێژ دەکەنەوە؟ یا تەمەنی ئەو حکومەتە درێژدەکەنەوە کە بە حکومەتی قەیران ناسراوە؟ یان تەمەنی ئەو سەرۆکایەتی هەرێمە درێژ دەکەنەوە کە خۆی لەئاست پرس و گرفتەکان ناکات بە خاوەن؟ یان تەمەنی خۆیان وەك دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامان درێژ دەکەنەوە تا بەردەوامبن لە وەرگرتنی موچەو ئیمتیازاتەکانیان؟

٣-کۆتا ئەگەر ئەوەیە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان جوامێرانە بچێتە مەیدان و قبوڵی نەکات دامەزراوەیەك بە نایاسایی تەمەنی درێژ بکرێتەوە کە ئیشی پێ ناکرێ، موچەو ئیمتیازەکانی خۆی بخاتە لاوەو دەستلەکار بکێشێتەوە، لە هەمان کاتدا ئەندامانی پەرلەمان هاوشانی دەست لەکار بکێشنەوە بۆ ئەوەی بە ئیجباری حزبەکانیان ناچار بکەن رێك بکەون و هەڵبژاردن بکرێت، هەروەك لە برگەی چوارەمی ماددەی (١٠) ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمدا هاتووە دەڵێ ئەگەر زۆرینەی ئەندامان دەستیان لەکار کێشایەوە دەبێت لەماوەی دوو مانگدا هەڵبژاردن بکرێت. هەرچەندە لەو کاتەشدا کێشەی نەبوونی کۆمسیۆن دێتە کایەوە، بەڵام زۆر ئاساییە کۆمسیۆنی هەلبژاردنەکانی عیراق هەلبژاردنەکە ئەنجام بدەن چونکە دۆخێکی لەناکاوە.

داواکارین دۆخی خراپی ژیان و گوزەرانی خەڵك، لە دەڤەری سلێمانی بەتایبەتی و لە هەرێم بە گشتی، ململانێ سیاسییە قێزەونەکان لەسەر غاز، بەرتەسك کردنەوەی ئازادییەکان، نەبوونی خزمەتگوزارییەکان، هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن: حکومەت لە غیابی پەرلەمان ئەوەندەی دیکە دەکەوێتە ویزەی هاولاتیانەوە، بۆیە پێویستە پەرلەمان بەدەستێك کارەکانی خۆی بکاتەوەو بەدەستەکەی تریشی هەوڵی سازان بدات لەو پرسانەی کە پێویستن. هەرچەندە پێمان وایە هەمواركردنەوەی یاسای هەلبژاردن گرنگە، بەلام ناکرێت بە بیانووی بەدیموکراسی کردنی یاساکە ناوەندێکی دیموکراسی پەرلەمانە پەك بخرێت.

لێرەوە پێویستە سەرۆك و سەرۆکایەتی، فراکسیۆنەکان، سەرجەم ئەندامان، هەڵوێستی خۆیان بەیان بکەن کە ئاخۆ لەدوای تەواو بوونی ماوەیان دەمێننەوە، یا رێگەی دووەم دەگرنەبەر؟ تا لای خەلکی کوردستان روون بێت کە ئاخۆ ئەوانە دەبن بە بەشێك لەچارەسەر و فشار لە لایەنەکانیان دەکەن، یان بەردەوام دەبن لەپێناو ئیمتیازاتەکانیان. چونکە مسداقیەت و راستگۆییان لەو کاتە هەستیارەدا دەردەکەوێت و مێژوو دەینوسێتەوە.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠٢٢/٥/١**

# پەیامی ئینستتیوتی پەی لە ساڵیادی یەکەم هەڵبژاردندا

## لە (٣٠)ەمین ساڵیادی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا

(٣٠) ساڵ لەمەوبەر و لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا، یەکەم پرۆسەی دیموکراسی لە هەرێمدا بەڕێوە چوو و خەڵکی کوردستان بە ئومێدەوە بۆ داهاتوویەکی گەش، بەرەو سندوقەکانی دەنگدان هەنگاویان نا. بەڵام بەداخەوە، بەتێپەڕ بوونی کات ئەم خەونە ئاڵۆ والایە کاڵ بوویەوە، ئەو دامەزراوە باڵایە ساڵ بە ساڵ لاوازتر، دەستەمۆتر و فەرامۆشکراوتر، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سست تر، لە ئەنجامدانی ئەرکە یاساییەکانی کۆڵەوارتر و لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنیدا لە چادێریی دەسەلاتی جێبەجێکردنیشدا بێ دەسەلاتتر بووە. خول لەدوای خول متمانەی لای دەنگدەرانی بەرەو نزمی دەچێت، بەڵگەی زەقیش بۆ ئەمە دابەزینی بەردەوامی ڕێژەی بەشداربووان و دەنگدەرانی و لەدەستدانی متمانەیەتی لای خەڵکی کوردستان.

بەپێی یاساو بڕیارە بەرکارەکان، پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستوورییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق، بەلام لەبری ئەوەی کۆکەرەوەی خەڵکی کوردستان و دامەزراوەی چارەسەری قەیرانەکان بێت، خەریکە دەبێت بە دروستکەری قەیرانەکان.

پەرلەمانی کوردستان جگە لە خولی یەکەم کە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە چەند ساڵێك پەکی کەوت، لە خولی چوارەمیشدا لەئەنجامی ململانێی سیاسی لەسەر یاسای سەرۆکایەتی، بەرامبەر خواستی چوار لایەن کە زۆرینەی پەرلەمانییان هەبوو، (پدك) ڕێگەی نەدا پرسەکە بەزۆرینەی یاسایی یەکلا بکرێتەوە، بۆیە بە زەبری هێز ڕێگری لە سەرۆکەکەی کرد و پەرلەمانی پەکخست. ئێستاش لە کۆتایی خولی پێنجەمدا، نزیکەی سێ مانگە پەرلەمان کۆنەبۆتەوەو جارێکی تر بەبیانووی پرسی هەمواری یاسای هەڵبژاردن و کاراکردنەوەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان پەکخراوە، ئەگەر خولی ڕابردوو سەرۆك ڕێگری لێکرابێت کۆبوونەوەی پەرلەمان بکات، ئەمجارەیان سەرۆك ڕایدەگەیەنێت ڕێگەنادات کۆبوونەوەی پەرلەمان بکرێت.

لەم یادەدا کە پەرلەمان ڕووبەڕووی قەیرانێکی تر بۆتەوە، بەپێویستمان زانی لەپێناو ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان بۆ خەڵکی کوردستان، چەند ڕاستییەك سەبارەت بانگەشەی هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

**یەکەم:** تەواوبوونی وادەی کۆمسیۆنی هەلبژاردن: لە هەرێمی کوردستاندا کۆمسیۆنی هەلبژاردنەکان بەرپرسیارە لە پرۆسەی هەڵبژاردن، ئەو ئەرکەش لەلایەن خودی پەرلەمانەوە بە یاسا بە کۆمسیۆن سپێردراوە. بەڵام ئەو کۆمسیۆنە لە (٢٠١٩/١٢/٣) تەمەنی یاسایی تەواو بووە، لە هەمان کاتدا شوێنی دوو کۆمسیار (لەسەر پشکی پارتی) چۆل بووە کە یەکێکیان سێ ساڵە بە پلەی وەزیر بۆتە وتەبێژی حکومەت و ئەوەی تریشیان دوو ساڵە کۆچی دوایی کردووە.

کەچی پەرلەمانی کوردستان دووای دوو سال و نیو لە چۆل بوونی کورسی و بەسەرچوونی ماوەی یاسایی تازە بەتازە قسە لەسەر کارا بوون و نەبوونی کۆمسیۆن دەکات. لەلایەکی ترەوە بەهەمان شێوە (پدك)یش دوای ئەو ماوە زۆرە لە بەسەرچوونی ماوەی یاسایی کۆمسیۆنەکەو چۆل بوونی دوو کورسیان، کە زۆرینەن لە پەرلەمان و بەرنامەی کاریش لە دەسەلاتی خۆیاندایە، تازە قسە لەسەر کاراکردنەوەی کۆمسیۆن دەکەن! ئەمانە دەریدەخەن کە بانگەشەی پەرلەمان و لایەنە سیاسیەکانی ناوپەرلەمان لە ئێستادا لەسەر کاراکردنەوەی کۆمسیۆن خەمساردی و سورنەبوونیان لەسەر هەلبژاردن دەسەلمێنی نەك پێچەوانەکەی.

**دووەم:** سەبارەت بە پاك كردنەوەی تۆماری دەنگدەران، لە نۆ ساڵی رابردوودا ئێمە وەك ئینستتوتی پەی، لەچەندین یاداشت و راپۆرتدا جەختمان لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە دەبێت ئەو تۆمارە پاك بكرێتەوە، لەكاتێكدا كۆمسیۆن لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسیارە لە پاكردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بۆیە ئەركی پەرلەمان بوو لەماوەی تەمەنی یاسایی كۆمسیۆندا كاری جدی كردبا بۆ پاك كردنەوەی تۆمارەكە، بەڵام نەیكرد. لەهەمان كاتدا كە كۆمسیۆن لە (٩) كۆمسیار پێكهاتووە، (٦)ی سەربە چوار لایەنی سیاسی (یەكێتی، گۆڕان، كۆمەل و یەكگرتوو)ن و (٣)ی سەربە پارتین، كۆی پۆستەكانی تریش تا دوا فەرمانبەری لەسەر هەمان بنەماو شێوەی پشك پشكێنە دابەشكراون. بەپێی یاساكەی، كۆمسیۆن ناتوانێ كۆبوونەوە بكات ئەگەر بە زۆرینە نەبێت. كەواتە چوار لایەنەكە زۆرینەن و هەر ئەوان دەیانتوانی تۆماری دەنگدەران پاك بكەنەوە. كۆبوونەوەكانی كۆمسیۆنیش بەپێی یاسا بە زۆرینە دەبەسترێت، زۆرینە واتە (٥) كورسی، لەكاتێكدا ئەو چوار لایەنە (٦) كورسان هەیەو دانەیەكیش زیادە. جگە لەمانە (كارگێڕیی هەڵبژاردن) لە نێو كۆمسیۆندا كە بەرپرسی راستەوخۆیە لە پاككردنەوەی تۆمارەكە بەرپرسەكەی هەر لای ئەم چوار لایەنەیە.

بەم شێوەیە دەبینین ئەو چوار لایەنەی زۆرینەی كۆمسیۆن و كارگێڕیی هەڵبژاردن و هێزی یاساییان هەیە بۆ ئەنجامدانی كۆبوونەوە، كەچی ئەوانن گلەیی لەسەر تۆماری دەنگدەران دەكەن. بۆیە ئێمە پێمان وایە ئەو بانگەشەیان دەنگ وەختە و پێویستە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بكرێ لەسەر پاك كردنەوەی تۆمارەكە نەك گلەییان لێ وەربگیرێ، چونكە ئەو كۆمسیۆنە دوو ئەندامی پارتی هەر تیا نەبووە و پارتی جدی نەبووە لە كاراكردنەوەی، كەواتە گەر بە گریمانە بڵێین پارتی لەپێناو پاك نەكردنەوەی تۆماری دەنگدەران سور نەبووە لەسەر كاراكردنەوەی كۆمسیۆن، ئەی چوار لایەنەكەی تر بۆچی كەوتنە بەرەو ستراتیجی پارتی و هەوڵی پاككردنەوەیان نەدا!؟

**سێیەم:** بەپێی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان، سەرۆكی هەرێم بەرپرسیارە لە داواكردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، بەرێزیشی لە ٢٠٢٢/٣/١ نوسراوی ناردووە بۆ پەرلەمان و داوای كردووە لە ٢٠٢٢/١٠/١ هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ئەنجامبدرێت، پێمان وایە ئەم نوسراوە تەنها بۆ دوورخستنەوەی لێپرسراوێتی یاساییە لەسەریان و هیچ سوربوونێكی تیا نیە لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن. لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١-لەكاتێكدا پارتی لەدەستەی سەرۆكایەتی زۆرینەیە و گەورەترین فراكسیۆنی پەرلەمانیە، بەلام لەگەڵ گەیشتنی نوسراوەكەی سەرۆكی هەرێم سەرجەم كۆبوونەوەكان راگیران و پەرلەمان پەكی خرا.

٢-دووای پەككستنی پەرلەمانیش لەكاتێكدا زۆرینەی دەستەی سەرۆكایەتی لای پارتیە و فراكسیۆنەكەی پارتی هیچ هەوڵێكیان نەدا بەمەبەستی تاوتوێی نوسراوەكەی سەرۆكی هەرێم و كاری جدی لەسەر ئامادەكاریەكانی هەڵبژاردن. لەكاتێكدا پەیرەوی ناوخۆ ئەو مافەی داوە كە بەرنامەی كار بە زۆرینە دادەنرێ، لەلایەكی ترەوە پێشینەی یاسایی هەیە پەرلەمان لە ئەنجامدانی كۆبوونەوە بەبێ رەزامەندی سەرۆكی پەرلەمان لەسەر بڕگەیەكی بەرنامەی كار. كە لە پێشوودا پەرلەمانی كوردستان بەم شێوەیە كاریكرد بۆ وەرگرتنی پارێزبەندی لە پەرلەمانتار سۆران عومەر.

بەمەش دەردەكەوێت هەم نوسراوەكەی سەرۆكی هەرێم و هەم پەككستنی پەرلەمان بە هەماهەنگی و رێككەوتنی یەكێتی و پارتی لە هەردوو سەرۆكایەتی كراوە. ئەو وتەیەی سەرۆكی پەرلەمان لەسەر ساختەكاری لەسەروبەندی هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی نوێنەران كردی و دواتر لەناو دانیشتنی پەرلەمان فراكسیۆنەكان داوای رونكردنەوەیان لێكرد، سەرۆكی پەرلەمان وتی: ئێوە مەبەستان ئەوەیە پێوەندی ئێمە لەدەستەی سەرۆكایەتی تێكبدەن، بەلام بەم قسانە تێكناچێت. بەم پەككستنەی پەرلەمان پەیوەندییەكەیان بۆ پێشێلی یاساو كوشتنی دیموكراسی بە كردار سەلماند.

**لەبری پەككستن دەبوایە پەرلەمان چی بكردایە؟**

١-دۆخی دارایی سلێمانی بەگشتی و موچە خۆران بەتایبەتی لە دۆخێكی خراپدایە، لەمەش خراپتر شێواندنی حەقیقەتی هۆكاری سەرەكی و ونكردنی لێپرسراوی سەرەكی ئەم دۆخەیە. لەكاتێكدا دەبوایە پەرلەمان گفتوگۆ و لێپرسینەوەكان بەێنە ناو پەرلەمان لەبری میدیا، بزانێ هۆكاری دواكەوتنی موچە چیە؟ بۆچی داهات كەمە؟ بۆچی داهات ناگەرێتەوە؟ بۆچی

باج له سلێمانیەوە دەچێتە هەولێر؟ بۆچی ئەو پارەیەی لەهەولێرەوە دەنێردرێتە سلێمانی دابەشناکرێت؟ ئەی چۆن لە شەو و رۆژێکدا کێشەی موچە چارە کرا؟ ئەی پێشتر کێ ئەو پارەیەی راگرتبوو؟ ئایا سیولە نەبووە یا بڕیارەکە سیاسی بوو؟ حزب پارەکەی بردبوو و هێنایەوە یا لەهەولێرەوە پارە ناردرا؟

٢-ململانێی سیاسیی لایەنەکان لەسەر گازی سروشتی خەریکە لایەنەکان بەرەو شەڕی ناوخۆ ببات، لەبەردەم نێردەی ولاتان و کونسلەکان و میدیاکاندا هەرەشە ئاراستەی یەکتری دەکەن، لەکاتێکدا دەبوایە پەرلەمان بانگهێشتی ئەنجومەنی نەوت و گازی بکردایە کە دوو نوێنەری یەکێتی دووی پارتی یەکی گۆڕان ئەندامن تیایدا، لە پەرلەمان و پرسیار و لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرایە کە ئاخۆ گاز دەفرۆشن؟ بەکێی دەفرۆشن؟ چۆنی دەفرۆشن؟ کەی دەیفرۆشن و تا چەند شەفافیەتی تیایە؟ هەر بە راستی دەیفرۆشن یا تەنها سەرقاڵکردنی خەڵکە؟

٣-هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن بۆ فرە بازنە کارێکی باشە، بەڵام بۆچی؟

وەلامی ئێمە جیاوازە لەگەل وەلامی لایەنە سیاسیەکان. ئێمە پێمان وایە پەرلەمانتار دەبێ نوێنەری خەلکی ناوچەکەی خۆی بێت و بەدەنگیانەوە بچێت. ئەرکەکانی لەناوچەیەکی جوگرافیی تەسکدا کورت بکرێتەوە تا بەسەریان رابگات و سنورەکەش بناسن. فرە بازنە دەبێتە مایەی ئەوەی پەرلەمانتاری پۆپۆلیست کەم بێتەوە، لەبەر ئەوەی پەرلەمانتار ئەگەر سنورێکی بچوکی خۆی هەبوو زەحمەت تر دەتوانێ بەم پۆپۆلیستیە هەلسێت کە لە بازنەیەکی فراواندا دەیکات، بێ ئەوەی ئیش بکات سەختە قەناعەت بە خەلك بکات. بەلام رای ئەو لایەنانەی کەدەلێن بۆ دیموکراسی باشە، یا کورسی لایەنێك کەم و زۆر دەکات، ئەمە جگە لە بیانوێك زیاتر هیچی تر نیە. چونکە لە کوردستان سەلماوە هەر لایەنێك زۆرینەش بێنێ ناتوانێ بەبێ لایەنەکەی تر حکومەت دروست بکات. لەبەر ئەمری واقیعی دوو زۆنی. کەواتە هەریەك لە یەکێتی و پارتی ئەگەر بەتەنها زۆرینەی پەرلەمانیش بەدەست بێنن ناتوانن بەبێ ئەوی تریان حکومەت پێکبێنن. خۆ ئەگەر لەبەر هەر دۆخێك توانیان بەبێ یەکتر حکومەتیش پێکبێنن، ئەوا ناتوانن هیچ یەکێکیان لەناوچەی زۆنی یەکتری حوکمرانی بکەن. هەموو بڕیارەکانی زۆنی سەوز لای یەکێتیە ئەگەر زۆرینەش نەبن لەناو حکومەتدا و بەپێچەوانەشەوە. جگە لەمانە، مێژووی سیاسی لە ١٩٩٢ تاکو ئێستا پێمان دەلێ ئەم دوو هێزە هیچ کامیان نایانەوێت ببنە ئۆپۆزسیۆن، تا بترسن لەوەی دەبن بە کەمینە یا زۆرینە. کەواتە لە بنچینەدا هیچ مەترسیەك لەسەر دیموکراسی نیە ئەگەر هێزێك ببێتە زۆرینە، لە راستیدا یەکێ لە خالەکانی دیموکراسی بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی زۆرینە و کەمینەیە. لەبەر ئەوەی ئەوانە هەرچەندە بێنن هەر بەیەکەوە حکومەت دروست دەکەن، کەواتە شەڕی زۆرینە لەسەر دیموکراسی نیە وەك بانگەشەی بۆ دەکەن، بەلکو لەپێناو پشك و ئیمتیازات و کێکی دەسەلاتە. رونتر بلێیین پارتی و یەکێتی ئەگەر یەکێکیان چەند کورسیەکیش لەوەی تریان زیاتر بێنێت کێشە نیە چونکە دواتر کورسیەکانیان کۆ دەکەنەوە.

لێرەوە دوو هێزە سەرەکییەکە دوای وتارەکەی (جنین پلاسخارت) لە نەتەوە یەکگرتووەکان، تێگەیشتن کە فشاری ناوخۆیی و دەرەکی لەسەر دەسەلاتیان هەیە، بۆیە هەلمەتی راگەیاندنیشیان لە دژی یەکتری راگرت (کە مایەی خۆشحالّیە) و کۆبوونەوەکانیشیان پەیوەندی بەو فشارانەوە هەیە کە لەسەریانە. بۆیە لە ئێستادا دەیانەوێت دەست بە کۆبوونەوەکان بکەنەوە لە پەرلەمان، بەلام بەبێ کاراکردنەوەی کۆمسیۆن و هەمواری یاسای هەلبژاردن، دەیانەوێت ئاراستەکە بەرەو ئەو شوێنە بەرن کە بە بیانووی کارانەبوونی کۆمسیۆن و هەموار نەکردنی یاسای هەلبژاردنەوە تەمەنی پەرلەمانی کوردستان درێژ دەکەنەوە.

لەم رەوشە ناهەموارەدا، درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بە کارێکی دیموکراتی و خزمەت بە خەلکی کوردستان نازانین، چونکە پەرلەمان بەمەبەست ئامادەکارییەکانی هەلبژاردن ناکات نەك بەهۆکارێك لەدەرەوەی ئیرادەدابێت. جگە لەمە زۆر کەس و لایەن قسەیان لەسەر چاکسازی و گەرانەوەی پارەو داهات دەکرد لەپەرلەمان، وەك دەسکەوتێکی ئەم خولە باسیان دەکرد، لەکاتێکدا کۆی ئەو پارانەی لەو خولەدا گەڕاوەتەوە ناکاتە کۆی موچە و نەسریەی پەرلەمان و پەرلەمانتاران ئەگەر بۆسالێك درێژ بکرێتەوە. چونکە پەرلەمانی کوردستان کاتێك کاتی زیادەی پێ دەدرێت چی کارێك

دەکات؟ لەکاتێکدا لەماوەی تەمەنی ئاسایی خۆیدا کاری نەکردبێت، ئیتر بۆچی تەمەنی درێژ دەکەنەوە؟ کاتێك ماوە درێژ دەکرێتەوە کە کارێکی گرنگ هەبێت و لەکاتی بنچینەدا پێرانەگەیشتبێت. نەنگیە کاتی بۆ درێژ بکرێتەوە بەبیانووی تەواوکردنی کارە تەواونەکراوەکانی.

**بۆیە پەرلەمانتاران چەند رێگەیەکیان لەبەردەمە:**

١-لەدەرەوەی فشار و رێگریی لایەنە سیاسیەکان بە ئەرکە یاساییەکانی خۆیان هەلسن بۆ کاراکردنەوەی کۆمسیۆن و هەمواری یاسای هەلبژاردن و ئەنجامدانی هەلبژاردن لە زوترین کاتدا.

٢-راکێشانی کارتی هەڕەشەی دەستلەکار کێشانەوەی زۆرینەی پەرلەمانتاران بەرامبەر هێز و لایەنە سیاسیەکان بۆ ئەوەی لە زوترین کاتدا بگەنە سازان و رێکەوتن بۆ ئەنجامدانی هەلبژاردن، وەك دروستکردنی فشارێکی دیموکراتی و جێبەجێکردنی ئەرکێکی یاسایی، بۆ سەلماندنی ئەو رایەی کە رێگری هەیە لە ئەنجامدانی هەلبژاردن و کاراکردنی پەرلەمانەوە.

لە کۆتایی ئەو بەدواداچوونەدا چاوەرێی هەلویست و رۆلی جوامێرانە لە بەشێك لەو پەرلەمانتارانە دەکەین کە دەیانەوێ بەکردار نوێنەری گەل و پەرۆشی یاسا و پاراستنی دیموکراسی بن.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**
**٢٠٢٢/٥/١٩**

## پاشکۆی (١٨)

# یادداشتی ئینستتیوتی پەی بۆ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان

## لە نامەیەکدا پلاسخارت لە مەترسییەک ئاگادار دەکرێتەوە

## بەڕێز/ جێنین پلاسخارت، نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق

## بابەت/ سەرنجێك سەبارەت هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

پاش سڵاو و ڕێز...

ئێمە وەك ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لە ڕابردوودا لە چەندین یاداشت و بەیاننامە کێشە و چارەسەر و هەنگاوەکانی بەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانمان خستۆتە ڕوو. بەڕێزیشتان لە چەند مانگی پێشوودا دوو جار لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکان کۆبوونەتەوە و بەرچاوتان ڕوونە لە ووردەکارییەکان، بۆیە پێویست ناکات جارێکی تر ئێمە کێشەوگرفتەکان بە ووردی باس بکەین، بەڵکو قسە لەسەر هەنگاوی چارەسەر کردن و ئەرکی ئێوە لەو چوارچێوەیەدا دەکەین.

بەڕێز خاتوو پلاسخارت... ڕوونە ئێستا کەمتر لە دوو مانگ ماوە بۆ ئەو وادەیەی سەرۆکی هەرێم دیاری کردبوو بۆ ئەنجامدانی خولی شەشەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی یاساش کۆمسیۆن شەش مانگی پێویستە بۆ ئامادەکارییەکان، جگە لەوە کێشەی کارانەکردنەوەی کۆمسیۆن و هەمواری یاسای هەڵبژاردنیش وەك خۆی ماوەتەوە، کەواتە ئەوانە بەڵگەی بەهێزن کە هەڵبژاردن ناکرێت. هاوکات تەمەنی شەرعیەتی یاسایی هەر سێ دامەزراوەی (پەرلەمان ، حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم) کەمتر لە سێ مانگی ماوە. لە هەمان کاتدا بەهۆی بوونی کاری پێشینەی هێزە سیاسییەکان لە درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان بە بیانووی جیاجیا (کە هیچ کام لە هەڵبژاردنەکانی هەر پێنج خولی ڕابردوو لەوادەی خۆیاندا ئەنجامنەدراون)، ئەوا بە دڵنیاییەوە هێزە سیاسییەکان تەمەنی ئەم خولەی پەرلەمان درێژ دەکەنەوە.

بەڕێز خاتوون... ئێمە پێمان وایە پەرلەمانی کوردستان و هێزە سیاسییەکان لە ڕابردوودا کاتێکی زۆریان لەبەردەم بوو بۆ چارەسەری کێشەکانی بەردەم هەڵبژاردن و ئەنجامدانی لە کاتی خۆیدا، بەڵام خەمساردانە هەنگاویان ناو لەسەرەتاوە کردیان بە بیانوو بۆ دواخستنی هەڵبژاردن و سەرکەوتووش بوون لەو هەنگاویان کە هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا نەکرێت، بۆیە ئێستاش ڕێگەدان بۆ درێژکردنەوەی ماوەی کارکردنی هەرسێ دامەزراوەکە بە بێ چارەسەری کێشەی کۆمسیۆن و یاسای هەڵبژاردن، خولانەوەیە لە بازنەی بۆشدا، بۆ نمونە ئەگەر ساڵێك زیاتر یان کەمتر تەمەنی کارکردنیان درێژیش بکرێتەوە، ئەوا ساڵی داهاتوو جارێکی تر هەمان کێشە (کاراکردنەوەی کۆمسیۆن و هەمواری یاسای

هەڵبژاردن) دووبارە دەبنەوە بە لەمپەر بۆ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن و بیانوێك دەبن بۆ هێزە سیاسییەكان كە دووبارە هەڵبژاردن دوادەخەن و تەمەنی پەرلەمان درێژ دەكەنەوە. واتە درێژ كردنەوە بێ چارەسەری گرفتەكان هەنگاوێكی ترە بۆ ئەوەی هێزەكان خەم ساردتر بجوڵێنەوە لە داهاتوو وە هاوكاریان دەبێت درێژە بە چارەسەر نەكردنی ئەو گرفتە بدەن بۆ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن.

بۆیە بەڕێز پلاسخارت ئێمە داواكارین لە بەڕێزتان درێژكردنەوەی ماوەی كاری دامەزراوەكان پەنای بۆ نەبردرێت، ئەگەر لە پێشەكیدا گرفتەكان چارەسەر نەكرێن، یاخود هاوكات بەیەكەوە بكرێنە یەك پاكێج. واتە درێژكردنەوەی ماوەی كاری دامەزراوەكان، لەگەڵ دیاریكردنی وادەی هەڵبژاردن، كاراكردنەوەی كۆمسیۆنی هەڵبژاردن، هەمواری یاسای هەڵبژاردن، لە پێناو ئەنجامدانی هەڵبژاردنی بێت، نەك لەدوای درێژكردنەوەكە باس لە چارەسەركردنی گرفتەكانی بەردەم هەڵبژاردن بكرێت.

بەداخەوە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا هێزە سیاسییەكان بەمەبەست كاتیان بەفیڕۆدا بە مەرامی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆیدا. هەر بۆیە لە ئێستادا ئەركی بەڕێزتانە هاوكاری درێژكردنەوەی تەمەنی پەرلەمانێك نەبن بەبێ چارەسەری كێشەكانی بەردەم هەڵبژاردن كە خواستی زۆرینەی خەڵكی كوردستان و بەشێك لە هێزە سیاسییەكانە. بە پێچەوانەوە هەوڵەكانی بەڕێزتان لەم پرۆسەیەدا دەبێتە بەشێك لەو سیناریۆیەی هێزە سیاسییەكان كە دەیانەوێت درێژە بە دواخستنێكی تری هەڵبژاردنەكان بدەن لە ئاییندەدا.

لەگەڵ ڕێزدا

***__وێنەیەك بۆ:__***

-سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان.

-سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان.

-سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان.

-كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و ڕاپرسی.

-سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەكان.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**
**٢٠٢٢/٨/٧**

# لە بڵاوکراوەکانی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان

**یەکەم: بە زمانی کوردی:**

١- خستنەڕووی ١٠١ گیروگرفتی پەروەردەیی لەپێناو چارەسەرکردنیان، نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٤.

٢- گرفتەکانی خوێندنی باڵا و گەڕان بەدوای چارەسەردا، خستنە رووی (١٤٠) گرفت، لە نامەیەکی کراوەدا بۆ وەزیری خوێندنی باڵا، هەولێر، ٢٠١٤.

٣- دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا، گرفت و چارەسەر، هەولێر، ٢٠١٤.

٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یەکەم، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٤)، هەولێر، ٢٠١٤.

٥- کاری هاوبەشی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.

٦- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دووەم، (١/٩/٢٠١٤-٢٠١٥/٢/٢٨)، هەولێر، ٢٠١٥.

٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی سێیەم، (١/٣/٢٠١٥- ٣١/٨/٢٠١٥)، هەولێر، ٢٠١٥.

٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی چوارەم، (١/٩/٢٠١٥- ١٢/١١/٢٠١٥)، هەولێر ، ٢٠١٥.

٩- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی پێنجەم، (١/٩/٢٠١٥-٢٠١٦/٢/٢٩)، هەولێر ، ٢٠١٦.

١٠- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی شەشەم، (١/٣/٢٠١٦- ٣١/٨/٢٠١٦)، هەولێر ، ٢٠١٦.

١١- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی حەوتەم، (١/٩/٢٠١٦-٢٠١٧/٢/٢٨)، هەولێر ، ٢٠١٧.

١٢- چاودێری کردنی پەرلەمان لە ڕوانگەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە، راپۆرتی هەشتەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٣- تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەنێوان بێگەردی و ساختەکاریدا ، راپۆرتی نۆیەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دەیەم، (١/٣/٢٠١٧- ١٥/١١/٢٠١٧)، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٥-رەوشی خوێندنی پیشەیی لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٦- خوێندنی ناحکومی لەنێوان کوالیتی و بازرگانیدا، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یانزەهەم، (٦/١١/٢٠١٧- ٦/٣/٢٠١٨)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دوانزەهەم، (٦/٣/٢٠١٨- ٦/١١/٢٠١٨)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٩- پەروەردە لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٠- خوێندنی باڵا لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢١-راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یەکەم، دەنگدانی تایبەت، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٢- راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دووەم، دەنگدانی گشتی، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٣- هەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی سیانزەهەم، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٨)، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٤-راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یەکەم لە خولی پێنجەم، (٦/١١/٢٠١٨-٣١/٨/٢٠١٩)، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٥- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دووەم لە خولی پێنجەم، (١/٩/٢٠١٩-٢٠٢٠/٢/٢٩)، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٦- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی سێیەم لە خولی پێنجەم، (١/٣/٢٠٢٠-٣١/٨/٢٠٢٠)، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٧- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی چوارەم لە خولی پێنجەم، (١/٩/٢٠٢٠-٣١/١٢/٢٠٢٠)، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٨- راپۆرتی چاودێریی دەستەسەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان پەیوەستبوون بە یاساو پێشێلکاریدا، راپۆرتی پێنجەم، هەولێر، ٢٠٢١.

٢٩- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی شەشەم لە خولی پێنجەم، (١/٣/٢٠٢١-٣١/٨/٢٠٢١)، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣٠-راپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمان، راپۆرتی حەوتەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، (١ی ئازار ٢٠٢٠ بۆ ٢٨ی شوباتی ٢٠٢١)، هەولێر، ٢٠٢١.

٣١- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی هەشتەم لە خولی پێنجەم، (١/٩/٢٠٢١-٢٠٢٢/٢/٢٨)، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣٢- راپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمان، راپۆرتی نۆیەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، (١ی ئازار ٢٠٢١ بۆ ٢٨ی شوباتی ٢٠٢٢)، سلێمانی، ٢٠٢٢.

٣٣- راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دەیەم لە خولی پێنجەم، (١/٣/٢٠٢٢-٣١/٨/٢٠٢٢)، سلێمانی، ٢٠٢٠.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**


١- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول، (٦/١١/٢٠١٣–٦/١١/٢٠١٤)، اربيل، ٢٠١٤.

٢- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني، (١/٩/٢٠١٤–٢٨/٢/٢٠١٥)، اربيل، ٢٠١٥.

٣- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث، (١/٣/٢٠١٥– ٣١/٨/٢٠١٥)، اربيل، ٢٠١٥.

٤- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع، (١/٩/٢٠١٥– ١٢/١١/٢٠١٥)، اربيل ، ٢٠١٥.

٥- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الخامس، (١/٩/٢٠١٥–٢٩/٢/٢٠١٦)، اربيل ، ٢٠١٦.

٦- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السادس، (١/٣/٢٠١٦– ٣١/٨/٢٠١٦)، اربيل ، ٢٠١٦.

٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السابع، (١/٩/٢٠١٦–٢٨/٢/٢٠١٧)، اربيل ، ٢٠١٧.

٨- تقرير الرقابة علي البرلمان من وجه نظر نواب برلمان كوردستان، التقرير الثامن، اربيل ، ٢٠١٧.

٩- سجل الناخبين في اقليم كوردستان بين النقاء والاحتيال ، التقرير التاسع، اربيل ، ٢٠١٧.

١٠- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير العاشر، (١/٣/٢٠١٧– ١٥/١١/٢٠١٧)، السليمانية، ٢٠١٧.

١١-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الحادي عشر، (٦/١١/٢٠١٧– ٦/٣/٢٠١٨)، اربيل ، ٢٠١٨.

١٢-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني عشر، (٦/٣/٢٠١٨– ٦/١١/٢٠١٨)، اربيل ، ٢٠١٨.

١٣-تقيم اعمال الدورة الرابعة لبرلمان كوردستان، التقرير الثلاثة عشر، (٦/١١/٢٠١٣–٦/١١/٢٠١٨)، اربيل ، ٢٠١٩.

١٤-تقرير الرقابة على انتخابات الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان، التقرير الاول، التصويت الخاص، السليمانية، ٢٠١٨.

١٥-تقرير الرقابة على انتخابات الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان، التقرير الثاني، التصويت العام، السليمانية، ٢٠١٨.

١٦-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول للدورة الخامسة، ، (٦/١١/٢٠١٨–٣١/٨/٢٠١٩)، اربيل ، ٢٠١٩.

١٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني للدورة الخامسة، ، (١/٠٩/٢٠١٩–٢٩/٠٢/٢٠٢٠)، اربيل ، ٢٠٢٠.

١٨- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث للدورة الخامسة، (١/٠٣/٢٠٢٠–٣١/٠٨/٢٠٢٠)، اربيل ، ٢٠٢٠.

١٩-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع للدورة الخامسة، (١/٩/٢٠٢٠–٣١/١٢/٢٠٢٠)، اربيل ، ٢٠٢٠.

٢٠- تقرير مراقبة الهيئات المستقلة في اقليم كوردستان بين الالتزام بالقوانين والانتهاكات، التقرير الخامس، اربيل، ٢٠٢١.

٢١-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السادس للدورة الخامسة، (١/٠٣/٢٠٢١–٣١/٠٨/٢٠٢١)، اربيل ، ٢٠٢١.

٢٢-تقرير تقييم اداء اعضاء البرلمان ، التقرير السابع ، الدورة البرلمانية الخامسة (١ آذار ٢٠٢٠ لغاية ٢٨ شباط ٢٠٢١)، اربيل، ٢٠٢١.

٢٣-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثامن للدورة الخامسة، (١/٩/٢٠٢١–٢٨/٢/٢٠٢٢)، السليمانية ، ٢٠٢٢.

٢٤-تقرير تقييم اداء اعضاء البرلمان ، التقرير التاسع ، الدورة البرلمانية الخامسة (١ آذار ٢٠٢١ لغاية ٢٨ شباط ٢٠٢٢)، السليمانية ، ٢٠٢٢.

٢٥-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير العاشر للدورة الخامسة، (١/٣/٢٠٢٢–٣١/٨/٢٠٢٢)، السليمانية ، ٢٠٢٢.


**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:**


1- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2014-6/11/2014), Erbil, 2014.

2- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Second report, (1/9/2014-28/2/2015), Erbil, 2015.

3- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Third Report, (1/3/2015-31/8/2015), Erbil, 2015.

4- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fourth Report, (1/9/2015-12/11/2015), Erbil,2015.

5- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fifth report, (1/9/2015-29/2/2016), Erbil,2016.

6- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Sixth Report, (1/3/2016-31/8/2016), Erbil,2016.

7- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Seventh Report, (1/9/2016-28/2/2017), Erbil,2017.

8- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Eighth report, Erbil,2017.

9- Voters Registration Records between Transparency and Fraud, , Ninth Report, Erbil,2017.

10- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Tenth report, (1/3/2017-15/11/2017), Sulaymaniyah,2017.

11- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eleventh report, (6/11/2017-6/3/2018), Erbil,2018.

12- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Twelfth report, (6/3/2018-6/11/2018), Erbil,2018.

13- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , first report, Sulaymaniyah,2018.

14- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , Second report, Sulaymaniyah,2018.

15- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Thirteenth report, (6/11/2013-6/11/2018), Erbil, 2019.

16- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2018-31/8/2019), Erbil, 2019.

17- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The second report,(1/9/2019-29/2/2020), Erbil, 2020.

18- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The third report,(1/3/2020-31/8/2020), Erbil, 2020.

19- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The Fourth report,(1/9/2020-31/12/2020), Erbil, 2020.

20- Independent Boards of Kurdistan Regional Government Between Commitment to the law and violations, , Fifth report, Erbil, 2021.

21- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Sixth report,(1/3/2021-31/8/2021), Sulaymaniy, 2021.

22- MPs Performance Assessment Report, Seventh Report, 5th Parliamentary Session, (1/3/2020-28/2/2021), Erbil, 2021.

23- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eighth report,(1/9/2021-28/2/2022), Sulaymaniy, 2022.

24- MPs Performance Assessment Report, Ninth Report, 5th Parliamentary Session, (1/3/2021-28/2/2022), Sulaymaniy, 2022.

25- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Tenth report,(1/3/2022-31/8/2022), Sulaymaniy, 2022.

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

ئینستیتیوتی پەی لە(26یتشرین دووەمی2013) لەلایەن فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستانەوە تۆمارکراوە، ئینستیوتێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویست.

پەی بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەوایەکی پێگەیشتوو. ئینستتیوت مەبەستیەتی، لەرێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات بۆ باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێك بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لە هەرێمی کوردستان.

## کورتەیەک لەسەر پرۆژەکانی ئینستتیوتی پەی:

1. پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.
2. پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان.
3. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە.
4. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا.
5. پرۆژەی چاودێریکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.
6. پرۆژەی چاودێریکردنی دەستە سەربەخۆکات لە هەرێمی کوردستان.
7. پرۆژەی چاودێری جێبەجێکردنی سیاسەت و رێوشوێنەکانی باجی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان.

بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

ژمارە (82)




www.payinstitute.org